
کتێبخانە

# فەلسەفەی ئومێد

ئومێد حەمەعەلی



Scanned with CamScanner

کتێبخانە
پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران



# فەلسەفەی ئومێد

Scanned with CamScanner

ENDÊŞE
ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە

**ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە**

**بەڕێوەبەری گشتیی ناوەند: هەژار مەجید**

**بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: سیروان مەحمود**

ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەریی ئەندێشە - ناوەندی بڵاوکردنەوەی ئەندێشە
سلێمانی - شەقامی مەولەوی - تەلاری بازرگانیی سیروانی نوێ - نهۆمی چوارەم
http://www.endeshe.net
andesha.library@yahoo.com ● andesha@outlook.com
http://www.facebook.com/Andeshalib
07501026400

Scanned with CamScanner

کتێبخانە
پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران



# فەلسەفەی ئومێد

ئومێد حەمەعەلی

ENDESE

Scanned with CamScanner

ناوی کتێب: فەلسەفەی ئومێد
ناوی نووسەر: ئومێد حەمەعەلی
بابەت: فیکر
نیگاری بەرگ: فەرزانە عەلی عەباس
نۆبەتی چاپ: یەکەم ٢٠١٨
چاپخانە: ئەندێشە
تیراژ: (١٠٠٠) دانە
نرخ: (٥٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (١٦٠٩)ـی ساڵی (٢٠١٧)ـی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزراوە©
بەبێ ڕەزامەندیی ئەندێشە، هیچ لایەنێک ڕێگەپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا گەر بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە بێت.

Scanned with CamScanner

پێشکەشە بە پروشەیەک بەفر و تنۆکێ ئاو

ئەو دووانەی منیان گەیاندەوە بە خۆم

Scanned with CamScanner

بووەتـەوە و چـۆن ئینسـان گەیشـتۆتە ئاسـتێک هەمـوو پەیوەندییـەک لـە ڕوانگـەی حـەز و چێژخوازییـەوە تەماشـا ئـەکات؟ ئایـا ئـەوەی جێرمـی بێنتـام لەبـارەی چێـژەوە ئـە ئەڵێـت ڕاسـتە، چێـژ بنەمایـە و پێـوەرە؟ ئایـا داغانبوونـی پەیوەندییـەکان بەرئەنجامـی ئـەم فەلسـەفە لەواقیعدازاڵبـووەی هەنـاوی مرۆڤـی ئـەم سـەردەمە نییـە؟ یەکێـک لـە بنەچینەیترین کێشـەی ئـەم جـۆرە بیرکردنەوەیـە گلۆرکردنـەوەی ئینسـانە بـەرەو خەرەنـدی غەریـزە ئاژەڵییـەکان وڕێخۆشـکردنە بـۆ پەرەسـەندنی سـەیرکردنی دونیـا لـە گۆشـەنیگایەکی ئاژەڵییـەوە، کـە پێـک هاتـووە لـە نابەرپرسـیاریتی و بێباکیـی ئەخلاقییانـە لـە ئاسـت ئـەو قوربانییانـەی لـە ئەنجامـی کـردە و پەرچەکردارەکانمانـەوە دەکەونـەوە. بەریەککەوتنـی ویـژدان و بیرکردنـەوە و سـتایلی زاڵـی ژیانـی ئـەم چەرخـە لـە ئازادییـەوە سـەرچاوەی گرتـووە. کێشـە لێـرەدا خـودی ئـازادی نییـە، بەڵکـوو تەفسـیرکردنی ئـازادی بـەو شـێوەیەی هەرکەسـێک لـە پەیوەندیـی خـۆی و دەوروبەرەکەیـدا دەیەوێـت بەرجەسـتەی بـکات، کێشـەکەیە. ئازادیـی ویـژدان پرەنسـیپێکی بێئەمـلاولای مرۆڤایەتییەکـی بـەرزە، بـەڵام نابێـت ئەوەمـان بیـر بچێـت کێشـکردنی مانـای ئـازادی وەک ئـەوەی هەرکەسـێک بیەوێـت بـە خاتـری سەرڕێخسـتنی حـەز و بێویژدانییەکانـی خـۆی لەبەرامبـەر کەسـانی تـردا بیگرێتـە بـەر، نـەک بەتەنیـا واتایـەک بـۆ ئـازادی ناهێڵێتـەوە، تـا ئەندازەیەکـی مەترسـیدار ویـژدان وەک پێـوەر و ئەخلاقـە باڵاکانـی نـاوەوەی ئینسـان هەڵدەوەشـێنێتەوە.

سـیمای ئـەم سـەردەمەمان بێویژانـی و لەکارانەبوونـی

بەهابا لاکانی پێکهێنەری ویژدانە. ئەمە وا لێک نادرێتەوە، کە بێویژدانیکردن تەنیا دەرکەوتەیەکی ئەم چەرخەی ئێمەیە، بەلام هەندێک هەل و مەرجی کۆمەلایەتی و کولتووری و فیکری سازگارییەکی باشتریان بۆ حوکمی بێویژدانی دەستەبەر کردووە، چونکە ئەرگۆمێنت و پاساوە حازربەدەستەکان بە ناوی ژیانی مۆدێرن و ئازادیی کەسی و هەڵبژاردنی شتێک لەبریی شتێکی تر، کەسێک لەبریی کەسێکی تر وایان کردووە ویژدان جەوهەری خۆی ون بکا و بێویژدانی لە فۆرمی ئازادیدا خۆی بەرجەستە بکات. لە ئێستادا لەجیاتیی پەرەپێدانی ئازادیی ویژدان بەئازادانە هەڵوەشاندنەوەی ویژدان لەئارادایە و ئیشی خۆی لە مرۆڤیایەتیدا بەڕێوەدەبات. ویژدانێکی ڕەسەن ناتوانێت قبوڵی تێپەڕبوونی بێئاستەنگ و بێلێپرسینەوەی بێویژدانییەکانی مرۆڤ بکات. ویژدان لە یەکەم پێناسی خۆیدا کەسییە و پەیوەندیی ئینسان و جیهان، پەیوەندیی ئینسان و ئەوانی تر لەبێژنگ ئەدات.

ویژدان ڕێکخەری ئازادیی کەسیی هەموو ئینسانێکە و پاسەوانی ئازادیی پۆزەتیڤە. تەنیا ویژدان ئەتوانێ ڕێگە لە خراپبوونی ئازادی بگرێت. ویژدانی هەر ئینسانێک سەروەرە بەسەر ئازادیی خۆیەوە، کاتێک ویژدان ئەم سەروەربوونە لەدەست دەدات، ئیدی سەردەمی تاوان دەست پێ دەکات. کۆتاییی مرۆڤ فۆرمی جیاوازی هەیە، یەک لە خراپترین کۆتاییەکانی کۆتاییی ویژدانی ئەوە. ئەگەر گریمانەی ئامادەییەکی ئەپریۆرییانەی ویژدان قبوڵ بکەین ئاساییە، بەلام ناکرێت ڕەهەندێکی بنچینەییی سەرهەڵدان و

پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییانەشی فەرامۆش بکەین، کە ویژدان بوونێکە لە بەرئەنجامی گەشەکردنی بەها و ئەخلاقی مرۆییەوە پێک هاتووە. ئەخلاق لێرەدا حاکمە و بە شێوەیەکی نائایدۆلۆژییانە داوەریی چاکە و خراپە ئەکات. پێویستە لەسەر ئەوە بوەستین کە ویژدان و ئەخلاقی مرۆیی لەم سەردەمەی ئێمەدا لە چ ڕەوش و ئاستەنگێکی گەورەدا ژیان دەکات.

ئەخلاقی ئەم سەردەمە بووەتە بەشێکی بناغەیی لەو بیرکردنەوە و فەرهەنگە ناجێگیر و پرێیشکالیەتەی، کە لە ئاستێکی فراواندا خۆی لەسەر ئەوەی ئێستا هەیە، چێژ و بێمۆراڵی بینا کردووە. سەرباری ڕوانینی جیاواز لەبارەی جەوهەر و سەرچاوەی ئەخلاقەوە، بەڵام ناکرێت دەستنیشانی هیچ شتێک بکەین وەک ئەخلاق بەبێ بوونی پایە و پرەنسیپی گەردوونی و سەقامگیر. کێشەی بیرکردنەوەی پاشمۆدێرنە هەڵوەشاندنەوەی بناغە و سەقامگیرییەکانە بەتایبەتیش لە پرسی ئەخلاقدا. ئەم سەردەمە جۆرێک ئینسانی بەرهەم هێناوە تا ئەندازەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری و پەروەردەی فەلسەفەی ژیانی کۆمەڵگەی هاوچەرخی ڕۆژئاوادایە، کە سەرباری هەرڕەهەندێکی پۆزەتیڤ، داغان بووە بە پرتووکان و داخورانی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی. زاڵبوونی ئەم داخوران و پرتووکانە ئەخلاقییە لە هەموو کۆمەڵگەکانی جیهاندا کارکردی ڕێژەیی خۆی داناوە و خەریکە کۆمەڵگە و خێزان دەگۆڕێت بۆ تاکەکەسی پەراگەندەی بێدەربەستی کۆمەڵایەتی.

گرینگە مرۆڤ لەوە تێبگات ئەخلاق پرسێکی ئایدۆلۆژی

نییـە. هەندێـک بـۆ ئـەوەی ئەخـلاق لـە بۆتەیەکـی ئایدۆلۆژیدا ڕابگـرن و بیکەنـە چەکێکـی کۆمەڵایەتـی و تەنانـەت سیاسـیش لەپێنـاو کۆنتڕۆڵـی کۆمەڵگـەدا بـەردەوام لـە هەوڵـی ئـەوەدان شوناسـێکی دیاریکـراو بـە ئەخـلاق ببەخشـن. ئەوانـەی دژی ئایدۆلۆژیـا و لـە هەمـان کاتـدا دژی پایەداربوونـی ئەخلاقـن گەرەکییانە وێنای ئەخلاق بکەن وەک ئامرازی کۆنتڕۆڵکردنی تـاک و کۆمەڵگـە لەلایـەن ئایدۆلۆژیـا و دەسـەڵاتەوە. ئـەم گروپـە لـە بنچینـەدا مەبەسـتیان دەربازبوونـە لـە ئەخـلاق و ئـەو دەربەسـتبوون و پابەندێتییانـەی بۆیـان پێـش دەهێنێـت. ڕەنگـە شـوێنی خـۆی بێـت دەربڕینێکـی ئەدیبـی بەناوبانگـی ڕوس دەستەیڤسـکی بەیـاد بهێنینـەوە، کـە گوتوویەتـی، "ئەگـەر خـودا نەبێـت هەمـوو شـتێک ڕێگەپێـدراوە." ناوەڕۆکـی ئـەم قسـەیە پڕاوپـڕ ناوەڕۆکێکـی ئەخلاقییـە. ئـەو خـودا وەک پێـوەر و وەک پرەنسـیپی ژیـان تەماشـا دەکات. خـودا لـەم دەربڕینـەی دەستەیڤسـکیدا، مانایەکـی قووڵـی ئەخلاقـی بـە جیهـان و بـە بوونـی مـرۆڤ ئەبەخشـێت. پێـم وایـە، ئەگـەر بمانەوێت تێگەیشـتنێکی ڕۆشـنتر لەبـارەی ئەخـلاق و گرێـدراو لەتـەک ناوەڕۆکـی ئـەو دەربڕینـەدا پیشـان بدەیـن، ئەکرێـت بـەم شـێوەیە بینووسـینەوە، "ئەگـەر ئەخـلاق نەبێـت، هەمـوو شـتێک ڕێگەپێـدراوە." ئەخـلاق لێـرەدا زەمینیکردنـەوەی پرەنسـیپی خودایە لـە دەربڕینەکـەی دەستەیڤسـکیدا.ڕەنگە ئـەم زەمینیکردنەوەیـە بـاش بێـت بـۆ ئـەوەی بتوانیـن بەرخـوردی تۆکمەتـر لەگـەڵ پێویسـتی و پایەدارێتیـی پرەنسـیپە ئەخلاقییەکانـدا بکەیـن بـۆ دامەزراندنـی مرۆڤایەتییەکـی پڕتـر و ژیانێکـی سـەقامگیرتری کۆمەڵایەتـی.

کێشـەی ئێمـە لـەم چەرخـی زاڵبوونـی بێتەحەمولییـەدا ئەوەیـە نامانەوێت بـاری قورسـی ئەخـلاق و دەربەسـتییەکانی لەئەسـتۆ بگریـن. بوونێکـی مرۆیـی وەهـا لـە پانتاییـی دونیـادا منـەت و شـانازی بەسـەر زەمیندا ئـەکات، کە پێی وایە هەمـوو شـتێک ئـەو بوونیـادی نـاوە و هەمـوو شـتێکیش مافـی ئـەوە، ئەگـەر ئەمانەڕاسـتیی گەورەشـیان لەخۆیانـدا هەڵگرتبێـت، واتـای هەمـوو شـتڕێگەپێدراوە ناگەیەنێت. یەکێـک لـە پرسـە بەزۆرلەبیرکراوەکانـی ئـەم سـەردەمە ڕووداوی مردنـە. هەڵبـەت ئـەم فەرامۆشـکردنەی مـەرگ لـە فەلسـەفەی ژیانـی ئێسـتادا بـە بیانـوی گێڕانـەوەی ماهیـەت و قورسـاییە بـۆ ژیـان، بـە پاسـاوی زیاتـر پێداگری و نرخاندنـی قووڵتـری ژیانـە، پێیـان وایـە ئەگـەر بیرکردنـەوە لـە مـردن فەرامـۆش بکەیـن ژیـان پایەدارتـر و سـازگارتر دەکەیـن. بەبـڕوای مـن، ئـەم فەرامۆشـییە بەشـێکە لـەو زاڵبوونـەی بێدەربەسـتی و بـێ پرەنسـیپی ئەخلاقـی جێگیـر بەخۆیانـەوە بینیـوە. شـیاو نییـەڕووداوی مـردن بکەینـە فاکتەرێـک بۆڕەزیلکردنـی ژیـان. بـەڵام قبوڵکردنی مردن وەک فاکتەرێک و پرەنسـیپێکی مۆڕاڵی، کـە ژیانمـان بەنرختـر و ئەخلاقیتـر و مرۆڤانەتـر بـکات، ئەکرێـت چەندیـن ئەرگۆمێنتـی لەسـەر بهێنینـەوە. پەیوەندیـی ئەخـلاق و مـردن هاوشـێوەی پەیوەندیـی ئەخـلاق و ژیـان بناغەییـە، نادیدەگرتنـی هـەردوو پەیوەندییەکـە، یـان پشتگوێخسـتنی یەکێکیـان هـۆکاری ناهاوسـەنگی و کەمسـەیرکردنی یەکێـک لـە ژیـان و مردنـە. فەرامۆشـکردنی ژیان هیـچ بەهـا و مانایەکـی زیاتـر بـە مـردن نابەخشـێت، هـەر وەک چـۆن فەرامۆشـکردنی مردن هیـچ کارکردێکـی جەوهـەری باشـە بـۆ ژیـان زیـاد نـاکات.

ئەخلاق لەنێوەندی هەریەکێک لەو فەرامۆشکردنانەدا ناتوانێت ئامادەیی ڕاستەقینە و سەروەربوونی تەواوی خۆی لە بوونی مرۆڤدا بەرجەستە بکات.

مرۆڤ لە ئێستادا بەردەوام سەرقاڵی دۆزینەوە وڕێزکردنی ئەرگۆمێنتی فشەڵە بۆ بێمۆڕاڵی و بێدەربەستییەکانی خۆی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانیدا بەگشتی لەژێر سایەی ژیانی ئازادانە و چێژوەرگرتن و مافی گۆڕینی هەموو شت و کەسێک بە شت و کەسێکی دیکە. ئەوەی بۆ ئێمە گرینگە لە ڕووی بەرپرسیارێتیی فیکری و ئەخلاقیشەوە ئەوەیە ناسینی ورد و دروستی ئەم فۆرمەی ژیان پێش بخەین و ئەزموونی ژیانێکی جیاوازتر بهێنینە ئاراوە.

یەکێک لە کێشە بنەڕەتییەکانی مرۆڤی ئەم سەردەمە پەوەندی و جیهانبینیەتی سەبارەت بە حەقیقەت، کە زیاتر دیدێکی لاواز و تەنکە لە توانای بینین و قەبوڵکردنی حەقیقەتی گەردوونیدا نییە، چونکە حەقیقەتی گەردوونی تا ڕادەیەک سنووربەندی دەرچوون و لادانە مۆڕاڵی و بێدەربەستییەکانی مرۆڤ ئەکات، وا دەکات مرۆڤ نەتوانێت چێژ و بەرژەوەندی و بێویژدانیی کەسییانەی خۆی بکاتە ئاسۆی بەرجەستەکردنی هەرچییەک خۆی ئەیەوێت. مرۆڤی ئەم چەرخە بوونێکی نامۆیە بە حەقیقەت، ڕەنگە دەربڕینێکی دژوار بێت بەو حوکمەی داوەریکردنێکی گەورەی تێدایە. کێشەی مرۆڤی ئەم سەردەمە ئەوەیە هەموو شتێک وەک ماف و حەقی خۆی دەبینێت. مرۆڤ پێی وایە هەموو شتێک چێژ و ئارەزوو بەڕێوەی دەبات، هەر بۆیە ئەم بوونە کۆمەڵایەتییە داغانبووە ئامادەیی کوشتنی هەموو

ژیانێکی هەیە، ئامادەیی وردوخاشکردنی هەموو پێکهاتێک و بەڵێنێکی کۆمەڵایەتیی هەیە، ئامادەییی ساختەکردن و ساختەقبوڵکردنی هەموو شتێکی هەیە، لەخۆڕا نییە ژیان لەسەر زۆربەی ئاستەکان ناکۆمەڵایەتی و نائینسانی بووە. بیردیایڤ پێی وایە هەتا دێت ویژدانی تاکەکەسی لەم جیهانەدا لەناو دەچێ و ئیجگار کەم گوێ بۆ دەنگی ویژدان دەگیرێت. لەم کتێبەدا ئیشکردنمان لەبارەی چەمکی "بەرئاوەڵایی"یەوە بە مەبەستی دەرخستنی لە لایەکەوە جۆرێکی تەفسیرکردن و بەرجەستەکردنی ئازادییە و لە لایەکی دیکەوە، هەوڵدانە بۆ شیکردنەوە و ناساندنی فۆرمی باڵای ژیانی ئەم سەردەمە و ئەرگومێنتە بناغەلەقەکانی مرۆڤی ئالوودەی بەرەڵایی و ژیانی بێدەربەستانە.

کتێبی *فەلسەفەی ئومێد*، نایەوێت و ناشتوانێت خۆشبینی و بەرچاوڕوونیی ڕەها ئاوەڵابکاتەوە، تەنیا ویستێکی هەبێت ئەوەیە ڕاچڵەکینێکی بچووک لەبیرکردنەوەماندا پێک بهێنێت. سەرەتای کرانەوەمان بە ڕووی جیهاندا گەلێک واقوڕمان و سەرسووڕانمان بۆ پێش هاتووە و بۆ پێش دێت، ئەم کرانەوەیە هەوڵێکە بۆ ئاشنابوون و نەسڵەمینەوە لەو ئاشناییە بەتەواوی کێشە و نابووتبوونەکانی ئینسانی ئەم سەردەمە، نەترسانە لەوەی حەقیقەتی خۆمان ببینین. ئەگەر مرۆڤ توانیبای لە زۆر ئاستدا حەقیقەتی خۆی ببینێت کەمتر لەسەر فەرامۆشکردن و بێحورمەتیکردن بە حەقیقەت بەردەوام ئەبوو. بەڵام مرۆڤ و لە ناوویشیاندا زۆرێک لەو کاراکتەرانەی خوێندنەوە ورەخنەی ئەم سەردەمە ئەکەن، بەتەواوی ئالوودەی چێژ و بێدەربەستییە مۆڕاڵی و

ناشرینییە گەورەکانی ئێستایان بوون و بە ناوی ئازادییەوە هەمان پاساو و ئەرگومێنتی خەڵکی گشتی بۆ بێویژدانی لە فۆرمی ئازادیدا دەهێننەوە.

لە کۆتاییدا ئومێدەوارم لەمڕێگەیەوە بتوانم گفتوگۆیەکی ناخەکییانە بۆ هەریەکێکتان پێش بهێنم و بە هەمان شێوە دۆخێکی باشی مشتومڕ لەمیانەی خوێندنەوەی ئێوەدا لەگەڵ بابەتە نمایشکراوەکانی کتێبەکەدا دروست بکەم.

کتێبخانە
پێگەیەک بۆ خزمەتکردنی خوێنەران و نووسەران



Scanned with CamScanner

# تەوەری یەکەم

# فەلسەفەی ئومێد: کرانەوە بە ڕووی جیهاندا

Scanned with CamScanner

## سەرهەڵدانی ئومێد لە هەناوی نائومێدییەوە لە بیری ئێرنست بلۆخدا[1]

جیهانی ئێستا بەم ژیانەی تیایدایە ناتوانێ ئاسۆکانی ئومێد و ئارامی ڕۆحی و کۆمەلایەتیمان فەراهەم بکات. جیا لە کێشە بوونیادییە بوونەوییەکانی مرۆڤ، دارزانی ئینسان لە ڕووی مۆراڵی و ڕۆحییەوە، داغانبوونی پێکهاتەی کۆمەلایەتی و پەیوەندییەکان، بەربلاوبوونەوەی نەخۆشییە هەمەڕەنگەکان و کارکردی ترسناکی تەکنەلۆژیا لەسەر ناواخنی ژیان، پەرەسەندنی تیرۆریکی هەمەلایەنی کاولکار، کێشە ناوخۆییەکان و تێکچوونی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، زیاتر دەرکەوتن و بەرجەستەبوونی سەرەتاکانی جەنگێکی دیکەی جیهانی مەترسیدار و چەندین مەترسی و ئاڵۆزی تر بوونەتە فاکتەری بێئومێدیی گەورەی ئینسان، بەلام لە

---

١ ئێرنست بلۆخ: لە سالی ١٨٨٥لەدایک بووە. فەیلەسوف، کۆمەڵناس و وتارنووسی نیۆمارکسیستی ئەڵمانییە. دامەزرێنەری فەلسەفەی ئومێد و "ئۆنتۆلۆژیای هێشتانەبوون"ە. یەکەم نووسینی فەلسەفی خۆی لە تەمەنی سیازدە سالیدا بلاو کردۆتەوە. لەو کاتەدا هەڵگری ئایدیای سۆسیالیستی بوو. لە تەمەنی چواردە سالیدا لەگەل ڕۆزالۆکسەمبۆرگ ئاشنا بووە. بلۆخ لە سالی ١٩٧٧ مردووە.

لایەکی دیکەوە، کێشەکان و فاکتەرەکانی نائومێدی دەبنەوە کەرەستە و ماتێریالی جووڵانەوە و دەستپێکی بیرکردنەوە و گەڕانەکانی مرۆڤ بەشوێن ئاسۆ و دەرچەی تازەی ئومێدبەخش و ڕزگارییەخش. تایبەتمەندیی سەرەکیی ژیانی ئینسان خۆیەتی کە هیچ ڕەوش و مەرجێکی دژوار بەر بە بوونی چاوەڕوانییەکانی ناگرێت، چاوەڕوانی بەبێ ئەوەی مرۆڤ بییەوێت یان نا دێتە ئاراوە و بەم شێوەیە داینەمۆی بنچینەیی بەردەوامێتی و وزەبەخشی گێڕانەوەی ئومێدە بۆ ژیان. ئێرنست بلۆخ یەکێک لەو فەیلەسوفانەیە، کە دان بە ئامادەیی ئومێد و چاوەڕوانی لە مرۆڤدا دەنێت و بە ئامادەبییەکی ئۆنتۆلۆژی لەقەڵەمی دەدات.

ئێرنست بلۆخ لە پەرتوکی *پرەنسیپەکانی ئومێددا* نووسیویەتی، بیرکردنەوە دەربارەی باشترین شت بە شێوەیەکی بنەڕەتی و خاوێن پرۆسێسێکی ناخەکی "من"ە. ئەمەش گەواهیدەری ئەوەیە، کە بە هێندەی ئەو گەنجێتییەی لە مرۆڤدا ئەژی، هێندەش ئومێد و چاوەڕوانی تێیدا شاراوەیە. ئەم ئومێد و چاوەڕوانییانە نایانەوێت لە خەودا نوقم بن، هەر چەندە هەندێ جار بەو شێوەیە و لە خەودا ئەسپاردەکراون. تەنانەت لەلای هەرە بێ هیوابووەکان چاوەڕوانی و ئومێد بەتەواوی ڕووەو "هیچ" نەڕۆیشتوون و گلۆرنەبوونەتەوە. خۆکوژ، کە دەکەوێتە ناو ڕەتدانەوەی ژیانەوە، گەیشتنە ناو باوەش و پەنایەک پەلکێشی کردووە؛ ئەو چاوەڕوانی هێمنی و ئارامییە[1] . لەژێر ڕووناکیی بیرکردنەوەی بلۆخدا دەتوانین ئەوە دابڕێژینەوە، کە وەکو چۆن ئومێد دۆخێکی ناوەکییانەی من و بوونی مرۆیی خۆیەتی، بە هەمان شێوە

نائومێدیش هەمان نیشتمانی هەیە. دونیا بە تایبەتمەندی و بارومەرجە دیاریکراوەکانییەوە نەخشی خۆی لەسەر پرۆسەی ئومێد و نائومێدیی مرۆڤ دادەنێت، هەمان ئەو دونیایەش دەتوانێ بەکاریگەریی ئومێد و نائومێدی، خەون و چاوەڕوانییەکانی مرۆڤەوە نەخشی خۆی بگۆڕێ، یان دروستتر گوزارشتی لێ بکەین، نائومێدی و بوونی ئومێدی مرۆڤ لە توانای کاریگەریدانان و کەموزۆر گۆڕینی دونیادایە. ئێمەی ئامادەبووی ئەم مێژووە پڕ قەیران و کێشە قووڵانە ناکرێ لەم پرس و چارەنووسانە خۆمان بدزینەوە. ئەم چەرخەی ئێمە پێویستی بە ئومێد و نائومێدییەکانمان هەیە. هیچ زەمانێک نییە لە ناواخنیدا هەڵگری نائومێدیی گەورە نەبێت، هیچ نائومێدییەکیش نییە نەتوانێ زەمینە و بناغەی سەرهەڵدان و لەدایکبوونەوەی ئومێد بێت.

چەمکی ئومێد بنەڕەتی و گرنگە بۆ بیرکردنەوە و پرۆژەی بوونی مرۆڤ[1] لە جیهان و قابیلیەتی ئەوەی هەیە خوێندنەوە و تێگەیشتنی خۆمان لەو ئاستەدا فراوان بکەین بەو مەبەستەی سەبارەت بە کێشەی ژیان و مانا باشتر ڕوانین و پراکتیکی ژیانمان بوونیاد بنێین. ئەو چەمکەی مرۆڤ بەبەردەوام، جا بە ساختە بێت یان بە ڕاستەقینە، بوون و ژیانی خۆی لەسەر دامەزراندووە، ئەو مانایەیە کە ئومێد بە

١ پرۆژەی بوونی مرۆڤ: ئەم گوزارەیە لە فەلسەفەی هایدیگەردا جێگەیەکی گرینگی هەیە لە پەیوەند بە بوونی مرۆییەوە. مرۆڤ لە ڕوانینی ئەم فەیلەسوفەدا وەک پرۆژەی بوونی خۆی لەقەلەم دەدرێت. بونی مرۆڤ لێرەدا پرۆژەیەکی کراوەی ڕوو لە پێئایندەیە و بە دایناميکیەتە بنەڕەتییەکەیدا دەناسرێتەوە. هایدیگەر مردن وەک کۆتاییی ئەو پرۆژەی بوونە دەهێنێتە زمان.

مرۆڤی دەبەخشێت، یان خودی ئەو چەمکە بە ژیانی مرۆڤی بەخشیوە. ڕەنگە بەهەڵەدا نەچین ئەگەر خودی "ئومێد" وەک ئەو هێزە لەقەڵەم بدەین، کە بەردەوام وزەی ژیانکردنی ساتێکی دیکەی داهاتووتر دەدات بە مرۆڤ. بلۆخ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە ئومێد پرۆسێسێکی ناخەکییانەیە، ئەمەش گرنگییەکی ئۆنتۆلۆژیی بنەڕەتی[1] هەیە لە پەیوەند بە بوونی مرۆڤەوە، چونکە ئەم بیریارە ئومێد لەناو خودی "من"ی مرۆڤ خۆیا بەرجەستە و سەقامگیر دەکات. ڕەنگە تەنها ئەوە گرنگ نەبێت کە ئومێد لە "من"دا جێگەی گرتووە، بایەخە ئۆنتۆلۆژییەکەی لەوەدایە، کە مرۆڤ خۆی و بوونی مرۆڤ خۆی ماڵی ڕەهای بوونی ئومێدە، سەرچاوەکەی تەنها بوونی مرۆڤ خۆیەتی، نەک بوونی ئەوانی دیکە. ئەمەش پەیوەستە بەو تاقانەبوون و تەنهاییە بوونەوییەی ئەوەوە لە جیهان، ئەم تاقانەبوونە مرۆڤ ناچار دەکات بەوەی هیچ شوێنێک، هیچ "من"ێکی دیکە لەبریی "من"ی خۆی، یان جگە لە "من" و "بوون"ی خۆی هیچ "من" و "بوون"ی کەسانی دیکە نە بە "ماڵ" و نە بە "بنەما" نەگرێت. ئەمەش وەک بلۆخ خۆی هێمای پێ کردووە، گەواهی دەدات سەبارەت بەو بوونە هەمیشەییەی "ئومێد" هەیەتی و دەشیپارێزێ لە مرۆڤدا. ئەم چاوەڕوانی و ئومێدانە مرۆڤ نایەوێ هەمیشە لە خەوناکانا بیانهێڵێتەوە، بەڵکو بەردەوام دەیەوێت سەربکێشنە

---

١ ئۆنتۆلۆژیای بنەڕەتی: تێمێکی سەرەکی فەلسەفەی هایدیگەرە. ئەم گوزارشتە فەلسەفییە دەری دەخات، کە چۆن بوون لە بوونی مرۆڤدا و ئێکزیستێنسێدا دەر دەکەوێت. ئۆنتۆلۆژیای بنەڕەتی بناغەیە بۆ پرسیار دەربارەی بوون، کە لە بنەمای هەموو فۆرمەکانی تری پرسیاری میتافیزیکییانە و فەلسەفییانەدایە.

واقیع و بترازێن لەوەی تەنها ئایدیا، خەون و خەیاڵ بن. ئەمەش وای کردووە، سەرباری ئەوەی هەندێ جار هەر خەون و خەیاڵ بوونەتە گۆڕی چاوەڕوانی و ئومێد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تا کۆتایی مومکینیەتی بوونی مرۆیی ئەم خەونانە لە جەنگی ئەوەدان بەتەنها خەون و خەیاڵ نەبن. هەنووکە لەوە تێدەگەین، کە ئومێدەواربوون لە سەردەمی تاریکی و وردوخاشبوونی ئومێددا دیاردە و پرۆسەیەکی پووچ و سەرپێییانە نییە، بە پێچەوانەوە بناغەدار و مێژووییە و دەتوانێت دەرفەتی هاتنەدەرەوە لە قۆزاخەی خەون و چاوەڕوانییەکانەوە بدۆزێتەوە بۆ سەر زەمینی واقیع. کەواتە مەرج نییە خەون و ئومێدەکانی ئینسان لە دۆخی خەونبوون و تیۆریدا بمێننەوە، هەر ئەمەش تۆوی لەدایکبوونی ئومێدێکی دیکەیە لە ئاست مومکینیەتی بەرجەستەبوون و هاتنەئارای خەون و ئومێدەخوازراوەکانماندا.

ئەو مرۆڤانەی وزەی ژیانکردن بزر دەکەن و هیوایان کۆتایی دێت، یان ئەوانەی خۆیان بە خۆکوژی دەگەیەننە کۆتایی، هێشتا ئومێدەوارن، تەنانەت ئەم ئومێدە ئەشێ تەنها لەو ئارامی و هێمنییەدا بێت، کە خۆکوژ گەرەکیەتی بە تێپەڕاندنی ژیان دەستی بکەوێت. ئەمەش وا دەکات بلۆخ پێی وا بێ ئەم جۆرە بێئومێدییانە بەتەواوی بەرەو "هیچ"[1] گلۆر نابنەوە، چونکە گلۆربوونەوە بەرەو "هیچ" و

---

١ هیچ: تێگەیشتن لە هیچ لە فەلسەفەی ڕۆژهەڵاتیدا و لە فەلسەفەی بودیزمدا "نیرڤانا" لێکچوونێکی زۆری لەگەڵ چەمکی "هیچ" لەلای هایدیگەر و سارتەر هەیە. هیچ لێرەدا نەبوونی نییە، بەڵکو دۆخێکە مرۆڤ بە هاتنی بۆ جیهان تێیدایە و پێویستە مامەڵەی لەگەڵ بکات لە ڕێگەی هەڵبژاردنەکانی خۆیەوە، کە سارتەر بە ئازادی لەقەڵەمی

کەوتنە نێو هیچەوە مرۆڤ دەکاتە جێگرەوەی هیچ، ئەمەش ئەو ڕاستییە ڕۆشن دەکاتەوە کە مرۆڤی بە "هیچ" بوو، نە دەتوانێ ئومێدەوار و نە دەتوانێت بێئومێد بێ. ئەگەر مرۆڤ دانیشتووی ڕاستەقینەی بوون نەبێ هەرگیز ئومێد و نائومێدییەکانی ڕەسەن و سەربەخۆ و سەربەستانە نابن. نائومێدی نیگەرانییە بوونەوییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤە، کە پڕاوپڕن لە ئومێد و هیوای هێشتا لە ئاییندەدا بوو. ئاییندە دەتوانێت وا بکات ژیان هەمیشە ئێستاکانی خۆی بگوزەرێنێ، ئەگەرنا "ئێستا" لە باشترین ڕەوشی خۆیدا لە توانای پێدانی شیاوێتیی بووندا نییە. سنوورداربوونی مرۆڤ لە "ئێستا"دا ئەگەرەکانی مردنی فراوانتر دەکات. خاڵێکی جەوهەری لە پەیوەند بە بوونی ئومێدەوە خەسڵەتی کات خۆیەتی بەگشتی، ئەگەر ڕابردوو، ئێستا و ئاییندە وەک هەر سێ دۆخەکەی کات تەماشا بکەین یارمەتیمان دەدات لە ڕۆشنکردنەوەی ناوەڕۆکی چەمکی ئومێددا، چونکە جیا لە نیگەرانییە بوونەوییەکانی مرۆڤ، هەموو کێشە و غەمە واقیعییەکانی دونیا لەناو کاتدا ژیان دەکەن و یاسای کاتیان بەسەردا دەچەسپێت. هەموو کێشە و غەمێک کێشە و غەمێکی مێژووییە، کات تەحەکومیان پێوە دەکات. کێشەکان ئەگەرچی ڕەگوڕیشەی مێژووشیان هەبێت، بەڵام لە پەیوەند بە ئێمەوە لە ئێستادان، هەموو ئێستایەکیش مەحکومە بە تێپەڕبوون بەرەو ڕابردوو، لێرەوە ئاسۆکانی ئومێد دەر دەکەون. لەگەڵ

---

دەدات. هیچ وەک مومکینیەتێکی بناغەیی دەر دەکەوێت، کە مرۆڤ لە ڕێگەی پڕۆژەی بوونی خۆیەوە بەگەڕی دەخات و دازاینی خۆی لەسەر دادەمەزرێنێت.

ئەوەشدا، مرۆڤ خۆی بوونێکە ڕووەو ئایندە و ئێستا دوایەمین مەنزڵی مانەوەی مرۆڤ نییە، ئەمەش پێمان دەڵێت دەکرێت لە ئایندەدا ئەزموونی ژیان و دونیایەکی جیاوازتر بکەین. ئایندە وەک کات وزەبەخشی ڕاستەقینەی جەوهەری ئومێد و چاوەڕوانییەکانی مرۆڤە.

بلۆخ لەبارەی خەون و خەیاڵەکانی مرۆڤەوە وا بیر دەکاتەوە، کە لە توانای دەرفەت بەخشیندان بە پرۆسەی ئومێد لە ژیانی مرۆڤدا، ئەمەش لەبەر ئەوەی فەزای کراوە و ئاوەڵا لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی ئاوەڵاوە لەدایک دەبن و هەموو چوارچێوەداربوون و داخرانێک تەنها بەسەر واقیعێکی دیاریکراودا دەبێتە بەربەست لە بەردەم هەموو ئەگەرەکانی کرانەوە بە ڕووی ئایندەدا. ئومێد پرۆژەی بوونی مرۆییە و خەسڵەتی ئۆنتۆلۆژییانەی بنەڕەتی ئومێد هەمان دۆخی پرۆژەی بوونی مرۆڤە. بلۆخ پێی وایە، ئەوەی ئەشێ لە خەیاڵ و خەونەکاندا بسووڕێتەوە و بڵند ببێتەوە، ئەو خەونانەی شیاوی بەرجەستەبوونن لە واقیعدا و زۆر جاریش خاوەنی هیچ هاوشێوەییەک نین لەگەڵ واقیع و ڕیالیتیدا، ئەوەیە دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو بۆشگەی ژیانی هێشتا والانەکراوە و نەزانراو فراوان بکات لە بوونی مرۆڤدا(٢).

بوونی مرۆیی لە خودی خۆیدا زیاتر هەڵگری بوونێکی سەرلێشێواوە، کازیوە و شەبەق زیاتر لەسەر سنوورەکانی سەرەوەی خۆی و چینی سەرەوەی دەر دەکەون. لێرەدا شتێک بە بۆشی و بەتاڵی ماوەتەوە، فەزایەکی بەتاڵی نوێ پەیدا بووە. ئەم فەزایە بە خەونەکان پڕ دەبێتەوە و هەروەها



Scanned with CamScanner

شیاوێتی و مومکینیەتێکیش بەشداریی ئەو پڕبوونەوەیە دەکات، کە هیچ کاتێک لە توانای ئەوەدا نییە ببێتە واقیع، ئەم شیاوێتییە لە ناخی مرۆڤدا دەژی. گرینگە سەرنج بخەینە سەر ئەو حەقیقەتەی بوونی مرۆڤ، کە پرۆژەیەکی کراوەی ڕوو لە ئاییندەیە، ئەمەیە کلیلی تێگەیشتن و ئومێدەواربوونمان لە ئاست دەرکەوتنی دیاردەی ئومێد خۆیدا.

خەیاڵ و خەونەکانمان ماڵی هیوا و ئومێدەکانمانن، ئەوەی خەیاڵ و خەونی هەبێ ناتوانێ بەتەواوی ئومێد لەدەست بدات، تەنانەت هەرە بێئومێدترینەکان کاتێک بیانەوێت گوزارشت لە دۆخی ڕاستەقینەی خۆیان بکەن ناتوانن بەبێ بوونی ئومێد سەرکەوتووانە گوزارشت لەم ڕەوش و ژیانەیان بکەن. مرۆڤ تەنانەت دەشێ هیوای بەبێهیواییەکانی خۆی هەبێت، واتە ئومێد ناتوانێ بە تەنها و بەڕەهایی دەر بکەوێت، بەڵکو هاوڕێ دەبێ لەتەک نائومێدیدا، لە ڕەوشی ئاگامەندانەبوونی نائومێدیدا، واتە لە ئاگامەندانە نائومێدبوونی مرۆڤدا، نائومێدی دەتوانێ بە شێوەیەکی بنەمایی بنچینەداڕێژی ئومێدە گەورەکانی مرۆڤ بێت. ژیان دەکرێ لە خودی خۆیدا ئومێد بێت، ئومێدبوونی ژیان مانای خاڵیبوونی نییە لە نائومێدی، بەڵکو نائومێدی تاقانە ڕێگەیەکە، کە بشێ ژیانکردن پیایدا بگوزەرێ و سەرڕێ بکەوێت. سەرڕێکەوتنی ژیان هێمایەکی ئاشکرا و ڕۆشنی بوونی ژیان خۆیەتی، هێمای ڕۆشنی بوونی ئومێد خۆیەتی.

لە ڕوانینی فەلسەفی ئێرنست بلۆخەوە، ئەو جیاوازی و لێکدوورییەی لەنێوان خەونەکان و ڕیالێتیدا هەیە جیاوازی و دوورییەکی سروشتی و بنەڕەتییە، کەدەشێ کارکردێکی

قـووڵ لەسـەر پەیوەندیی خەونـەکان بـە ڕیالیتییـەوە دانەنێت، یـان کارکردێکی قـووڵ دانەنـێ لەسـەر پـردی گواسـتنەوەی خەونـەکان بۆ دونیای واقیع٣). ئـەوەی مایـەی تێرامانـە ئـەوەیە، خەونـەکان نـەک هـەر بنەڕەتیـن و بـە شـێوەیەکی ڕادیکاڵییانـە والایـی و نەزانراوەکانـی ژیانیـان لەسـەر ڕادەوەسـتێ، بەڵکـو خەونـەکان سـەرباری هـەر ناواقعییەتێک، کـە تیایاندایـە، ئـەوان هـەر لـە توانـای بەرجەسـتەبووندا هـەن، ئەگـەر واش نەبووایـە مـرۆڤ چیـی تـر بوونێکی مێژوویی نەدەبـوو، مێژوو، ژیـان، چاوەڕوانـی و ئومێـد و نائومێدییـەکان دەمێـک بـوو کۆتایـی خۆیـان ئەزمـوون کردبـوو.

لایەنێکی دیکەی ڕوانینی ئێرنست بلۆخ ئەوەیە، بوونی مرۆیی بـە بـەراورد لەگـەڵ هـەر بوون و دیاردەیەکی دیکـەدا، بوونێکی سەرلێشـێواوترە، بـەڵام کازیوە و درەوشـانەوەی ئـەم بوونـە لـە سـنوورەکانی سـەرەوە و چینەکانی بەرزاییدایـە، بـە شـێوەیەک ئـەو بۆشـاییەی لێرەدا دەمێنێتـەوە "واتـە لەنێوان ئـەو بوونـە شـێواوەی لـە مرۆڤدا هەیـە و ئـەو کازیوەیـەی لـە سـنوورەکانی سـەرەوەدایە،" بۆشـاییەکە خـەون و چاوەڕوانییەکانمـان پـڕی دەکەنـەوە. ئـەوەی وا دەکات بوونـی شـێواومان بتوانـێ بـەم شـێواوی و ئاڵۆزییەیـەوە لـە پەیوەندیـی خۆیدا بـە کازیـوە و شـەبەقەوە بمێنێتـەوە و بـەردەوام بێت، بێگومـان پتەوترکردنـی پێکبەسـتی نێوان خەونـەکان و چاوەڕوانییـەکانی مرۆڤـە، چوونکە ڕاگرتنـی سـەرکەوتووانەی ئـەو پەیوەندییـە لـە پێکبەسـتی نێوان خەونـەکان و چاوەڕوانییەکانـەوە سـەرچاوە دەگرێت. ئەگـەر کازیـوە و شـەبەق هەرچەنـدە لێڵ و نادیاریـش بـن، هەرچەنـدە دوور بـن، بـەڵام هـەر تەنهـا بـەم شـێوەیە، ژیـان و بـوون لـە

توانای تێپەڕاندنی شێواوییەکاندا دەبن و دەست و پەنجەی لەگەڵ نەرم دەکەن، یان ئەوەیە دەتوانن ئەم سەرلێشێواوی و شڵەژانە وەک خەسڵەتێکی ئۆنتۆلۆژیی بنەڕەتی قەبوڵ بکەن. ئەو بەتاڵاییە نوێیە لە خودی خۆیدا مومکینیەتێکی قووڵە و لە ناخی مرۆڤدا دەژێت و ئامادەیی هەیە.



Scanned with CamScanner

# خەونەکان و ناتەواوییەکانی جیهان

بوونی خەونەکان ئاماژەیە بۆ ناتەواوی و پانتاییە بۆشەکان. ئەو پانتاییانەی دیاریکەر و سەلمێنەری پرۆژەی بوونی مرۆیین و بەردەوام وزەبەخش و گەرەنتی ڕەسەنایەتیی پرۆژەی بوونی مرۆڤ و پرۆسەی گەشەکردنی دابین دەکەن. پانتاییی دەرکەوتنی مرۆڤ وەک دازاین[1] و بوونێکی ڕەسەن[2]

---

١ دازاین: چەمکێکی سەرەکی فەلسەفەی مارتین هایدیگەرە و لە کتێبی *بوون و کات*دا بەکاری هێناوە و لە سەرجەم کارەکانی دیکەیدا جێی گرتووە. دەتوانین بە چەند شێوەیەک دازاین وەر بگێڕین: لەوێ-بوون، لێرە-بوون. دەکرێت مانا فەلسەفییەکەی لە ڕێگەی "بوون" یان "ئێکزیستێنسی"وە بخەینە ڕوو. دازاین لەلای هایدیگەر ئەو هەبووەیە، کە دەتوانێت بپرسێ لەبارەی بوونی خۆیەوە. چەمکی دازاین لە جێگە و بیرکردنەوەی فەیلەسوفانی دیکەی ئەڵمانیدا بەکار هێنراوە، بەڵام لەم تێکستەدا ئێمە بە مانا و جەوهەرە هایدیگەرییەکەی کەڵکمان لێ وەر گرتووە.

٢ بوونی ڕەسەن: دەستنیشانکردنێکی هایدیگەرییانەیە بۆ بوونێکی دیاریکراوی مرۆیی، کە دەتوانین بە دازاین ناوی ببەین، یان شیاوە لە ڕوانگەی هایدیگەر خۆیەوە باسی بکەین، کە مرۆڤێکە خۆی ڕزگار دەکات لە هەژموونی ئەوانی دیکە. ئەوانی دیکە بە دەربڕینە ئەڵمانییەکەی "مان"ە، کە مەبەست لە چەمکی خەڵکە. ڕەسەن ئەو کەسەیە خۆی بیر دەکاتەوە، خۆی دەخوێنێتەوە، بەرپرسیاریی خۆیەتی و خۆی

ئەو پانتاییيە بۆشانەيە، کە مرۆڤ ناچار دەکەن بە درێژەدان و بە پێویست قەبوڵکردنی هەمیشەیەتیی خودی پانتاییيە بۆشەکان و تەقالالای بێکۆتایی بۆ پڕکردنەوەیان. خەونەکان پێشمەرجی لەدایکبوونی ئومێدەکانی مرۆڤن. مرۆڤ بەبێ خەون ناتوانێت هیچ ئومێدێک ئەزموون بکات. خەونەکان لە ڕاستیدا خودی ئومێدەکانی مرۆڤن بە ئایندە. تێگەیشتن لە ئومێد بە شێوەیەکی ڕۆشنتر دەتوانێت خەونەکان و پانتاییيە بۆشەکان بناسێنێت. ئومێد ئەشێ زۆر جار هەڵسەنگاندنێکی نارەخنەییيانەی بۆ بکرێت و وەک مومکینیەت و داکەوتی خوازیارییەکانی مرۆڤ و بەگشتی داهاتوو لێک بدرێتەوە. ئەم هەڵسەنگاندنە لەسەر باوەڕێک دادەمەزرێت، کە دەوەستێتە سەر نەبەتەنها ڕێگەی بیرکردنەوەیەکی گونجاو لەگەڵ ڕیالێتی و داکەوتی شتەکان، بەڵکو دەوەستێتە سەر مرۆڤ و ڕەهەندی ئەکتیڤێتییەکەی. بە شێوەیەکی کرداری ئومێد بنەڕەتی هەموو یوتوپیاکانی مرۆڤە. لێکدانەوەی ئومێد وەک مومکینیەتی بوونی مرۆیی ڕوانینێکی بوونەوییانەیە و ئەو دۆخە ئۆنتۆلۆژییە پیشان دەدات، کە مرۆڤ لەهاتنەبوونیەوە تێی دەکەوێت، یان ڕاستتر بڵێین، فڕێدەدرێتە ناوی. ئەگەر ئومێد نەبایە دۆخی فڕێدانی مرۆڤ بۆ جیهان تەحەمول نەدەکرا و مرۆڤ نەیدەتوانی بەرگەی چرکەساتی یەکەمی بەئاگاهاتنەوەی لە جیهان و دۆخی فڕێدراوێتیی بوونی[1] خۆی

---

بەرجەستەکاری خۆیەتی.

١ فڕێدراوێتی بۆ بوون: دەربڕینێکی هایدیگەرییە و مەبەست لێی ئەوەیە، مرۆڤ فڕێدراوەتە جیهانەوە، ئەمەش پێویستی بیرکردنەوە لە مانای بوون و دۆزینەوەی ڕەسەنایتی بوون و نزیکبوونەوە و گوێگرتن لە دەنگی بوونی خستوتە ئەستۆی مرۆڤ، کە لەو دۆخەدا دازاین ئامادەیە.

بگرێت. ئومێد ئەگەر تا کۆتاییی پرۆژەی بوونی مرۆییش لە توانای بەدیهاتن و بەرجەستەبووندا نەبێت، هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە ڕاگر و هێزی ناخەکییانەی بنەڕەتییە لە بەردەوامێتیدان بە بوونی مرۆڤ وەک مومکینیەتێکی کراوە لە ڕووی ئایندەی خۆیدا. ئومێد بەو پێیەی لە جەوهەردا ئەکتیڤێتییە و ڕەهەندێکی بنچینەییی پرۆژەی بوون و پاراستنی هەیبەتی ڕاستەقینەی مرۆڤە، دەتوانێت دیاریکەری بێچەندوچوونی جەوهەری بوونی مرۆڤ و چارەنووسی مرۆڤ بێت. کێشەی گەورەی مرۆڤ زۆر جار لە تێگەیشتن و بەرخوردکردنیدایە لەگەڵ ئومێد و پانتاییی خەونەکان. ئەوەی بۆ مرۆڤ بناغەییە قەبوڵکردنی دۆخی ئومێدە وەک ئەو هیچێتییە سەرەتاییەی سەرچاوەی ئازادبوون و ناچاریەتیی مرۆڤە بە هەڵبژاردن. ئومێد لێرەدا جیاوازە لەو واتا ساکارە باوە جەماوەرییەی، کە تەنها لە دەستراگەیشتن بە شت و ئامانجە دیاریکراوەکاندا وێنا دەکرێت. ئومێد لەلای بلۆخ دۆخێکی ئۆنتۆلۆژی و کراوەییە لە ڕەوشی بوون و پرۆژەی بوونی مرۆڤدا، بە شێوەیەک هەموو داخران و بنبەستێک ڕەت دەکاتەوە و نایەوێت مرۆڤ لەژێر هیچ بارودۆخ و کارکردێکدا لە پرۆژەی بوونی خۆی ڕابوەستێت. ئەگەر تەماشا بکەین ئومێد زیاتر دۆخێکی ڕۆحییە و مرۆڤ بەکراوەیی دەهێڵێتەوە. ئومێد لەلای فەیلەسوفی فەرەنسی مارسێل[1] ئاکتی نیگەرانی و غەمی ڕۆحییانەی مرۆڤە. ئەم

[1] گابریێل مارسێل: فەیلەسوفێکی فەرەنسییە لە ساڵی ١٨٨٩ لە پاریس لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٧٣دا مردووە. یەکەم بونگەرای فەرەنسییە. فەلسەفەکەی دەربارەی مرۆڤ لەسەر ئەوە دامەزراندووە، کە هەر مرۆڤێک وەک کەسێتی بوونی هەیە، وەک "من." کاتیگوریای بنەڕەتی

نیگەرانییە ڕۆحییە ڕێگە دەدا بە مرۆڤ بتوانێت قووڵایی ڕۆحی خۆی بناسێت. مارسێل ڕەهەندی بوونەوییانەی ئومێد دەخاتە ڕوو. نیگەرانیی ڕۆحی وەک ئێکزیستێنسیالێکی مرۆڤ دەرگای ناسینی ڕۆح بە ڕووی مرۆڤدا دەکاتەوە و ئومێدیش وەک دۆخ و پرۆسەیەکی ڕۆحی بەر ئەم ناسین و درککردنە دەکەوێت. نیگەرانیی مرۆڤ لە ئاست بوون و چارەنووسیدا بە جەوهەری خۆی قەلەقی و ترسی ئەو پیشان دەدات لە بەردەم بوونی خۆی و ئاییندەی چاوەڕوانکراودا. ترس و نیگەرانیی مرۆڤ لە ئاست ئاییندەی چاوەڕوانکراودا حەقیقییە و دەکەوێتە چوارچێوەی خەسڵەتە ئۆنتۆلۆژییەکانی بوونی مرۆڤەوە. هەموو نیگەرانی و ترسێک خۆبەخۆ و بەبێ ئەوەی ئێمە بمانەوێت یان نا، ئومێد لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە دونیا و وزەی تەحەمول و ڕووبەڕووبوونەوە دەداتە مرۆڤ. لێرەدا پێویستە سەرنج لە پەیوەندیی ئومێد لەگەڵ هەردوو چەمکی جوامێری و ترسنۆکی بدەین. ئومێد بە بوونی خۆی ئەشێ ببێتە بنەمایەک بۆ جوامێری، چوونکە هەموو کردە و هەڵوێستێکی جوامێرانە ڕاستەوخۆ گوزارشتە لە بڕوای مرۆڤ، یان ئەگەری ژیان و دۆخێکی باشتر لەلای مرۆڤ، کە ئومێدی بەدیهاتنی مۆتیڤی بنچینەییی جووڵە و ئەکتیڤێتیی مرۆڤە. بەڵام کێشەی ترسنۆکی وەک کاتیگۆرییەکی دژ بە

---

فەلسەفەی مارسێل "بوون و هەبوون"ە. جەستە ڕۆڵی تایبەتی دەگێڕێت. بە بڕوای ئەم فەیلەسوفە، جەستەی من تەنها ئەوە نییە کە من هەمە، بەڵکو جەستە ڕەگەزێکی بوونی منیشە. جەستەی من سنووری نێوان "بوون و هەبوون"ە لەبەر ئەوەی ئامادەییی جەستە پێشمەرجێکی پێویستە بۆ هەموو هەبوونێک. بە جیاواز لە جەستە، ڕۆح بریتییە لە بوونێکی ئێدیاڵ.

ئەخلاقی جوامێری بەرئەنجامی لاوازبوون و نەبوونی ئومێدە، کە بە زمانێکی ڕوونتر وەک ڕەشبینیی تەواو دەر دەکەوێت و مومکینیەت، توانا و ئیرادەی مرۆڤ کاول دەکات. کاتێک ئەکتیڤێتی لەمیانەی بیرکردنەوە و شیکردنەوەی چەمکی ئومێددا بە دەرکەوتەیەکی ڕاستەقینەی خودی ئومێد لەقەڵەم دەدەین دەبێت لە هەمان کاتدا جوامێری وەک بەشێکی نکۆڵیلێنەکراوی ئومێد و ئەکتیڤێتیی ڕاستەقینە قبوڵ بکەین. بلۆخ بەقووڵی لە ناتەواوی بوونی مرۆیی تێگەیشتووە و کردوویەتییە بناغە بۆ ئومێد و تەواوی ئەکتیڤێتییەکانی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی ئەگەر ناتەواوییەکان نەبوایەن نە ئومێد و نە ئەکتیڤێتیی مرۆڤ نەیاندەتوانی ببن.

ئێرنیست بلۆخ لە درێژەی نووسینەکەی خۆیدا سەبارەت بە پرەنسیپەکانی ئومێد دەنووسێت، پێویستە دانبنێین بەوەدا، کە لە ناخی ئێمەدا هیچ شتێک نەیدەتوانی ڕوو بدات و پەیدا ببێ، ئەگەر بهاتبا "لە دەرەوە" هەموو شتێ کامڵ و تەواو بووایە، بەڵام لە دەرەوە ژیان بە هەمان شێوە زۆر بەکەمی تەواوە، وەک ئەوەی لە ناوەوەی"من"دا هەمان ناتەواوی هەیە؛ من لەسەر ئەوە ئیش دەکات کە دەکەوێتە "دەرەوە." هیچ شتێک شیاوی بەرهەمهێنان نەدەبوو کە گونجاو بووایە لەتەک خواستەکاندا، ئەگەر بهاتبا و جیهان کامڵ بووایە و بەتوندی و بەهێزی پڕ بووایە، یان بەتەواوی فاکتگەلێکی کۆتایهاتوو بووایە[٤].

بێگومان زۆر بایەخدارە سەرەنج لەوە بدەین، کە بلۆخ بەقووڵی ئاماژەی پێ کردووە: تەنها کێماسی و ناتەواویی ناخەکییانەی خۆمان نییە کە زەمینەی دەرکەوتن و

ڕووانـی خـەون و چاوەڕوانییەکانمانـە، بەڵکـو ئـەو کێماسـی و ناتەواوییـەی لـە دەورووبـەردا و لـە جیهانـدا ئامادەیی هەیـە بـە شێوەیەکی بنچینەیی فاکتـی هـەرە ڕەسـەنی بوونـی خـەون و چاوەڕوانییەکانـە، واتـە ئەگـەر مـرۆڤ نەیتوانیبـا کێماسـی و کەموکورتییەکانی جیهان درک بکات، هەرگیز نەیدەتوانی ئـەو بۆشـایییە بدۆزێتـەوە کە ماڵی ڕەسـەنی خـەون و ئومێدەکانـی خۆیەتـی، ئـەم ماڵـە نـە بەتەنهـا ماڵـی ئومێدەکان، بەڵکـو ماڵـی تـەواوی ڕەسـەنایەتی و ئەگەرەکانـی بـەردەم مرۆڤـە لـە هەنووکـە و ئاییندەشـدا.

هیـچ شـتێک شـیاوی بەرهەمهێنـان نەدەبوو ئەگـەر جیهـان کامڵ و پڕ بووایە، ئەمـە بێگومان بەقووڵی پەیوەندیدارە بەوەی بـوون و کەسـیەتیی مـرۆڤ و خـودی مرۆڤ نەیاندەتوانی ببن، ئەگـەر بهاتایـە، ئـەو بـوون و کەسـیەتی و خـودە لـە بنەڕەتدا لـە ڕەوشـی "هیـچ"دا نەبووایـەن، ئەمانـە ئەگـەر لەسـەر بنچینـەی "هیـچ" دانەمەزرابـن بـۆ خۆیـان ناتوانـن "بـوون و کەسـیەتی و خـود" بـن، واتـە بوونـی ئەمانـە پێویسـتە بـە پێشـمەرجە ئۆنتۆلۆژیەکانـی خۆیانـدا تێپـەڕ ببن، ئەگەرنـا بـە پێچەوانـەوە، نەیاندەتوانـی بێنـە بوونـەوە. "هیـچ"ی بـوون و کەسـیەتی و خـودی مـرۆڤ ئـەو کێماسـی و ناتەواوییـە بنەڕەتییەیـە کـە هەمـوو خـەون و چاوەڕوانـی و ئومێدەکانـی تێدا دەر دەکەوێ، بەبێ ئـەم کێماسـییە نەتەنهـا خـەون و ئومێد، بەڵکـو پرۆژەی بوونـی مـرۆڤ هـەرگیز ناتوانێ بێتـە ئـاراوە.

ئەگـەر سـەرنج بدەین لـەوە تێدەگەین، کە لەبریی تەواوێتی و فاکتگەلـی کۆتاییهاتـوو، پرۆسێسـەکان لـە مرۆڤدا بوونیـان هەیـە و پەیوەندییەکی داینامیکییانـەش هەیـە، کـە لەمیانـەی جووڵەیدا



Scanned with CamScanner

بە شێوەیەکی بنجبڕانە داکەوت کۆتایی نایەت. داکەوت – پرۆسێسە. مرۆڤ لە خۆیدا هەڵگری پەلهاویشتنێکی نێوانگیرە لەنێوان "ئێستا" و ڕابردوویەکی کۆتاینەهاتوو و ئاییندەیەکی شیاوبیبووندا(٥).

ڕوانینی بلۆخ جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە لەجیاتیی تەواویەتی و کامڵبوون، پرۆسێسەکان لە مرۆڤدا ئامادەییان هەیە، هەر ئەمەش خەسڵەتی ڕاستەقینەی ناخەکییانەی مرۆڤە، چونکە تەواوێتی تەنها لە مەرگدایە. لێرەدا ڕوون و ئاشکرا دەر دەکەوێت، کە ئومێد، چاوەڕوانی و خەونەکان لە تەواوێتیدا لەناو دەچن و نامێنن، بوونی ئەوان و بوونی تەواوێتی دوو جەمسەری دژ و ناکۆکن، ئەوان ناتوانن هەبن ئەگەر تەواوێتی هەبێ، ئەمە سەرباری ئەوەی، تەواوێتی هەرگیز ناتوانێ هەبێت. تەواوێتی بە شێوەیەکی ڕادیکاڵییانە شیاوی بوون نییە، تەنها مەگەر لەلای ئەو مرۆڤانەی دەکەونە بیرکردنەوەی هەڵە و چەوتەوە، یان لە ڕەوشی بیرنەکردنەوەدا ژیان دەکەن.

ڕوانینی فەلسەفییانە، ئومێد وەک چاوەڕوانیکردنی چاکە و بەرجەستەبوونی خوازراو تەماشا دەکات. مۆتیڤی چاوەڕوانیکردن نوقتەی بناغەییە لە تێگەیشتنی ئومێددا. لە چاوەڕوانیدا پێداویستییە هەمیشەییەکانی مرۆڤ ئامادەیی هەیە "من دەمەوێت" و "من دەتوانم." ڕەنگە تێگەیشتن لە ئومێد بە شێوەیەکی سەرەکی پاڵپشتی پرۆسەی ئومێدەواربوون بێت لە مرۆڤدا. ئومێد خۆی لە ویستن و تواناییەکانی مرۆڤدا دەر دەخات و جەوهەر و شوناسی ئەکتیڤێتییەکەی لەو سەرچاوەیەوە وەر دەگرێت. سەرچاوەی



Scanned with CamScanner

ڕاستەقینەی جووڵە و ئەکتیڤیتیی مرۆڤ لە باوەڕبوونیەوەیە بەوەی هەمیشە ئەوەی هەیە دەگۆڕێ و هیچ جێگیرییەکی ڕەها لە جیهاندا نییە. ئەگەر ئەم باوەڕبوونەی مرۆڤ نەبووایە ئومێد وەک یەکێک لە ئێکزیستێنسیالە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بوونی نەدەبوو. ئومێد لەم ڕوانگە فەلسەفییەوە باوەڕبوونێکی کوێرانە و یوتوپییانە نییە بەوەی هەموو شت باش دەبێت، یان تەنها چاکە لە ڕێدایە، بەڵکو ئومێد زیاتر بە واڵاییهێشتنەوەی پرۆژەی بوونی مرۆڤە و ڕێگەدانە بە مرۆڤ بۆ ئەوەی بەردەوام هێزی خۆی تاقی بکاتەوە. مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەزموونی ئێکزیستێنسی[1]ی خۆی بکات پێویستە بڕوای بەوە هەبێت، کە دەتوانێت ئەو ئەزموونە بکات. ئەمەش چەمکی ئومێد لەو تێگەیشتنە باوە ڕزگار دەکات، کە گوزارشتە لە گەشبینییەکی تەواو لە پەیوەند بە بوونی چاکە، باشبوون و بەختەوەرییەوە. ئومێد لێرەدا بەڵێندان نییە بە چاکەی هەمیشەیی، بەڵکو ئەگەرێکی کراوەیە بە ڕووی چاکەدا، بە ڕووی هەموو گۆڕانکارییەکدا. ئومێد گۆڕانکاری و کاتیبوونی هەموو شتەکان و جیهانی کۆمەڵایەتی وەک حەقیقەتێکی متمانەپێکراو پیشان دەدات.

مرۆڤ بۆ خۆی بوونێکی کاتییە و دەکەوێتە نێوەندی سێ کاتی بنەڕەتی و جیاوازەوە، ڕابردوو، ئێستا و ئایندە،

---

[1] ئێکزیستێنسی: کاتیگۆرییەکی سەنتەری فەلسەفەی بونگەرایی، کیرکێگارد، یاسپێرس، هایدیگەر، سارتەر، مارسێل و کامۆیە. بە شێوەیەکی بناغەیی واتای بوونی بێهاوتا و نیگەرانیی بوونی مرۆیی دەگەیەنێت. لەلای هایدیگەر ئێکزیستێنسی پەیوەندیدارە بە هەبوویەکی تایبەتەوە، واتە بە دازاینەوە و پێویستە لە ڕوانگەی شیکردنەوەیەکی ئێکزیستێنسیالییانەوە تەماشا بکرێت.

ئەمە هەمیشە ڕەوشی چاوەڕوانیکردنی خوڵقاندووە، ئەگەر ئایندە کاتێکی دیاریکراوی بوونمان نەبووایە نەماندەتوانی ژیانێکی ڕاستەقینە بژین. هەموو کاتێک، کە چاوەڕوانی کاتێکی دواترین، چاوەڕوانی ئەگەرێکی هێشتا نەگەیشتووین، لێرەوە ئومێدەکانمان سەرچاوە دەگرن و هەر ئەوە بۆ خۆی مانای ئومێدی ئێمەیە بە شتێکی دیکە، بە ژیان، بە شوێن و کاتێکی تر، کە بشێت خەونەکانمان تیایدا ڕیالیزە ببن، چاوەڕوانییەکانمان تیایدا ببنە بەرچاوێتی و وەدیهاتوو و ئومێدەکانیشمان ببنە ئەزموون.

ئێرنست بلۆخ مرۆڤی دونیای تازە بە بوونێکی پەراوێزخراو تەماشا دەکا، دیارە مەبەستی ئەوە نییە مرۆڤی هاوچەرخی خۆی وا دەبینێت، ئەوەندەی ویستوویەتی واقیعیەتی مرۆڤ پیشان بدات، کە چ واقیعیەتێکی ڕەزیل و چروکە و تەنانەت بە ئاستێکە خودی مرۆڤ خۆی ناتوانێت درک بەو چروکی و پەراوێزییەی خۆی نەکات. یەکێک لەو بابەتە بایەخدارانەی لەسەری دەوەستێت کۆتاییی چاوەڕوانییەکانی مرۆڤە، ئالیەت و ئامرازی کردەی کوشتنی چاوەڕوانییەکانیش زادەی دونیا تازەکەی مرۆڤن، بەو پێیەی بیر و ئایدۆلۆژیای زاڵی سیاسی و ئابووری و ئەقڵی تەکنەلۆژیکراو بە جۆرێک مرۆڤ و بیرکردنەوەکانی ئاراستە دەکا و باری دەهێنێت، کە باوەڕمەندی بکات بەوەی جیهانی واقیع تەواو و پڕە و کۆی پێویستییەکانی مرۆڤی فەراهەم کردووە، بەبێ تیشکخستنە سەر جەوهەر و جۆری پێویستییەکان. دەرکەوتەی باوی ئەم جیهانە تازەیە دروستکردنی دۆخێکی ئەقڵی و ڕۆحی دیاریکراوە، کە مرۆڤ هەست بە گرینگیی بوون و ئاراستەکردنی پرسیاری بنەڕەتی

و بوونەوییانە نەکات سەبارەت بە جەوهەری پێداویستییەکانی مرۆڤ و ئەو چاوەڕوانی و خەونانەی کە نەتەنها سەرەکین بۆ بە بەرجەستەکردنیان لە داکەوتی ژیانی مرۆییدا، بەڵکو گرینگ و بنەچەیین وەک پێشمەرج بۆ ئەوەی بتوانین هێما بە بوون و ئامادەییی مرۆڤی ماقوڵ و ڕەسەن بکەین. ئەم بیریارە لەبارەی مرۆڤی سەردەمەکەیەوە نووسیویەتی، مرۆڤی سەردەمی ئێمە زۆر باش درک بە پەراوێزی بوونی خۆی دەکات لە دەرەوەی سنووری چاوەڕوانییەکان و فشار و سەپاندنەکانەوە، کە بوونەتە واقیع.

ئەگەر هاوڕا نەبین لەتەک ئەم تێڕوانینەی بلۆخدا، ڕەنگە بەهەڵەدا بچین، لەبەر ئەوەی مرۆڤی هاوچەرخی ئێمە کتومت ئەو مرۆڤەیە بلۆخ هێمای پێ کردووە، مرۆڤێکە لە هەناوی دەرکەوتنی سیستمی فاشیزم[1]، سۆسیالیزم، سیستمی ئایدۆلۆژیا ئایینییەکان و سیستمی کەپیتالیزمەوە هاتووەتە دەرەوە، کە پێکڕا بوونە ئاڕاستەکار و جووڵێنەری ژیانی تەواوی مرۆڤایەتی و داگیرکاریی تەواوی خەون و چاوەڕوانییەکانی مرۆڤ وەک تاکەکەس. گەورەترین کێشەی سیستمەکان ئەوەیە لەبریی کۆمەڵگە و لەباتیی هەر بوونێکی مرۆیی ئەوە لە ئەستۆ دەگرن، کە پێویستە کۆمەڵگە و تاکەکەس خۆیان لە ئەستۆی بگرن و جێبەجێی بکەن. لەم سەردەم و چەرخەدا ئەوە مرۆڤەکان نین خەون دەبینن و تەقەللای بەرجەستەکردنی خەونەکانیان دەدەن، ئیدی ئەوان

---

١ فاشیزم: جووڵانەوەیەکی سیاسیی ئایدۆلۆژیی ڕاسترەوی توندئاژۆیە، کە بەرجەستەی فەرمانڕەواییەکی دیکتاتۆر دەکات. ئەم جووڵانەوەیە، نەتەوەگەراییەکی توندڕەوی سەربازییە و دژی کۆمۆنیزم و لیبرالیزمە.

نین چاوەڕوانییەکانیان ڕووەو ئایینده ئاراسته دەکەن، ئەوە ئیدی ئایدۆلۆژیا و سیستمە ڕامیاری و کولتووری و نەریتییەکانن هەموو ئیشە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ لە خۆیاندا جێگیر و پایەدار دەکەن. بەردەوامبوون و تەبایی لەتەک جەوهەری ئەم سەردەمەدا دەوەستێتە سەر ئەوەی مرۆڤ تا چەندە بەتوانایە لە قەبوڵکردنی پەراوێزێتیی خۆی و ڕەتکردنەوەی خەون، چاوەڕوانی و ئومێدەواربوونەکانی، لەم ڕێگەیەوە بەرهەستکردن و بەدیهێنانی خەون و چاوەڕوانییە دەستکرد و نارەسەنەکان.

ئەو بۆشکەیەی بەپێی ڕوئیای بلۆخ لە بوونی مرۆڤدا بەبەردەوامی دەمێنێتەوە، ئەوانی دیکە هەوڵی پڕکردنەوەی دەدەن و تەقالالای داگیرکردنی دەخەنە گەڕ، لە کاتێکدا ئەو بۆشکەیە پێویستە مرۆڤ خۆی بە خەون، چاوەڕوانی و ئومێدەکانی پڕی بکاتەوە.

زۆر گرینگە سەرنج لە پێداگریی بلۆخ لەبارەی پەیوەندیی جوامێری و زانینەوە بدەین لەگەڵ چارەنووسدا، چونکە ئەو پێی وایە بە هۆی بوونی دووانەی جوامێری و زانینەوە داهاتوو وەک چارەنووس ناگاتە لای مرۆڤ، بەڵکو بە پێچەوانەوە، مرۆڤ بەرەو ئایینده دەڕوات و دەچێتە ناو ئاییندەوە بە هەموو ئەو شتانەوە کە هەیەتی. ئەو پەیوەندییەی بلۆخ باسی کردووە لەنێوان جوامێری و زانین لە لایەک و ئومێد لە لایەکی دیکە، پەیوەندییەکی جەوهەرییە لەهەمبەر دیاریکردن و پێناسەکردنی ئومێد، ئەگەر بمانەوێت بە ئەندازەیەکی ڕێژەیی و پێویست لەو چەمکە تێبگەین، چونکە ئومێد بەم پێیە بریتی دەبێت لە چالاکبوون و زانین

نەک تەنها چاوەڕوانییەکی بۆش و بێناوەڕۆک، چاوەڕوانی لە ئومێددا دۆخێکی بەتەواوی چالاکانەیە و مرۆڤ بەر مەبنای هەوڵە بنەڕەتییەکانی خۆی دەکەوێتە دۆخی چاوەڕوانییەوە. لە ئومێددا مرۆڤ بوونێکی ئەکتیڤە و بەم شێوەیە دەتوانێت ڕەسەنایەتی و ئومێدەواربوونی خۆی بپارێزێت.

جوامێری و زانین دووانەی گوازەرەوەی مرۆڤن بەرەو ئایندە، ئەم تێگەیشتنە بە شێوەیەکی بنچینەیی بەرچاو و بیرمان ڕۆشن دەکاتەوە دەربارەی چەمکی ئومێد. ئێمە پێش ئەوەی باس لە ئومێد بکەین، ئەوە دەزانین کە ئومێد پێش ئەوەی ئومێد بێ، چاوەڕوانییە، خەونێکە پێویستی بە چاوەروانیکردن هەیە، ئەم خەونانە ئاوسن و پڕن لە ئومێدەواربوون، لەبەر ئەوەی ئومێدەواربوون بۆخۆی پرۆسێسێکی ئاییندەییانە - داهاتووگەراییانەیە، بۆیە پێویستی بە چاوەنواڕیکردنە، چاوەڕوانیکردنێکی چالاکانە، کە مرۆڤ بۆ خۆی کارەکتەری ڕاستەقینەی ئەو چاوەڕوانیکردنە بێت.

بێگومان ئەمەش وا دەکات ئایندە بەرەو ڕووی مرۆڤ نەیەت، لە فۆرمی چارەنووسدا بەڵکو مرۆڤ خۆی وەک چارەنووس، کتومت وەک چارەنووسی خۆی ڕووەو ئایندە دەڕوات، ئەو چارەنووسی خۆی لەتەک خۆیا هەڵدەگرێت بەوەش خودی خۆی و گەوهەری خۆی هەڵگرتووە.

ئومێد چاوەڕوانیکردنی نادیاریکراوێتییە، بەڵام لە پرەنسیپدا نادیاریاکراوێتییەکی مومکین و پۆزەتیڤە. ئومێد دژی ترسە. بلۆخ هێما بەوە دەکات، کە ئومێد سوبێکتییانە[1] و زۆر

---

١ سوبێکت: لە وشەی لاتینی (subject)ەوە هاتووە و بە واتای ئەو شتە دێت کە لە بناغەدایە. هێنەر و هەڵگری چالاکی، هوشیاری و ناسینە.



Scanned with CamScanner

بەبەهێزی لە ترسدا دەتەقێتەوە، بەڵام ئەبێکتییانە لە هەموو کاریگەرییەکان زیاتر، ئومێد ڕابەرایەتیی خاپورکردنی ترس دەکات. ئومێد ترس لەناو نابات و بوونی بە مانای نەبوونی ترس نایەت، بەڵکو جوامێری لە ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەستانەوەی ترسدا، دەهێنێتە ئاراوە. ئەم دۆخەی ئومێد لە ئاستی ترسدا بۆ مرۆڤی دروست دەکات دۆخێکە جوامێری پێکی دەهێنێت.

ئومێد تەنها کاریگەری و کارلێک نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاکت و ئیشی ئاڕاستەکەری پێزانین و ناسینە. ئومێد لە هەموو جووڵەکانی تری گیان مرۆڤانەترە، لەوەش زیاتر تەنها مرۆڤ خاوەنیەتی. ئومێد گرێدراو و پەیوەندیدارە بە ئاسۆیەکی گەلێک دوور و ڕووناکەوە(٦). ئومێد ئەگەری هەمیشە کراوەی بوونی مرۆڤە بە ڕووی خۆی و پرۆژەی بوونیدا و ئاڕاستەکاری ئەو بوونەیە بە شێوەیەکی بناغەیی بەرەو ئایندە، کە ناتوانرێت جگە لە کۆتاییی بوونی مرۆڤ خۆی، هیچ کۆتاییەکی دیکەی بۆ دیاری بکرێت. ئەم خەسڵەتە ئۆنتۆلۆژییەی بوونی ئومێد ڕەهەندی مەعنەوی و ڕۆحی مرۆڤ دیاری دەکات، داینامیکییەتی ڕۆحی مرۆییە و جەوهەرێکی ناجێگیر بە بوونی مرۆڤ و پرۆژەی بوونی دەدات. ئەم ناجێگیری و داینامیکییەتە ئومێد وەک ئومێد دەپارێزێت و تەنانەت فاکتەری ڕاستەقینەی پاراستنی مرۆڤیشە وەک بوونێکی جووڵاو و کراوە بە ڕووی ئایندەدا. دەربارەی بەردەوامێتیی ئومێد هەموومان ئەو گوزارە باوە دەزانین، کە دەڵێت، "ئومێد لەپاش هەموو شتێکەوە دەمرێت."

---

کەسێکە، کە جیهانی دەرەوە، واتە ئۆبێکت دەناسێت و کاریگەریی لەسەر دادەنێت لەناو چالاکیی پراکتیکیانەی خۆیدا.



Scanned with CamScanner

ئەم گوزارەیە مانایەکی قووڵ لەخۆ دەگرێت، چونکە ئومێد، بێئومێدی، خەونەکان و باوەڕەکان مانا بە ژیانی مرۆڤ دەدەن. ئومێد بەواتای قەبوڵکردنی شتێک، دەرخستنی ئەکتیڤێتی و دەرچوونە لە چوارچێوەی خەیاڵکردنێکی پووچ، ئەمەش بەو پێیەی ئایدیاکانیش وەک ناریالیتی دەمێننەوە، ئەگەر لە وشە و داکەوتدا بەرجەستە نەبن. ئومێد پێویستە لە خەیاڵ و بیرکردنەوەی ڕووت جیا بکەینەوە و ئەو پەیوەندییە بدۆزینەوە و دانی پێدا بنێین، کە لەنێوان ئومێدی ڕەسەنی مرۆیی و واقیعدا هەیە. پەیوەندیی ئومێد بە واقیعەوە، پەیوەندیی ئومێدە بە ئەکتیڤێتیی مرۆییەوە، ئەوەی وا دەکات واقیع وەک دۆخێکی جێگیر و نەگۆڕ ڕەت بکرێتەوە بوونی ئومێدە بە خەسڵەتی داینامیکییەتی خۆیەوە.

ئومێد چاوەڕوانیکردنی نادیارییە، ئێمە سەرباری ئەوەی بەردەوام چاوەڕوانین و بە شێوەیەکی گشتی هەندێ جار دەزانین دەربارەی ئەوەی کە چاوەڕوانی دەکەین، بەڵام لە هەمان کاتدا زانینمان لەو بارەوە، زانینێکی تاقیکراوە و ئەزموونگەرایانە نییە، ئێمە تەنها سیما و پێناسێکی گشتی و ڕواڵەتییانەی چاوەڕوانییەکانمان دەناسین، بەڵام هەرگیز جەوهەری ئەو شتانە و کاریگەری و سەرئەنجامەکانیان نازانین، ئێمە لەبەر ئەوەی تەنها چاوەڕوانی دەکەین و دڵنیاییمان لەهەمبەر گەیشتن یان نەگەیشتن بە بەرجەستەبوونی خەون و ئومێد و چاوەڕوانییەکانمان نییە، بۆیە ئومێد لێرەدا وەکو چاوەڕوانی نادیاریکراوێتی دێتە زمان. بەڵام نادیاری و نادیارکراویەتی مانای ئەوە نادەن، کە توانای بەرجەستەبوون و ڕیالیزەبوونیان لە جیهان



Scanned with CamScanner

و ژیانی مرۆڤدا نەبێت، هەر وەک چۆن واتای ئەوەش نادەن لە جێبەجێبوونیان و ڕیالیزەبوونیان مسۆگەر و نکۆڵیلێنەکراو بێت. دەگەڕێینەوە سەر ئەوەی ئومێد دژبەر و دژەوانەی ترسە و بە شێوەیەکی سوبێکتییانە ئومێد لە ترسدا دەتەقێتەوە و باڵا دەکات و بە شێوەیەکی بابەتییانە، ئومێد لە هەموو کاریگەرییەکانی دیکە زیاتر و قووڵتر ڕۆڵی پێشڕەوایەتیی وازی دەکات بۆ لەناوبردن و خاپورکردنی ترس. ئەوەی ڕاستییە، ترس بۆ خۆی ڕەوشێکە دەکرێ بێژین لە خۆیدا بە شێوەیەکی بنچینەیی هەڵگری ئومێدە و هەموو ترسێک دژەکەی خۆی دروست دەکات. ژیان لە ترسدا، مرۆڤ لە ترسدا. تەنانەت لە دۆخی هەرە پاسیڤ و ناچالاکیی مرۆڤدا ئاسۆیەک بۆ مرۆڤ ناهێڵێتەوە جگە لە ئومێد و هیوا لە ئاست ژیان و بوونێکی دەرەوەی ئەو دۆخە ترسناکە. ڕەنگە ئەمە ڕوانینێکی مارکسییانە بێت، کە هەموو دۆخێک دژەکەی خۆی لە ناوەوەیدا دروست دەکات، دۆخی ترس و نائومێدیش لەو گۆشەنیگایەوە هەمیشە دەرچەیەک بۆ دەربازبوون، یان تێپەڕبوون بۆ ئەو دیوی خۆیان بەکراوەیی دەهێڵنەوە. ئەم تێزە بۆ دۆخێکیش ڕاستە، کە مرۆڤ تێیدا لەتەک چەشنێک لە ئومێددا ژیان بکات. هەموو ئومێدێک هەڵگری دژەکەی خۆیەتی و لە هەموو نا ئومێدییەکیشدا دەللاقەیەکی ئومێد ئامادەییی هەیە. ئومێد هێز و وزەبەخشی مرۆڤە، ئەو ئەکتیڤێتییە بنەڕەتییەیە کە مێژوو دەگۆڕێت، هەموو هەڵگەڕانەوەیەکی مێژوویی، هەموو جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە ناوەڕۆکدا ئومێد داینەمۆی سەرەکی و یەکلاکەرەوەیەتی. ئومێد داینەمۆ و جەوهەری

داینامیکییەتی مێژووە. ئومێد بەرپرسیاری گۆڕانکاریی ناو هەناوی مێژووە، بەڵام پێویستە بڵێین، گۆڕان و گەشەکردنی مێژوو مەرج نییە بەرەو دۆخێکی پۆزەتیڤ بێت، سەرباری ئەوەی باش و خراپیی گۆڕانکاریی مێژوویی تا ئەندازەیەک پەیوەستی خوێندنەوە و جیهانبینیی فەلسەفی جیاوازە.

لەبەر گرنگییەکەی دەگەڕێمەوە سەر قسەیەکی فەیلەسوفی گریکی هیراکلیت[١]، کە دەڵێت، "بۆ خەڵکی زۆر باش نەدەبوو، ئەگەر بهاتبا و هەموو نوێژ و پاڕانەوەکانیان جێبەجێ ببوایە." ئەمە حەقیقەتە، چونکە ناوەڕۆکی نوێژەکان و داواکان جیاوازن: کەسانێک بۆ چاکە دەپاڕێنەوە، کەسانێکی تر مەیلی خراپە دەکەن. بەم شێوەیە، ئومێدی ئومێد جیاوازە، دەرکەوتەی ئومێد فرەڕووە و فرەواتایە. لە بنەڕەتدا، هەمەچەشنی و زۆر دەرکەوتەییی ئومێد هێندەی فرەییی ئیندیڤیدی مرۆیییە. ئەگەر سەرنج بدەین لە ناوەرۆکی ڕوانینەکەی هێراکلیت بەباشی لەوە تێدەگەین، کە ئومێد بابەتێکی تاکڕەهەند نییە و ناتوانین لە یەک گۆشەنیگا و ڕوانگەی فەلسەفییەوە بیخوێنینەوە. ڕەنگە دروستتر بێت ئەوە بڵێین، کە ئومێد خۆی ڕادەستی هیچ ڕوانگەیەکی دیاریکراوی هزری و فەلسەفی ناکات، لەبەر ئەوەی بە جەوهەری خۆی لە هەموو بیر و بارودۆخێک دەچێتە دەرەوە، یان لەبەر ئەوەی ئومێد ئەو دەللاقەیەیە، کە

---

١ هیراکلیت: سالی) ٥٤٤-٤٨٣ (پ. ز ژیاوە. فەیلەسوفێکی گریکی دێرینە. دامەزرێنەری یەکەم فۆرمی دیالێکتیکە. ئەوەی لەم فەیلەسوفە جێ ماوە دەیان نووسینی بچووک و کتێبێکە دەربارەی سروشت و لە سێ بەش پێک هاتووە دەربارەی سروشت، دەربارەی دەوڵەت و دەربارەی خودا. بەناوبانگترین گوزارەی فەلسەفی ئەو بریتییە لە "هەموو شتێ دەڕوات و دەجووڵێ، هەموو شتێ دەگۆڕێت."

پەیوەندیی دۆخ و زەمەنێکی دیاریکراو لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا گرێ دەداتەوە.

ڕەنگە چەمک و ڕەوشی ئومێد تەنها لە کاریگەرییەکانیدا لە چوارچێوە نەدرێ، چونکە هەر وەک بلۆخ پێداگریی لەسەر دەکات، دەبێتە جووڵەیەکی ئاڕاستەکاری پرۆسێسی زانینگەرایی. ئەگەر ئومێدەواربوون نەبووایە لە ئاست زانینی زیاتر و قووڵتردا، ئەگەر ئومێدەواربوون نەبووایە لەناو خودی پرۆسێسی پڕجووڵەی زانیندا مرۆڤ هەرگیز نەیدەتوانی هیچ شتێ سەبارەت بە هیچ بزانێ.

لەم ڕوانگەیەوە خودی بیرکردنەوە و گەڕان و پشکنینی فەلسەفییانە و زانستییانە هیچی دیکەنین جگە لە پرۆسێسێکی ئومێدخوازانە. مرۆڤی بیرکەرەوە بوونێکی ئومێدەوارە و تەنانەت ئەو بیریاریانەشی کە جێگەیان لەناو مرۆڤە بێئومێد و ڕەشبینەکاندا بۆ دیاری کراوە. ئومێد پەیوەندیداربوون و گرێدراوێتی مرۆڤەکانە لە ئاسۆیەکەوە لەگەڵ جیهانێکی دیکە، کە هەڵگری جەوهەرێکی جیاواز لەوە بێت کە هەیە.

بڕیارێکی کۆنکریتی بە سوودی سەرکەوتنی مومکینیەتێکی ڕاستەقینە، یان دژە چالاکی، شکستە لەو پرۆسێسەدا. هەمان دژە چالاکی و دژبەریکردنی ئازادییە بەرانبەر ئەو شتەی بە "چارەنووس" ناو دەبرێت، کە جودا بووەتەوە لەو پرۆسێسە و مرۆڤی ناچار و پەیوەست کردووە بە وەستان و بە شتبوون. ئەمەش وەک هەمان دژبەری و ڕکەبەریکردنی هەموو دیاردەکانی مەرگ لە ڕەگەزی "هیچ" و قەبوڵکردن و درککردنی "هیچ"ە وەک ئەلتەرناتیڤی مومکینییەتی ڕاستەقینە٧).

ئەوەی سەبارەت بە "هیچ" دەتوانین باسی بکەین ئەوەیە، هیچ لە فەلسەفەی بوونگەراییدا بنەڕەتییە بۆ مرۆڤ. تەنانەت لەلای ژان پۆل سارتەر، هیچ دۆخی سەرەتایی بوونی مرۆڤە و فاکتەری ناچارکردنیەتی بە ئازادی. ناچارکردنی مرۆڤ بە ئازادی بەرئەنجامی دەرگیربوونیەتی بە هیچ، ڕەوشێک، کە بۆ چڕکردنەوەی پێویستە ڕەهەندی ئەکتیڤیتی بەگەڕ بخرێت. هیچ بۆ ئەوەی وەک ڕەوشێکی پاسیڤ نەمێنێتەوە، دەبێت مرۆڤ لە ڕێگەی بەگەڕخستنی مومکینییەتی بنەڕەتی بوونیەوە بیگوازێتەوە بۆ دۆخی ئازادی و ئەکتیڤیتی، بەدڵنیایی هیچ و مومکینیەتی بوونی مرۆڤ یەک شتن. ئومێدیش لێرەدا دۆخێکی ناچارەکی مرۆڤە، کە لە هەناوی هیچ و مومکینیەتی بنەڕەتی بوونی مرۆڤ خۆیەوە لەدایک دەبێت.

لێرەیا ئێرنست بلۆخ سێ ململانێ و سێ فۆرمی دژە چالاکی، یان چالاکبوونی مرۆڤ دەخاتە ڕوو، کە دەکرێ وەک پرەنسیپگەلێکی بنەماییانەی فەلسەفەی ئومێد دای بنێین.

بەردەوام بڕیاری یەکلاکەرەوە و کۆنکرێتییانە پێویستی بە بوێری و جوامێری هەیە، چونکە بڕیاردانی لەم چەشنە گۆڕینی چارەنووسە، واتە گۆڕینی خودی خۆتە، لەبەر ئەوەی ئێمە پێمان وایە چارەنووس خودی خۆمانین، کە ئەمەش بۆ خۆی بڕیاردانە لە چارەنووس و ئاقاری ئەو مومکینیەتەی لە بوونی مرۆڤدا هەیە. هەڵبەت ئەوەی پەیوەندیدارە بە ڕەهەندی ئازادی و ئەو دژە چالاکی و ڕکەبەرییەی بەرانبەر چارەنووس هەیەتی مایەی ئینکارکردن نییە، چونکە ئازادی یان ڕەوشی ئازاد بە گەوهەری خۆی دژبەری بیری چارەنووسگەراییە، ئازادی دەستپێکردن و ژیانکردنی مرۆڤە لەبان هیچ. بەڵام



Scanned with CamScanner

چارەنووسگەرایی بە گەوهەری خۆی ڕەتکردنەوەی ئەو "هیچ"ە بنەڕەتییەیە، کە ئازادی بەبێ ئەو نابێت.

ئێرنست بلۆخ کاتێک باس لە دژبەریکردنی هەموو دیاردەکانی مەرگ دەکا، هێما بە قەبولکردنی "هیچ" وەک ئەلتەرناتیڤی مومکینیەتی ڕاستەقینە دەکات، ئێمە لەو نزیکایەتییە تێدەگەین کە ئەم بیریارە بە هایدیگەرەوە دەبەستێتەوە، چونکە مومکینیەتی بوون لە مرۆڤ خۆیدایە، ئەم مومکینیەتە ئەو "هیچ"ە بنەڕەتییەیە کە لە بوونی مرۆڤدایە. ئەو مومکینیەتەی لە مرۆڤدا هەیە نە "بوونە" و نە "نەبوون"ە، واتە دەشێ سەرباری ئامادەگیی مومکینیەتی بوونی مرۆڤ، مرۆڤ بە ئاقاری لەناوچوون و ونبوون و ناڕەسەنیدا بڕوات، هەر وەک دەشێ لەسەر هەمان بنەما بەرەو ڕەسەنایەتی و ئامادەگی لە جیهان هەنگاو هەڵبنێت. مرۆڤ دەبێت بەردەوام لە بەردەم "هیچ"ی بوونی خۆیدا بێت، نەک خودی خۆی ببێتە جێگرەوەی هیچ و هیچێکی پەتی. ئومێد دەکرێت ئەو دۆخە بێت کە ئێمە وەک "هیچ" لە بەردەم بوونی مرۆڤدا تەماشای دەکەین، کە چارەنووسی بوون، ئازادی و شکۆی مرۆڤ تیایدا ڕادەوەستن.

خودی ئومێد بەهایە بە گەوهەری خۆی، هەروەها "بەها" یە بۆ سوبێکت وەک سەرەتایەکی ئالیەتییانە بۆ بوونیادنانی داهاتوو، لەم مانایەدا ئومێد ئەقلانییانەیە. ئەوەشی لە پەیوەند بە ئۆنتۆلۆژیای فەلسەفەی بلۆخەوە باسی بکەین ئەوەیە کە لەلای ئەم فەیلەسوفە "پرەنسیپەکانی ئومێد" گرێدراون لەگەڵ جووڵەی تیۆلۆگیکاڵییانەی جیهان لەناو کاتدا و لە مێژووی جیهاندا بەرەو دۆخ و ڕەوشی کۆتایی و کتومت بەرەو کەماڵ



Scanned with CamScanner

و تەواوبوون. لێرەدا لەم نوقتەی گەشەکردنەدا تا هەمیشە "گەوهەر و دامەزراندن، بوونیادنان و فۆرمولەبوون"ی جیهان پێکەوە گونجاو دەبن٨). ئومێد بەهایەکی بناغەییە لەنێو هەموو بەهاکانی دیکەدا و نە بەتەنیا بەهایەک بێت بۆ ڕێزلێگرتن و پاراستن، بەڵکو بەهایەکە بۆ بەرجەستەکردن، لەبەر ئەو ناوەرۆکە نادیاریکراو و داینامیکییەی هەیەتی. ئومێد ئومێدە بە بەرزکردنەوەی "من"ی مرۆیی، ئومێدە بە بەرزکردنەوەی خۆخولقاندنی ڕۆحییانە و گۆڕانکاریی ئەخلاقییانەی مرۆڤ. کێشەی گەورە لێرەدا ئەوەیە، کە باسکردن لە ئومێد تەنها وەک فاکتەرێک بۆ هێنانەئارای ڕەوشێکی پۆزەتیڤتر لە ڕووی ڕۆحی و ئەخلاقییەوە نابێتە مەرجێکی گشتێنراو و سەقامگیر لە هەموو ئاست و لە ڕوانینی هەموو دونیابینییەکی مرۆییدا. بۆیە ئومێد شەبەقێکی ئاوەڵایە بە ڕووی دۆخی پێچەوانەی چاوەڕوانکراویشدا. ئەم خوێندنەوەیە تەنها بۆ ئەوە گرنگ نییە، کە قووڵتر لە چەمکی ئومێد تێبگەین، بەڵکو بایەخی سەرەکی بۆ ئەوەیە لە ئەنجامی ڕوودانی پێچەوانەی چاوەڕوانییەکان مرۆڤ دەرگیری سەختی و دژوارییەکی کاریگەریی نائومێدی نەبێت.

لەم نێوەدا، بلۆخ کێماسی "ناتەواویتی" دەکاتە سەرچاوەی جوولەی هەموو هەبووەکان. ئەو شوێنەی کە ئومێد تیایدا لەدایک دەبێت.

ڕەنگە قووڵبوونەوە لە چەمکی ئومێددا هاوکات ڕۆچوون بێت بەناو تەواوی کێشەکانی بوون و مرۆڤدا بەتایبەتی، هەڵبەت یەکەم لەبەر ئەوەی ئومێد بۆ خۆی تێگەیشتنێکی

مرۆییبیانەیە و تەنها ئەو دەتوانێت خاوەنی بێت، بەو پێیەی تەنها بوونێک کە سەبارەت بە چارەنووسی خۆی بەردەوام نیگەران و غەمزەدەیە هەر ئەوە، ئەم غەمزەدەبوونە تەنها غەم و نیگەرانی نییە سەبارەت بە ژیان و بارودۆخی ڕۆژانە و گرفتەکان، کە بۆ مرۆڤی ڕۆژانەیی و مەزاجی گرفتی بنەڕەتین، بەڵکو ئەو نائومێدی و نیگەرانییەی بە شێوەیەکی بنچینەیی مرۆڤی قووڵ لە مرۆڤی تەنک جودا دەکاتەوە بوونی نائومێدی مەزنە لە نێو ئومێدی مەزندا، پێکهێنانی ژیانە لە سەر بنەمای هەردوو ڕەهەندە گەورەکە، بەتایبەت ئەو کاتەی ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەبێتەوە، کە ئومێد و نائومێدی هەردووکیان "هیچ"ن. ئەم "هیچ"ە ئومێد و نائومێدییە، ئومێدە لەبەر ئەوەی گوزارشتە لەو بۆشکەیەی کە ڕێگەی بە بوونی سوبێکتییانەی مرۆڤ داوە ببێتە سوبێکت و ئاسۆی ڕووان و هەڵهاتنی خەون و چاوەڕوانییەکانمانە، ئەو زەمینەیە کە مرۆڤ ئەفراندنی خۆی تیادا بەرجەستە و ڕیالیزە دەکات. بەڵام ئەگەر سەرەنج بدەین، دەبینین "هیچ" لە هەمان کاتدا نائومێدییە، ئەو کات و شوێنەیە ئێمە تیایاندا، ڕاستییەک تێدەگەین، کە خاوەنی هیچ نین، درک بەوە دەکەین، ئێمە پڕین لە بەتاڵی و هیچێتی و بۆشکە، ناتەواوی و ناکامڵین. هەمیشە ئەوەی وا دەکات مرۆڤ نائومێد ببێت، تاریکیی ئاسۆی ئومێدی لێڵ بکات و غەمزەدەیی داگیری بکات، هەستکردن و پێزانینی قووڵییەتی بە دۆخی ناتەواویەتی، گرگنایەتی و سەرچاوەی نائومێدییە گەورەکانی، نائومێدییە بنەڕەتییە ئۆنتۆلۆژییەکانی، کە لە هەناوییانەوە پێشمەرجی ئۆنتۆلۆژییانەی بوونی ئومێد دادەمەزرێت.

# تەوەری دووەم

# کێشەی مانا و بێمانایی لە پرۆسێسی ژیانی کەسێتیدا

Scanned with CamScanner

سیمیۆن فرانک[1] فەیلەسوفی ڕوس لە پەرتوکێکی گرنگی خۆیا لەژێر ناوونیشانی *مانای ژیان* پێی وایە، کە پرسی مانا وەرسکەر و ئازاردەرە لە قوولاییی گیانی هەر مرۆڤێکا. مرۆڤ دەتوانێ بۆ ماوەیەکی کاتی و تەنانەت ڕوو دەدات بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە شێوەیەکی گشتی ئەم پرسە فەرامۆش و لەبیر بکات و غەرق بێ لە حەز و ئارەزووە ڕۆژانەییەکانیدا، لە نیگەرانییە ماتیریالییەکاندا دەربارەی پاراستنی ژیان، دەوڵەمەندی و سامان، چێژ و سەرکەوتنە زەمینییەکان، یان لە سۆزگەل و کارگەلی سەرو کەسێتیدا، وەک لە کاری ڕامیاری و ململانێی حیزبەکاندا۹).

بێگومان ئەوەی گرنگە لە سەرەتاوە سەرەنجی لێ بدەین ئەو ڕاستییەیە، کە فرانک هێمای پێ کردووە، پرسی مانا پرسێکی جارسکەرە، بەردەوام نیگەرانی هێن و غەم ئەفرێنە، ئەگەر ئەم پرسە ئامادەییەکی ڕاستینە و ڕەسەنی

---

١ سیمیۆن فرانک: لە ساڵی ١٨٧٧ لە مۆسکو لەدایک بووە و ساڵی ١٩٥٠ مردووە. فەیلەسوف و بیرمەندی ئایینی ڕوسییە. بیرکردنەوەی لەژێر کاریگەریی ئەفلاتون و نیکۆلای کوزانسکیدایە. فرانک نزیکی و لێکچوونی خۆی لەگەڵ فەیلەسوفی گەورەی ڕوسدا ڤلادیمێر سەلاڤیۆڤدا باس کردووە، بەتایبەت لەبارەی کەنسێپتی یەکێتیی ئیجابییەوە. ڤاسیلی زێنکۆڤسکی مێژوونووسی فەلسەفەی ڕوس لەبارەی فرانکەوە نووسیویەتی، لەنێو هەموو فەیلەسوفانی سەردەمی خۆیدا فرانک فەلسەفیترینیان بوو.

واتە ئەگەر لە جەوهەری پرسیاربوونەکەی خاڵی
هەبێت، واتە ئەگەر لە جەوهەری پرسیاربوونەکەی خاڵی نەکرابێتەوە. بوونی پرس لە خۆیدا هێمایە بۆ پرۆسەی گەڕان بەدوای وەڵامدا، بەڵام لە هەموو ئەوە بنەڕەتیتر خودی پرۆسێسی گەڕانەکەیە، نەک دۆزینەوەی وەڵام، وەک ئەوەی ئەشێ خەڵکانێک بانگی بۆ بدەن، ڕەنگە تەواو بە پێچەوانەوە کۆتایهاتنی وەڵام خاڵە گرینگەکە بێت. جەوهەری ئەو پرسە لە بوونی وەڵامدا نییە، بەڵکو لە نەبوون یان ناکۆتاییی وەڵامدایە. هەڵبەت وەڵام بە مانا کۆنکریتییەکەی واتە وەڵامێکی دیاریکراو و سنووردارکراو و ڕەها، کە بەربەستی بەردەم ئەفراندن و پرۆژەی خۆبوونیادنانە.

نائامادەییی وەڵام شیاوە بریتی بێت لە وەڵامی ڕاستەقینە، واتە نەبوونی وەڵام وەڵامە بەو پرسە بنەڕەتییە. نەبوونی وەڵام بێمانایی ناگەیەنێت، بەڵکو خودی بێمانایی، واتە نەبوونی مانایەکی کۆنکرێتی. مانا لە خۆیدا مانای بنەڕەتی ئەو پرۆسێسی گەڕانەیە، کە بە پێویست دەبێ وەڕێ بخرێ. ئەگەر بهاتایە دروست و تەبا بووایە لەگەڵ بەردەوامێتیی بیرکردنەوەدا، کە مانا بوونێکی دیاریکراو و کۆنکرێتی هەبووایە، ئیدی خودی گەڕان و پشکنینی مرۆڤ و زانخوازی ئەو بوونە هەر لە سەرەتاوە دەگەیشت بە کۆتایی، چونکە هەمیشە و هەر چرکەساتێکی دەستپێکی ئەم گەڕانە، مرۆڤ دەرگیر دەبێت لەتەک پێوابوون و تێڕامان و دیاردەی جیاوازی بیرکردنەوەی وەڵامخوازانە، بۆیە لە هەر وێستگەیەکی بیرکردنەوەی مرۆڤە ماندووەکاندا ئەشێ تەواوی کرانەوە و والایی لە بیر و هزردا لێڵ، تاریک و داخراو ببێت لە سەرەنجامی ئەو تارمایی و لەمپەرانەی وەڵامە کۆنکرێتییەکان

لەسەر ئاسۆی بیری مرۆڤ دای دەنێن.

وەڕسکەری و بێزارکەری و خەوزڕێنی پرسی مانا و بێمانایی لە پەیوەند بە ژیانی کەسێتییەوە، کارکرد و ڕۆڵێکی ڕادیکاڵییانە وازی دەکات بە شێوەک جەوهەری کەسێتیی لەسەر دادەمەزرێت.

لە ڕوانگەی سیمیۆن فرانکەوە، مرۆڤ دەتوانێ ئەم پرسە بەفەرامۆشی بسپێرێت بۆ ماوەیەکی کاتی یان دوورودرێژ و غەرق ببێ لە ئارەزوو و حەزە ڕۆژانەییەکانیدا. بێگومان کێشەی بنچینەییمان وەک بوونێکی مرۆیی، وەک بوونێکی خاوەن شیاو بۆ بوونی ئاگامەندبوون تەنها ڕێگە و ئەگەرێک لە بەردەممانـدا دەهێڵێتەوە، بەڵام ئەگەرێکی فرەڕێگا و فرەدەروازەیە، کە مرۆڤەکان دەتوانن بە تێپەڕین پیایاندا تەنها بکەون، یان ئاشنا ببن لەتەک بەردەوامی پرسی مانا لە هەناوی بیرکردنەوەدا. نیگەرانبوون و غەمزەدەبوون هەڵقوڵاو و سەرەنجامی ئەم پرسە گرنگەن، وەڕسکەری، غەمهێنەری و نیگەرانکەری شوناسی ئەو ڕەوشەن، کە مرۆڤی گەڕیدە تیایدا ئەژی. گەڕیدەکانی ناو جیهانی هزر و بیرکردنەوە بە بنەڕەتی خۆیان غەمزەدە و هەڵگری ڕاستەقینەی نیگەرانین.

مرۆڤی ڕۆژانەگەرا و بزر لە نیگەرانییە ماتیریاڵی و خەمەکانی سامان و دەوڵەمەندبوون و چێژ و سەرکەوتنە داکەوتییەکان، یان ڕۆچوو لە کردە و سۆزگەلی سەروو کەسێتیدا، وەک سەرقاڵی بە ئیشە گشتی و کۆمەڵگەیی و ڕامیارییەکانەوە. ئەم سەرقاڵبوونە دەکرێت زەمینەی فەرامۆشکردنی پرسە بنچینەییەکە ساز بکات، چونکە بەردەوام سەرقاڵبوون یان سەرمەستبوون بە ژیانی

ڕۆژانەیەوە، خۆبێبەریکردن و خۆشاردنەوە لە کێشە گەورە و بنەڕەتییەکان وەک کێشەی مانا، کە بێگومان ئەم کێشەیە ئەشێت کێشەکانی ئازادی، دادپەروەری، ڕەوشت و شکۆمەندی و جوامێری لەتەکدا تێکەڵ و ئەژمار بکەین.

سیمیۆن فرانک پرسی مانای ژیان بە حەتمی و خۆلێلانەدراو لەقەڵەم دەدات نەک بەتەنها بۆ مرۆڤە هۆشمەندەکان، بەڵکو لە پەیوەند بە دەبەنگترین مرۆڤەکانیشەوە ئەم پرسە تاکۆتایی ناتوانێت بەپەنهانی و فەرامۆشکراو خۆی بهێڵێتەوە. ڕەنگە گەورەترین کارکردن لە تەواوی ژیانی مرۆڤدا هەندێک چرکەساتی تەمەنی ئەو بوونە دروستی بکەن، ئەو چرکەساتە هەستیارانەی هەموو مرۆڤێک بەبێ ئەوەی پێویستی بە بیرکردنەوەی قووڵ هەبێت، دەمانخاتە بەردەم ژیانی لەدەستچوو و تەمەن و ڕابردوویەک، کە هیچ دەسەلات و کۆنترۆڵێکیمان لەدەستدا نەماوە؛ دەمانخاتە بەردەم نیگەرانییەکی قووڵی ئەوتۆ، کە تەواوی ژیانمان دەخەینە ژێر پرسیارەوە. بەو پێیەی بەبێ جیاوازی هەموو مرۆڤێک بە مردن کۆتایی دێت، بۆیە هەر بەبێ جیاوازی پرسی مانا و ڕاچڵەکینە هەژێنەرەکانی دەرکەوتنی پرسەکە بەتایبەت بە هۆی هەڵاتنی ئاسۆی مردنەوە هەموو مرۆڤە گەمژە و هۆشمەندەکان دەگرێتەوە. ئەم دۆخە لەلای فرانک گرێدراوی خەسڵەتی سەرەتاییانەی ژیان خۆیەتی، لەبەر ئەوەیە کە پێی وایە، ژیان وەها پێک هاتووە، تەنانەت گەمژەترین و خەوتووترین مرۆڤ لە ڕووی گیانیەوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی و تا هەمیشە ناتوانێ لەو پرسە خۆی بشارێتەوە، ئەمەش فاکتێکی نکۆڵیلێکراوی

نێزیکبوونەوەی مردن و نیشانده‌رەکانی ئەون، فاکتی فەنابوون و نێزیکبوونەوەی لەناوچوون و ونبوونن، فاکتی غەرقبوونن لە ڕابردوویەکی نەگەڕاوەی ژیانی خۆیاندا بە هەموو شتە دیار و خەیاڵییەکانی گرنگیەتیی ئەو ژیانەوە. ئەم فاکتە بۆ هەموو مرۆڤێ بیرەوەرییەکی دژوار و بەردەوامی بڕیارلێنەدراوە، کە لە بواری پرسی مانای ژیاندا جێگە دەگرێت(١٠).

ئەوەی فرانک باسی لێ دەکات ڕاستینەیەکی ڕەتنەدراوەیە، کە مرۆڤ تا هەمیشە ناتوانێ خۆی لەو پرسە دوورەپەرێز بگرێ، چونکە ژیانی مرۆڤ بۆ خۆی خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکە لەتەک بەردەوامی و ڕووداوەکانیدا مرۆڤ فڕێ دەداتەوە بەردەم پرسی مانا و بێمانایی. لە دەمە جیاواز و ساتە جیاوازەکانی ژیانماندا سەبارەت بە ڕووداوە کاریگەر و شوێندانەرەکان لەسەر بوونمان مەحکوم بە هەڵوێستگرتن دەبین، سەرەتاییترین پرسی "بۆچی؟" بۆچی ئەمە ڕوو دەدا؟ بۆ دەبێ تێبکۆشم؟ بۆچی پێویستە کار بکەم؟ بۆچی پێویستە بخوێنمەوە؟ ئەمانە و چەندین پرسی سەرەتایی و بنەڕەتیی دیکە ولە سەروو هەموویانەوە: ئێمە بۆچی دەژین؟

ئەم خۆلێلانەدراوییەی پرسی مانا لە ساتی نێزیکبوونەوە و دەرکەوتنی سەرەتاکان و هێماکانی مەرگدا بەڕوونی خۆی دەسەلمێنێ، مرۆڤ لەم ڕەوشەدا ناچار بە گەڕانەوەیەکی قووڵ و غەرقبوون دەبێت لە ڕابردوویەکی نەگەڕاوە و لە بەردەم هەموو ڕووداو و ڕوونەداوەکانی ڕابردوویدا دەیوەستێنێ و تەنها شتێ لێرەیا و لەو ساتەدا مرۆڤ داگیر بکات مانای بوونیەتی، تەنانەت ئەگەر هۆشمەندانەش نەبێت، چونکە مەرگ خۆی ڕووداوێکی بێماناکەرە، ئەمەش

زۆر لە مرۆڤ و فەیلەسوفەکانیشی ناچار کردووە، کە لەبارەی خودکوژییەوە بیر بکەنەوە، وەک ئەوەی ئەلبێرکامۆ[1] لە پەرتوکی *ئەفسانەی سیزیف*دا نووسیویەتی، تەنها یەک پرسیاری فەلسەفی ڕاستەقینە و جیددی هەیە، ئەویش پرسە سەبارەت بە خودکوژی، وەک ئەو دەنووسێ، ئەوەش بڕیاردانە لەوەی ئایا شایەنی ئەوەیە ژیان ئەزموون بکەین، یان نەخێر شایەنی نییە؟ ئەمەش واتای وەڵامدانەوەیە بە بنەڕەتیترین پرسی فەلسەفە(11). ئەگەر بمانەوێت سەبارەت بە ڕوانینی کامۆ زیاتر قووڵ ببینەوە، دەکرێت ئەوە بڵێین پرسیاری کامۆ لەهەمبەر ئەوەی ئایا ژیان شایەنی ئەوەیە ئەزموونی بکەین؟ ڕەنگە هەر لە بنچینەوە کێماسی و کێشەی گەورەی هەبێت، بە شێوەیەک ئەگەر پرسەکە نەگۆڕین و پێی زیاد نەکەین، ناتوانێت جێی خۆی بگرێت. ئەمەش بە هۆکاری ئەوەی لەبارەی ئەزموونکردنی ژیانێکەوە دەپرسێت، کە ئێمە لە کاتی پێشکەشکردنی پرسەکەدا ئەزموونی ژیانمان کردووە، ئێمە لە زەمەنێکدا پرسیار دەکەین دوای دەستپێکردنی ئەزموونکردنی ژیانە و ڕەنگە باشترین پرسیار ئەوە بێت بپرسین، ئایا ژیان شایەنی درێژەپیدانی هەیە زیاتر لەوەی تا ئێستا ئەزموونمان کردووە؟ ئەزموونکردنی ژیان لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ خۆیەتی، ئەمە حەقیقەتێکی

---

1 ئەلبێر کامۆ: لە ساڵی ١٩١٣ لەدایک بووە و ساڵی ١٩٦٠ مردووە. نووسەر و فەیلەسوفی فەرەنسی نزیک لە فەلسەفەی بونگەراییە. هەر لە سەردەمی خۆیدا نازناوی "ویژدانی خۆرئاوا" وەر دەگرێت. لە ١٩٥٧ خەڵاتی نۆبلی ئەدەبیاتی پێ دەدرێت. لە جەزائیر لەدایک بووە و زۆریش لەو وڵاتە ژیانی بەسەر بردووە. کتێبی *ئەفسانەی سیزیف* یەکێکە لە دیارترین کتێبەکانی لەگەل *مرۆڤی یاخی* و ئەوانیدیکەیدا.



Scanned with CamScanner

بنەڕەتی ئۆنتۆلۆژییە و بە هیچ شێوەیەک قابیلی گۆڕین نییە. ئەگەر هەر جۆرە تێگەیشتنێکمان هەبێت، چ تێگەیشتن و جیهانبینییەکی میتافیزیکییانە و ترانسدێنتالییانە بێت، یان تێگەیشتنێکی ئۆنتۆلۆژیانە و ماتێریالیستییانە بێت، ئەو حەقیقەتە ناگۆڕن و لە توانای دەربازکردنی بوونی مرۆڤدا نین لە ناچاریەتیی ئەزموونکردنی ژیان. سەرباری ئەوەی مرۆڤ دواجار وەک لە ڕێبازگەلێکی فەلسەفیدا وەک بوونێکی خاوەن ئیرادە باس دەکرێت، بەڵام ئەم بوونە لە بنچینەوە لە دۆخێکی ناچاریەتیی ئەوتۆ دایە، کە بە تەواوی مانا لەو دۆخەدا بوونێکی نائیرادەگەرایە، ئەو بوونە بەبێ پرس و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئیرادەی خۆی بۆ جیهان فڕێ دەدرێت. ڕەنگە ئەم فڕێدانە بۆ جیهان، لەلای فەیلەسوفی گەورە مارتین هایدیگەر شوێنێکی تایبەتی لە فەلسەفەکەیدا داگیر کردبێت، کە ئەگەر ئەم فڕێدانە لە بیری فەلسەفی ئەودا دەربارەی مرۆڤ یان دازاین دەر بهێنین، فەلسەفەکەی تووشی کەموکورتیی گەورە بکەین، چونکە فڕێدانی مرۆڤ ئەو دۆخە بۆ مرۆڤ خۆی دەهێنێتە ئاراوە، کە پێویستی بوونەوییانەی لەسەر جێ دەکاتەوە بە ئاراستەی خۆدۆزینەوە و خۆپڕکردنەوە لەو بەها و جەوهەرانەی مرۆڤ خۆی هەڵیان دەبژێرێت و بۆ سەرڕێخستنی پرۆژەی بوون و دازاینبوونی خۆی پێویستی پێیانە. کێشەی مانا لە بیری میتافیزیکییانە یان ئۆنتۆلۆژییانەدا کێشەیەکی بنەڕەتی بەردەوام قسەلەسەرکراوە، ئەگەر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت، ئەمە سەرباری ئەو ڕەخنەیەی هایدیگەر ڕووبەڕووی بیری میتافیزیکییانەی دەکاتەوە لەسەر ئەوەی پرسی مانای بوونی



Scanned with CamScanner

فەرامۆش کردووە. ئەگەر لە بیرکردنەوە میتافیزیکییەکاندا پرسی مانای بوون بەو ڕەنگەی هایدیگەر ئاماژەی بۆ کردووە، دەر نەخرابێت و شیکردنەوەی بۆ نەکرابێت، ئەوە واتای فەرامۆشکردنی ئەو پرسە ناگەیەنێت، چونکە تەنانەت لە فەلسەفەی ئەفلاتووندا، کە باوکی سەرەکی بیری میتافیزیکییانە و گێڕەرەوەی بوونە بۆ سەر هیچ، واتە بۆ سەر بنەڕەتی ئایدییا، حەقیقەتی جیهانی ئایدییاکان گوزارشت لە ڕوانینی ئەفلاتوون بۆ پرسی مانای بوون و جیهان دەکات. پێناسەیەکی ئاشکرا و ڕوون و دیاریکراوی کۆنکرێتی لەبارەی جیهانی ئایدییاکانەوە ناخاتە ڕوو، هەر وەک چۆن هایدیگەریش بۆ پێناسەی بوون تەنها بوون خۆی بە بنەما دەگرێت و پێی وایە بوون بوونە، یان بوون هەمووە و هەموو بوونە. ئەمەش هیچ ڕوونییەتییەک لەبارەی بوونەوە بۆ ئێمە دەستەبەر ناکات، هەر وەک چۆن جیهانی ئایدییاکانیش جگە لە حەقیقەتی هەموو شتەکان، هەبووەکان و جیهان نەیتوانیوە زیاتر خۆیمان بۆ دەر بخات لە بیرکردنەوەی ئەفلاتووندا. مانا بوونێکی نادیار و عەجولی هەیە، ئەمەش زۆر جار وەک نەبوونی مانا خۆی پیشان دەدات، یان وەک بوونێکی نامومکین بۆ ڕامکردن و دەستگیربوون. ئاساییە ئەو ڕوانینە بە ڕاست بزانین، کە گەیشتن بە مانایەکی دیاریکراو ڕەنگە سەرەتای پرسی ماناداربوون نەبێت، ئەوەندەی ڕێگەیەکە بۆ گەیشتنمان بە بێمانایی، لەبەر ئەوەی مانا بوونێکی ڕامنەکراوە و هەر پێوابوونێکی مرۆڤ بۆ ڕامکردنی مانا جیا لەوەی دەبێتە پێوابوونێکی نالۆژیکی، دەشبێتە بنبەست بۆ بیرکردنەوە و خودی ئەو پرۆسەیەی پێویستە مرۆڤ

پارێزگاری لە بەردەوامێتییەکەی بکات. مانا میتافیزیکییانە یان ئۆنتۆلۆژییانە بێت هەر مانایە، تەنها جیاوازییەک لەم نێوەدا جیاییە لە تێڕوانین و جیهانبینییەکاندا بۆ بنەڕەتی بوون بەگشتی و مرۆڤ و یەزدان لە هەموو فۆرم و جەوهەرە هزرییە جیاوازەکانیدا. کێشەیەک لێرەدا پێویستە سەرنجی بدەین ئەوەیە، دۆخی بناغەیی بوونی مرۆڤ لە فەلسەفەی میتافیزیکی، یان ئۆنتۆلۆژیدا دۆخی بێمانابییە. بێمانایی واتای نەبوونی مانا ناگەیەنێت، چونکە ئەگەر مرۆڤ هەڵگری هیچ واتایەکی لەپێشینە و ئەپریۆری نەبێت، واتە فڕێدرابێتە بوونەوە بەبێ سەرچاوەیەکی میتافیزیکی دیسان ناتوانێت لەو واتایە ڕزگاری ببێت، کە واتای بوونی ئەو لە بابەتی نەبوونی مانای لەپێشینەدا جێی گرتووە، ڕوونتر بڵێین، مانای بوونی مرۆڤ ئەو بێمانابییە بناغییە ئۆنتۆلۆژییەیە، کە لە ئەنجامی فڕێدانییەوە بۆ جیهان پێی دەگات. ئەگەر نەبوون مانای بنەڕەتیی بوونی مرۆڤ بێت، ئیدی پێویستە ئەوە تێبگەین، کە نەبوون خۆی خوڵقێنراوی مرۆڤ نییە و لە پەیوەند بە بوونی مرۆڤەوە لەپێشینە و ئەپریۆرییە.

ئەوەی لێرەدا بەڕۆشنی پێویستە ببینین ڕۆڵی مەرگە لە یەکلاکردنەوەی پرسی مانا و بێمانابییدا. ژیان و مەرگ دوو بژاردەی مرۆڤن لە جیهان، کە پێویستە بڕیار لە هەڵبژاردنیان بدات، ئەمەش پڕکردنەوەی ئەو بێمانایی و هیچەیە مرۆڤ لەتەکیاندا دێتە بوونەوە. مرۆڤ وەک هیچ فڕێ دەدرێتە بوونەوە، بەم پێیە هەڵوەشان و یەکلاکردنی ئەو "هیچ"ە لە ڕێگەی هەوڵدانی مرۆڤ بۆ پڕکردنەوەی ناتەواوییەکانی و خوڵقاندن و هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی کەسێتییەوە دەبێتە

پێشمەرج تاکو بتوانێ لە هیچیەتی و هیچبوون "هیچ - بوون" خۆی قوتار بکات بۆ هاتنەناو *ڕۆشنەپانتاییی* بوون.

سەرەکیترین پرس لە لێکۆڵینەوەی ئێکزیستێنسیالییانەی کەسێتیدا لەوەدایە، کە تەنها بۆ مرۆڤ، بوون پێشبوونی جەوهەر دەکەوێ، مرۆڤەکان خۆیان دەگەنە ئەوەی، کە دەبن پێی، ئەمە تێزی فەیلەسوفی گەورە ژان پۆل سارتەرە، کە ڕوئیایەکی ڕۆشنمان دەداتێ: هەموو مرۆڤێ ئازادە لە پەیوەند بە چارەنووسی خۆیەوە، کەواتە مرۆڤ دەتوانێ خاوەنی ناواخن و ناوەرۆک بێت، وەک ئەوەی دەشتوانێ خاوەنی جیهانی دەرەکی بێت(١٢).

لە فەلسەفەی بوونیاریدا مرۆڤ بوونەوەرێکە بوونی پێش ناوەڕۆکی دەکەوێت، ئەمەش مانای هەرە بنەڕەتیی بوونی مرۆییە. مرۆڤ تەنها کاتێ دەتوانێ (مانا)خوڵقێن بێت، کە وەک بوونێکی بێجەوهەر بێتە بوونەوە، ئەو بوونێکی ناپڕ و بەتاڵە، ئەو تەنها بۆشکەیەکە، ئەو وەک "هیچ" دێتە ناو جیهانەوە، ئەمە ئەشێ وەک مانای بوونی مرۆیی لەقەڵەم بدەین. مانا بۆ خۆی لە "هیچ"دا نیشتەجێیە، کە گوزارشت لەو بێجەوهەری و بێمانابییە سەرەتایی و بنەڕەتییە دەکات، کە لەتەک بوونی مرۆڤدا دەتوانین هێمای پێ بکەین.

تێگەیشتنێکی بنچینەییی دیکە، کە هەر لەو "مانا"یەوە سەرچاوە دەگرێت، لە بێجەوهەری و بێماناییی بنەڕەتیدا خۆی دەبینێتەوە. ئەوەیە، کە "مانا" تەنها لە بوونی مرۆڤدا دەشێ دەر بکەوێت، لە دیاردەی بوونی مرۆییدا بەرقەرار بێ، چوونکە دەکرێت دەرکەوتنی ئەو بوونە خودی مانا بێت، کە بوونی مرۆیی بتوانێ خاوەندارێتی بکات.

دیاردەی بوونی مرۆڤ شیاوە خودی مانا بێت، ئەمەش بەتەنها نا، بەڵکو ئەو دیاردەیە گونجاویشە وەک کەسێتی هەڵی بسەنگێنین. کەسێتیی مرۆڤ ئەو بوونەیە، کە بوونی مرۆڤ ئەفرێنەریەتی، کەسێتی لە بنەڕەتا "هیچ"ی مرۆڤە، ئەو بۆشکە سەرەتاییەیە، کە مرۆڤ پێیەوە لەدایک بووە، هەر بۆیە کەسێتی داهێنەرانەیە، داهێنراو و لە هەمان کاتا داهێنەریشە، ئەو خودانی هیچ بوونێکی لەپێشینەیی نییە، ئەو "هیچ"ی بوونی خۆیەتی، ئەو بەردەوامیش بەو "هیچ"ەوە، یان بەو "بۆشکەیەوە" ڕووبەڕووی جیهان دەبێتەوە، هەر ئەوەش پێشمەرجی بوونی کەسێتیی خۆیەتی. کەسێتی ناتوانی کەسێتی بێت، ئەگەر هەڵگری ئەو خەسڵەتە بنچینەییانە نەبێ: هیچبوون، بەردەوام ناتەواو بوون، بەردەوام کەوتنە بەردەم هیچی خۆیەوە. ئایا بوونی مرۆڤ لە جیهان ناتوانێت ئەو مانایە بێت، کە بوون هەیەتی؟ ئایا مرۆڤ ناتوانێت دەستنیشانکەر و بەرجەستەکاری هەموو مانای بوون بێت؟ گەڕان بەدوای مانادا گەڕانە بەدوای مرۆڤدا، گەڕانە بۆ حەقیقەتی مرۆڤ، گەڕانە بۆ سەرچاوە و بناغەی مرۆڤ، بەم شێوەیە ئێمە دەگەینە ئەو ڕادەیەی مرۆڤ وەک مانای گشتیی بوون لەقەڵەم بدەین. ئەمە سەرباری ئەوەی باسمان لە بێمانایی بنەڕەتیی مرۆڤ خۆی کردووە. بوون بەگشتی لە ڕێگەی مرۆڤەوە قسە دەکات، مرۆڤ بە گوتەی هایدیگەر قسەکەری بوونە. بوون بەگشتی لە بوونی مرۆڤدا دەر دەکەوێت. مانا جگە لە مرۆڤ هیچ پانتاییەکی بۆ ژیان و ئامادەبوون نییە، هەر وەک چۆن بێمنایش هەر لە مرۆڤدا دەتوانێت، وەک چەمک و وەک جەمسەری دژی مانا دەر

بکەوێت.

بەم شێوەیە بەرپرسیاریی مرۆڤ لە چارەنووسی خۆی بەرجەستە دەبێت، ئەگەر نا، هەرگیز ئەو لە توانای دەستوەردان لە چارەنووسی خۆی نەدەبوو، ئەو کاتێ دەتوانێ ئەم دەستێوەردانەی هەبێ، کە چارەی خۆی بنووسێ، واتە چارەنووسی خۆی بینووسێ. ئەمە سەرباری ئەوەی لە ڕوانگەی سارتەرەوە، مرۆڤ ئازادە لە پەیوەند بە چارەنووسی خۆیەوە. بەو پێیەی مرۆڤ لەلای ئەو ناچارە بە ئازادی، هەر ئەو ناچارییەشە، کە هێمایەکی ڕوونی هیچی بوونی مرۆڤە. سارتەر ئەو هیچێتییە بنەڕەتییە وەک پێشمەرجی ئازادی دادەنێت. پێشمەرج بۆ ئازادی لێرەدا خودی ئازادیی مرۆڤە لەلای سارتەر، چوونکە هیچی سەرەتایی و بناغەیی بوونی مرۆڤ دۆخی ناچاریەتی مرۆڤە بە ئازادی، کەواتە بەم شکڵەیە کە پێشمەرجی سارتەر بۆ ئازادی بریتییە لە خودی ئازادیی خۆی.

ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە، کە لە مشتومڕی فەلسەفیدا ئەشێ چەند پێوەر و ئاڕاستەی جیا لەبارەی بڕیاروەرگرتن و چارەسەرسازیی کێشەی "مانا"وە دیاری بکەین:

یەکەم: شوێنی مانا، ئەو شوێن و زەمینەیەی مانای تێدا نیشتەجێیە، کە لە مێژووی فەلسەفەدا یاسا و ڕێساگەلی خۆی هەیە. لە سەرەتاوە مانا ئەکەوێتە دەرەوەی مرۆڤەوە و بنەڕەت و یەکەمینە لە پەیوەند بە بوونی مرۆڤەوە. ئەم ڕێباز و پۆلێنە ئەشێ گرێ بدرێتەوە بە گریکەکانەوە، لە سەردەمی هاوچەرخیشدا – سترەکتورالیزم.



Scanned with CamScanner

دووەم: لەتەک گەشەکردنی فەلسەفە و هێنان و بردنی جەختکردنەوە و سەرنجی سەرەکیی لێکۆڵینەوەکان بۆ سەر مرۆڤسەنتەری - ئیدی مانا تێکەڵاو بە ناوەڕۆکی مرۆڤ دەبێت، ڕەنگی سوبێکتییانە نەخشی خۆی ئەگرێ.

سێ یەم: لەتەک کیرگیگۆر[1]دا دەست پێ دەکا، کە بە شێوەیەکی دیکە شرۆڤەی "مانا" دەخاتە ڕوو. لای ئەم بیریارە مانا هەڵبژاردنی مرۆڤە و مرۆڤ دەتوانێ قابیل یان ناقابیل بێ لە هەڵبژاردەی خۆیدا[13].

هێما بەوە دەکەین، لە پلەی یەکەمدا، کە مانا دەکەوێتە شوێنی دەرە مرۆییەوە، وەک چۆن لەلای ئەفلاتوون لە جیهانی ئایدیاکان نیشتەجێیە، مرۆڤ بێبەریە لە دەستوەردان لە مانای بوونی خۆی، ئەو مانای بوونی بۆ دیاری کراوە و، ئەشێ لێی بزرکرابێ لە هەندێ کاتدا، بەلام لەم دۆخەدا، مرۆڤ تەنها لەسەریەتی بیدۆزێتەوە، ئەمەیە ئیشی بنەڕەتی مرۆڤ، نەک داهێنان و ئەفراندنی مانا. ئەمە ڕەهەندێکی دیکەی هەیە، ئەویش پرماناکردن و پێشدیاریکردنە سەبارەت بە مرۆڤ، هەر لەبەر ئەوەیە مرۆڤ لە بناغەیەوە بوونێکی بێمانا نییە و نابێتە هیچی بوونی خۆی، چوونکە زۆرجار لەم حاڵەتەی یەکەمەیدا، مرۆڤ هەر لە بنچینەوە جەوهەری خۆی پێ بەخشراوە. سەرباری ئەم تێگەیشتنە ئەفلاتوونییە بۆ مانا، بەلام هەر لە هەمان تێگەیشتندا دەکرێت ڕوانینی دیکە بدۆزینەوە. ئێمە لە پێشتردا ئاماژەمان بەوە کردووە

---

[1] کیرگیگۆر: نووسەر و تیۆلۆگی پرۆتستانتی و فەیلەسوفی دانیمارکییە. ساڵی ١٨١٣ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٨٥٥ مردووە. بە دامەزرێنەری فەلسەفەی بونگەرایی دادەنرێت. ئەم بیریارە سێ ئاست بۆ بوونی مرۆیی دیاری دەکات: ئاستی ئیستاتیکی، ئێتیکی و ئایینی.

لـە ڕوانینـی میتافیزیکیانـە و ئۆنتۆلۆژیانـەدا، دۆخـی بناغەیـی بوونـی مـرۆڤ بێمانایییە، کە واتـای نەبوونـی مانـا ناگەیەنێت. ئاماژەمـان بـەوە کـردووە مـرۆڤ خـۆی وەک بوونێکی فڕێدراو بۆ جیهـان مانایـە بـۆ بـوون و جیهانیش. کەواتـە لێرەدا دەبێـت بپرسـین بوونـی مرۆیـی کـە خـۆی لـە خۆیـدا مانـا بێـت بـۆ بـوون، ئیـدی چـۆن دەتوانێـت بەتـەواوی بێمانـا بێـت؟ ئەمـە کێشـەیەکی جەوهەرییـە، کـە ڕووبەڕووی بیـری بوونگەرایییانـە دەبێتـەوە و بەتایبـەت سـارتەر. ئەگـەر بـەوردی تەماشـای بیـری ئەفلاتوونیـش بکەیـن، بەناڕاسـتەوخۆ داندەنێـت بـە ئازادیـی بوونـی مرۆڤدا لـە ڕەتکردنـەوەی ئـەو جەوهەرە ترانسـدێنتالی و میتافیزیکییـەی ئـەو بـە حەقیقەتـی بناغەیـی دادەنێـت، هەرچەنـدە ئەفلاتـوون لـە چیرۆکـی ئەشـکەوتدا، ئـەو ڕەتکردنـەوە مرۆیییـە بـە نەزانـی و بێئاگایـی مـرۆڤ لـە ئاسـت حەقیقەتـی باڵادا، یـان حەقیقەتـی جیهانـی ئایدییـاکان لەقەڵـەم دەدات. ئـەو کەسـەی ئەشـکەوت جـێ دەهێڵێـت و ئاشـنای جیهانـی ڕاسـتەقینە دەبێـت لـە گەڕانەوەیـدا بـۆ نـاو ئەشـکەوت بـڕوای پـێ ناکرێـت و زانینـی ئـەو لەبـارەی جیهانـی ڕاسـتەقینەی ئەفلاتوونـەوە، کـە دونیـای دەرەوەی ئەشـکەوتەکەیە ڕەت دەکرێتـەوە لەلایـەن دانیشـتووانی ئەشـکەوتەوە. ئـەم ڕەتکردنـەوەیـە ئەفلاتـوون هـەر ناوێکـی لـێ نابێـت هیـچ لـەو ڕاسـتییە کـەم ناکاتـەوە، کـە مـرۆڤ توانـای ڕەتکردنـەوەی هەیـە. ئەمـەش مومکینیەتـی ئـازادی دەدات بـە مرۆڤ لـە پرۆسـەی هەڵبژاردنـی ناوەڕۆکـی کەسـێتی و بوونـی خۆیـدا.

لەپـاش ئـەم دونیابینییـە فەلسـەفییەوە و بەتایبـەت لـە سـەردەمی بووژانـەوەدا مـرۆڤ تـا ڕادەیـەک پێگەیەکـی

پێشکەوتووتر داگیر دەکات. ئەو تێکەڵاو بە "مانا" دەبێت، ئەو ئەشێ وەک خودی مانا تەماشای بکەین، نەوەک هەر لە پەیوەند بە خودی خۆیەوە، بەڵکو لە پەیوەند بە تەواوی بوونەوە. واتە مرۆڤ کاتێ واتا بە بوون و شتەکان دەبەخشێ ئەوە هێمایە بە بێمانایی بوون و شتەکان هەر لە بنەڕەتەوە، ئەوان خۆیان مانا هەڵناگرن، بەڵکو بوونی مرۆڤ بۆ خۆی بەرپرسی ڕەهای پەیدابوونی خودی چەمکی "مانا"یە، ئیدی هەموو ناوەڕۆکەکەشی لەو سەرچاوەیە بەدەر نییە. لەگەڵ هەموو ئەوەدا، مرۆڤ بۆ خۆی مانا نەک تەنها بە دەرەوەی خۆی دەدات، بەڵکو مانای بوونی خۆی تەنها ئەوەیە، کە خۆی دەیئەفرێنێ. ئەمە تێگەیشتنمان سەبارەت بە بێمانایی بنەڕەتییانەی بوونی مرۆڤ دەداتێ، کە پێشتر وەک "هیچ"ی بوونی مرۆڤ هێنامانە زمان. ئەم هێنانە زمانەی دوایی نێزیکە بەو بۆچوونەی کە کیرکێگۆر سەبارەت بە "مانا" وەک هەڵبژاردنی مرۆڤ گوزارشتی لێ دەکات، بە شێوەیەک کە مرۆڤ ئیدی ئازادانە لە بەردەم مانا و بێماناییدا دەوەستێ(١٤).

لەهەمبەر دارمانی "مانا"دا، تولستۆی[١] ئەزموونی دارمانی بنەماکان دەکات، کە ژیانی ئەوی پێوە پەیوەست

١ لیڤ تولستۆی: لیڤ نیکولایڤیچ تولستۆی سالی ١٨٢٨ لە شاری تولا لەدایکب ووە و لە سالی ١٩١٠ مردووە. یەکێکە لە دیاریترین نووسەر و بیرمەندی ڕوسیا و جیهان. تولستۆی کاریگەریی لەسەر پەرەسەندنی هیومانیزمی ئەوروپایی هەبوو، لە هەمان کاتدا کاریگەر بوو لەسەر گەشەکردنی ترادیسیۆنی واقیعی لەئەدەبیاتی جیهانیدا. لە بەرهەمە هەر بەناوبانگەکانی: *جەنگ و ئاشتی، ئانە کارێنینە، هەستانەوە، منداڵی، هەرزەکاری، گەنجێتی، مردنی ئیڤان ئیلیڤ* و لەتەک ژمارەیەکی زۆرتر لە بەرهەمی گرینگ.



Scanned with CamScanner

بـوو. ئـەو دەنووسـێ، مـن وا هەسـتم دەکـرد، ئـەو زەمینـەی لەسـەری ئەوەسـتم وردوخـاش دەبـێ و چیـی دی شـوێنێ نابێت لەسـەری ڕابوەسـتم، ئـەدی لەبەرچـی مـن ژیـاوم، وا دیارە لەبـەر هیچ شتێ، کە هیچ هۆکارێ بۆ ژیانکردنم نەبێ. ڕاستییەکە لەوەدایە، کە ژیان بێمانایە. هەموو ڕۆژێکی ژیان و هـەر هەنگاوێ لـەودا منی ڕاپێچ ئەکرد ڕووە و خەرەند و دارمـان و بەرۆشنی ئـەوەم بینی، کە هیچ شتێ نییە جگە لـە لەناوچـوون١٥).

ئـەوەی دەتوانیـن لێرەیـا تێـی بگەیـن ئەوەیـە، کە "مانـا" بـۆ خـۆی بنەماکانـە، ئـەو بنەمایانـەی ژیانـی لەسـەر ڕادەوسـتێ، ژیـان بـە دابڕانـدن و بێبەریبوونی لـەو بنەمایانە ناتوانـێ وەک ژیـان قەبوڵ بکرێت، هـەر لەبـەر ئەوەیـە، تۆلستۆی بـەو ڕادەیـە هەسـت بـە دارمـان دەکات، دارمـان بێگومـان لـە وردوخاشبوون و شـەقبردنی ئـەو زەوییـەدا نییـە، کە جەسـتەی مرۆڤ لەسـەری ڕادەوەسـتێ، بەڵـکو وردوخاشـبوونی سـەرزەمینێکە، کـە "مانـا" مانـای پـێ ئەبەخشـێ. ئـەو مانایانـەی "واتـا" بـە خـودی سـەرزەمینی مانـا ئەبەخشـن ئـەو بنەمـا گـەورە و مەزنانـەن، کـە ئـازادی و جوامێـری و دادپـەروەری و چاکەخـوازی، یەکسانیخوازی، مرۆڤپەروەریین. هەڵبـەت تۆلستۆی بەرۆشنی ئـەوەی بەیـان کـردووە، کـە بنەمـا و بەهـا بنچینەییـەکان سـەرەکین و مانـا بـە بوونـی مـرۆڤ دەبەخشـن. ئەگـەر ئـەم بنەمایانـە لـە ڕوانگەی میتافیزیکییانە و ترانسـدێنتالییەوە تەماشـا بکەیـن، دەبێت ڕەگوریشـەیان بـۆ سـەر بناغەیەکی میتافیزیکی بگێڕینـەوە. لـە ڕوانگـەی بوونیارییـەوە تەماشـای بکەیـن بـوون و بوونـی مـرۆڤ لەپێشـینەن و بەهـاکان بەرئەنجامـی تەقالـلای

مرۆڤن بۆ پڕکردنەوەی هیچێتی و دۆخی سەرەتاییانەی مرۆڤ، کە هەڵبژاردنی ئازادانە یەکلایی دەکاتەوە و لێی بەرپرسە. کاتێک تۆلستۆی لەناوچوون و مەرگ وەک هێما و حەقیقەتی بێمانایی ژیان دادەنێت، نەیویستووە جەخت لە بێ بنەڕەتیی مرۆڤ بکاتەوە، یان ڕەگوڕیشەی میتافیزیکیانەی بوونی مرۆڤ ڕەت بکاتەوە، بەڵکو مرۆڤ لەم فەلسەفەیەدا بێ باوکێکی میتافیزیکی نییە. بەلام بێمانایی ژیان لە مردندایە، مردن وەک کۆتاییەکی تراژیدیانەی ژیان. مردن هەڵتەکێنەر و لەناوبەری هەموو ئەو بەها و مانا و شتانەیە مرۆڤ بوونیادیان دەنێت و دەیاندۆزێتەوە، ئەمەیە وا دەکات بێمانایی ژیان بسەلمێت.

ئەوەی گرنگە لەتەک داڕووخانی ئەو بنەمایانەدا، ئیدی لەلای تۆلستۆی ئەو پرسە پەرە دەستێنێت، کە ژیان تەنها لە وەختێکدا دەکرێت پرۆسەیەکی مانادار دەر بکەوێت، کە بنەماکان ئامادەیی ڕاستەقینەیان لە بوونیاد و بەڕێوەچوونی ژیاندا هەبێت. ڕەنگە لە لایەکەوە ئەمە ئاماژەی ڕوونی ئەو بێماناییە بێت کە مرۆڤ لە ئەزەلەوە تێیدایە، بەلام بوون و ئامادەیی ڕەسەنی مرۆیی لە جیهان دەتوانێت کارکردی قووڵ لەسەر تێپەڕاندنی ئەو بێماناییە دابنێت.

تۆلستۆی پێی وایە مانای ژیان لە هۆشیاریی مرۆڤدا دەکرێتەوە، وەک بەرەوپیرەوەچوونی چاکە، ڕوونکردنەوەی ئەو چاکەیە و دیاریکردنێکی زیاتر ڕۆشن و ئاوەلا، ئەمە بۆ خۆی ئامانجێکی سەرەکی و ئیشی سەرەکیی ژیانی هەموو مرۆڤایەتی پێک دەهێنی(١٦).

لێرەدا گەرەکمانە لەو ڕاستینەیە نزیک ببینەوە، کە "مانا"ی

ژیان لە هۆشیاریدا دەر دەکەوێ و دەکرێتەوە، ئەمە واتای هەرە گرنگیی ئەوەیە هوشیاری و پرۆسێسی بیرکردنەوە و ئاگامەندی مرۆڤ وەک پێکهێنەری ڕەهەندی گیانی و مەعنەوییانەی مرۆڤ، تەنها سەرزەمینێکە تیایدا مانا بتوانێ لە بووندا خۆی نمایش بکات. بەم پێیە "مانا" تەنها یەک شوناس هەڵناگرێ، بەڵکو ئەشێ وەک "کەسێتی" ناوی بهێنین، چوونکە کەسێتی دیوە ئەفرێنراوە دەستنییاکەی بوونی مرۆڤ خۆیەتی، ئەم دیوە هیچیەتی ئەو بوونەیە، کە مانابەخشە بۆ بوونی مرۆڤ، لەبەر ئەوەی بوونی کەسێتی شلۆق و ناپڕە، بزۆکە و ناتوانێ لە هیچ کاتێکدا ببێتە مانای ڕەها، تەنها لەبەر ئەوە نییە لە جێگەیەکدا بشێ کەسێتی وەک نا "مانا" بیهێنینە زمان، بەڵکو لەبەر ئەوەی هەمیشە کراوەیە لە بەردەم بێمانابوونەوە و بەتاڵبوونەوەدا لە خودی خۆی و هەر ئەم والایی و شیاوێتی و بەتاڵبوونەوەیەی کەسێتی هەڵگریەتی وەکو شوناس و جەوهەری خۆی، تەنها "مانا"یەکن، کە بتوانن ڕەوایەتی بە "کەسێتی"ی بوون ببەخشن. سەرەتای ئەم کێشەیە، کێشەی "مانا" لە بەرەوپیرەوەچوون، یان نەچوون ڕووە و چاکە خۆی پیشان دەدات، بەڵام گرفتەکەمان بەم شێوەیە کۆتایی نایەت، یەکەم لەبەر ئەوەی "مانا" هەرگیز کۆتاییی خۆی ڕاناگەیەنێت و ڕادەستی ناکات؛ دووەم بە هۆی ناڕوونی خودی چەمکی چاکەوەیە، چوونکە قسەکردن دەربارەی بەرەوپیرەوەچوونی چاکە و لەقەڵەمدانی وەک "مانا"ی بوون، کێشەکە لە بەردەممانـدا ئاڵۆزتر و دژوارتر دەکات، ئەمە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە "چاکە" شوناس و پێناسێکی دیاریکراوی نییە، ئەو ناتوانێ بچێتە ناو تەنها

چوارچێوەیەکی داخراوی شوناسەوە. چاکە فرەڕەهەندە و فرەتێگەیشتنە، ئیدی مرۆڤ چۆن دەکرێ بەرەوپیرەوەچوونی بکاتە دەستڕاگەیشتن بە مانای ژیان و بوون؟

مانا واتە ڕووداو، وەک ڕووی-بوون، لەگەڵ-بوون، ڕووداوی-بوون، بوونێکی پێکەوەیی، بوونی پێکەوەبەستراو و یەکانگیر، یەکتر بینین و دەرگیربوونی مرۆڤە لەتەک جیهان و ئەزموونی تێگەیشتنە لە جیهان لەلای مرۆڤ.

لەم سۆنگەیەوە "مانا" دەبێتە ڕووداو، ئەوەی بە ڕاستەقینە دەتوانێ ڕوو بدات، واتە ڕووی خۆی بدات بە ئێمە، ئەم ڕەوشە هاتنە-بۆ-بوون. ڕووداو بۆ خۆی ئامادەگییە لە بووندا، هەر بۆیە ئەشێ وەک یەکانگیری لەتەک بوون لەقەڵەمی بدەین. ڕووداو لەبەر چییە، کە وەک "مانا" دەیهێنینە زمان؟ بێگومان بەقووڵی بەستراوە بەوەی، کە ڕووداو گوزارشتە لە پرۆسێسێکی ڕاستەقینە و ڕەسەن، ئەویش ئەوەیە شتێ، دیاردەیەک ئەگاتە ئەو ئاستەی توانای ڕوودانی بە مرۆڤ هەبێ، واتە توانای خۆنماییشکردنی بۆ مرۆڤ هەبێ. ئەمەش لە پەیوەند بە خودی مرۆڤەوە واتای دەرکەوتە و دیاردەی بوونی مرۆڤ دەبەخشێ. جگە لەوە "مانا" ئەزموونی تێگەیشتنخوازانەی مرۆڤە لەتەک بووندا، هۆشمەندی و ئاگامەندیی مرۆڤە لە ئاست جیهان، کە ڕۆشنە پانتاییی خودی بوونی مرۆییییە.

ژان پۆل سارتەر دەڵێت، مانای ژیان بوونی نییە، بۆیە ئەوەی لە ئەستۆی مندایە ئەوەیە، کە دروستی بکەم(17). بێگومان بەردەوام جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە مانا لە بنەڕەتەوە خاوەنی بوون نییە، ئەو نییە، هەر لەبەر

ئەوەیە مرۆڤ مەحکوم بە ئەفراندنی دەبێت، ئەو خاڵییەتی و بۆشاییبوونەی مرۆڤ بە بنەڕەتی خۆی ئەزموونی دەکات دەبێ بە بژاردەکانی خۆی پڕی بکاتەوە. ئەم ڕوانگەیە بوونگەراییانەیە. پێویستە ئەوە بیربێنینەوە، کە دۆخی سەرەتاییانەی بوونی مرۆڤ لە بنچینەدا هیچە و مرۆڤیش بەرپرسیارێتیی ئازادانەی خۆی لێرەدا بەرجەستە دەکات. پەیوەندیی هیچ و مانا، یان هیچ و بێمانایی پەیوەندییەکی گرینگ و یەکلاکەرەوەیە بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤ لە پەیوەند بە بوون و نەبوونی ماناوە. هیچ لە لایەکەوە بێمانایی دەگەیەنێت، بەو پێیەی مرۆڤ پێویستە خۆی بوونیاد بنێت و ئەو بەها و جەوهەرە هەڵبژێرێت، کە مەحکومیەتی خۆی بەئازادی بڕیاری لەبارەوە دەدات. لە لایەکی دیکەوە، هیچ خۆی مانایە بۆ بوونی مرۆڤ. ئەگەر هیچ لە بیرکردنەوە و فەلسەفەی بوونیاریدا تەماشا بکەین بۆمان دەر دەکەوێت، کە جەوهەری ڕەسەنایەتی و پێشمەرجی ئازادی بوونی مرۆییە، بۆیە هیچ لێرەدا دەبێتە مانایەکی لەپێشینە و ئەپریۆری بۆ بوونی مرۆڤ. ئەمە تەنانەت بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی فەرمی و ڕاستەوخۆی بوونیارییە. بەڵام ئەوەی شایانی دڵنیاکردنەوەیە ئامادەیی ئەو مانا ئەپریۆرییەیە، چ لە ڕوانینی میتافیزیکییانە و تێگەیشتنی میتافیزیکییانەدا سەبارەت بە بوونی مانا چ لە فەلسەفەی بوونیاری و ئەو ڕێبازە فەلسەفییانەی ئەنتی بیری میتافیزیکن. ئێمە لە پرس و کێشەی مانا و بوونی مرۆڤیشدا بەگشتی دەرگیری دوو چەمکین، کە بنەڕەتین و لە هەمان کاتدا خودی کێشەکەمانن، یان دەکرێت وەک ئاماژەی تەواوی کێشەی مانا و بێمانایی لەقەڵەمی

ئەوەیە مرۆڤ مەحکوم بە ئەفراندنی دەبێت، ئەو خاڵییەتی و بۆشاییبوونەی مرۆڤ بە بنەڕەتی خۆی ئەزموونی دەکات دەبێ بە بژاردەکانی خۆی پڕی بکاتەوە. ئەم ڕوانگەیە بوونگەراییانەیە. پێویستە ئەوە بیربێنینەوە، کە دۆخی سەرەتاییانەی بوونی مرۆڤ لە بنچینەدا هیچە و مرۆڤیش بەرپرسیارێتیی ئازادانەی خۆی لێرەدا بەرجەستە دەکات. پەیوەندیی هیچ و مانا، یان هیچ و بێمانایی پەیوەندییەکی گرینگ و یەکلاکەرەوەیە بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ڕاستەقینەی بوونی مرۆڤ لە پەیوەند بە بوون و نەبوونی ماناوە. هیچ لە لایەکەوە بێمانایی دەگەیەنێت، بەو پێیەی مرۆڤ پێویستە خۆی بوونیاد بنێت و ئەو بەها و جەوهەرە هەڵبژێرێت، کە مەحکومیەتی خۆی بەئازادی بڕیاری لەبارەوە دەدات. لە لایەکی دیکەوە، هیچ خۆی مانایە بۆ بوونی مرۆڤ. ئەگەر هیچ لە بیرکردنەوە و فەلسەفەی بوونیاریدا تەماشا بکەین بۆمان دەر دەکەوێت، کە جەوهەری ڕەسەنایەتی و پێشمەرجی ئازادی بوونی مرۆییە، بۆیە هیچ لێرەدا دەبێتە مانایەکی لەپێشینە و ئەپریۆری بۆ بوونی مرۆڤ. ئەمە تەنانەت بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی فەرمی و ڕاستەوخۆی بوونیارییە. بەڵام ئەوەی شایانی دڵنیاکردنەوەیە ئامادەیی ئەو مانا ئەپریۆرییەیە، چ لە ڕوانینی میتافیزیکیانە و تێگەیشتنی میتافیزیکییانەدا سەبارەت بە بوونی مانا چ لە فەلسەفەی بوونیاری و ئەو ڕێبازە فەلسەفییانەی ئەنتی بیری میتافیزیکن. ئێمە لە پرس و کێشەی مانا و بوونی مرۆڤیشدا بەگشتی دەرگیری دوو چەمکین، کە بنەڕەتین و لە هەمان کاتدا خودی کێشەکەمانن، یان دەکرێت وەک ئاماژەی تەواوی کێشەی مانا و بێمانایی لەقەڵەمی



Scanned with CamScanner

بدەین. چەمکی گەڕان و خوڵقاندن بوونەتە جەوهەری کێشەکەمان، چوونکە گەڕان لە خودی خۆیدا هێمایە بە بوونی شت و بوون و دیاردەیەکی دیکە، کە پرۆسەی گەڕان دەیەوێت بیدۆزێتەوە. ئەمە بەڵگەی ئامادەیی لەپێشتری ئەو بوون و دیاردانەیە، کە مرۆڤ بۆیان دەگەڕێت. گەڕان بۆ مانا، گەڕان بۆ حەقیقەت و هەر چەمکێکی دیکە ناو ببەین، واتە داننان بە بوونی ئەپریۆرییانە (لەپێشینەیی)ـی مانا و حەقیقەت. هەرگیز خوڵقاندن نابێتە بەشێک لەم پرۆسەیە. خوڵقاندن بە جەوهەری خۆی ئاماژەیە بۆ لەبنەڕەتەوە بەدیهێنان. خوڵقاندنی مانا خوڵقاندنیەتی لە بناغەوە، مانا نییە و مرۆڤ لە پرۆسەی خوڵقاندندا بەدی دەهێنێت. ڕەنگە هیچ خوڵقاندنێک بوونی نەبێ، چوونکە هیچ شتێک نییە مرۆڤ بوونیادی نابێت بەبێ ئەوەی ئەو شتە بنەڕەت و جەوهەرێکی ماتێریاڵی یان گیانییانەی لەپێشتری نەبووبێت. ڕەنگە چەمکی داهێنان تا ئەندازەیەکی بەرزتر گونجاو و ڕێک بوەستێت لەگەڵ خوڵقاندندا، کە وەک خەسڵەتێک دەدرێتە پاڵ مرۆڤ. بۆ ئەوەی لە چەمکی داهێنان تێبگەین، من دەگەڕێمەوە بۆ واتا کوردییە بنچینەییەکەی، کە لە قسەکردنی ڕۆژانەدا بەکار دەهێنرێت، بەتایبەت لە زمانی کشتوکاڵی کۆمەڵگەی کوردیدا. داهێنان لەم بۆشگە کۆمەڵایەتییەدا بۆ داهێنانی دار و درەخت بەکار دەهێنرێت. لە پیشەی دارتاشیدا داهێنان بریتییە لە داهێنان و ڕێککردنی ئەو دار و درەختانەی بە مەبەستی پیشەسازی و دروستکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بەکار دەهێنرێن. لەگەڵ ئەوەشدا، داهێنان واتایەکی بەرزتری لە خۆدا جێ کردۆتەوە و دروستکردنی پێداویستییەکی تازە و

بـە شـێوەیەکی نوێتر دەچێتـە بـواری داهێنانـەوە. ئەگـەر لـەم ئاسـۆیەوە تەماشـای کێشـەی مانـا و بێمانایـی بکەیـن دەبێت دان بـەوەدا بنێیـن، کـە دۆخـی بنەڕەتـی بوونـی مـرۆڤ نـە بوونی مانایـە، نـە نەبوونی مانایـە، بەڵکو بێمانایییـە، بـەو پێیـەی مومکینیەتێکی ئەپریۆری هەیـە و مـرۆڤ لەسـەر ئـەو بناغەیـە خـۆی و مانـای بوونـی خـۆی پێـک ئەهێنێت.

ئـەوەش دەڵێیـن، ئەفراندنـی "مانـا" بـۆ ژیـان و پڕکردنـی خاڵییەتی و کێماسییەکانی بوونی مرۆڤ بناغەیی و سـەرەکینین بە بەراورد بە خودی پرۆسـەی ئەفراندنی مانا، یان دروستتر بڵێین پرۆسـەی گەڕان بۆ مانا خودی مانایـە بۆ مرۆڤ. هـەر بۆیـە نیکۆلای بێردیایف[1] زۆر جـوان گوزارشـت لـەم ڕاسـتییە دەکات و دەڵێت، "وای دابنێ من "مانا"ی ژیان نازانم و نایناسم،

---

١ نیکۆلای بێردیایـف: سـاڵی ١٨٧٤ لـە کیـڤ پایتەختـی ئێسـتای ئۆکرانیـا لەدایـک بـووە، کـە ئـەو کاتـە بەشـێک بـووە لـە ئیمپراتوریەتـی ڕوسـیا. لـە سـاڵی ١٩٤٨ لـە پاریسـی پایتەختـی فەرەنسـا مـردووە. یەکێـک لـە فەیلەسـوفە سیاسـی و ئایینیەکانـی ڕوسـیایە. نوێنـەری فەلسـەفەی بوونگەرایی و کەسـێتیگەرایی ڕوسـیایە. لـە سـەردەمی یەکێتیـی سـۆڤیەتدا دوو جار زیندانی کراوە، یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٠دا بـوو. جـاری دووەم لـە سـاڵی ١٩٢٢ بـوو. لـە جـاری دووەمـدا دەسـتبەسـەر دەکرێـت و مـاوەی نزیکـەی هەفتەیـەک لـە زیندان دەیهێڵنـەوە. هـەر لـەوێ بانگی دەکـەن و پێی ڕادەگەیەنـن، کـە لـە یەکێتیـی سـۆڤیەت دەری دەکـەن. بـۆ ئـەو مەبەسـتە ئیمزای لـێ وەر دەگرن، کـە ئەگـەر لـە سـنووری یەکێتیـی سـۆڤیەت بمێنێتـەوە و بیدۆزنـەوە گوللەبـاران دەکرێـت. پـاش دوو مانـگ ئیـدی وڵات جێ دەهێڵێت. بێردیایـف لەنـاو ئـەو ڕۆشـنبیر و بیریـار و کەسـانەدایە کـە لـە ڕێگـەی کەشـتییەکەوە دوور دەخرێنـەوە و ژمارەیـان زیاتـرە لـە سـەد و شەسـت کـەس بـووە، کـە بـە کەشـتیی فەلسـەفی دەناسـرێت. دوای ئـەوەی لـە ٢٩ سـێپتێمبەری ١٩٢٢ دەڕوات، سـەرەتا لـە بەرلیـن دەژیـەت و لەگـەڵ ژمارەیـەک فەیلەسـوف ئاشـنا دەبێت. ماکس شیلێر، کایزێرلینگ، شپینگلەر و ژمارەیەکـی تـر لـە فەیلەسـوفان.

بەڵام گەڕان بەدوای مانادا بۆ خۆی مانا دەبەخشێتە ژیان." کەواتە دۆخی مرۆڤ خۆی لە ڕوانینی بێردیایڤدا دۆخێکی مانادارە. دۆخی گەڕان و نەزعەی مرۆڤ بۆ مانادارکردنی بوونی خۆی پێکهێنەری ڕاستەقینەی ئەو مانایەیە، کە مرۆڤ زۆر جار بانگەشەی دۆزینەوە و خوڵقاندنی بۆ کردووە و دەکات.

وەک ئاماژەمان پێ کرد بۆ بێردیایڤ گەڕان بەدوای مانای ژیاندا، وەک فەیلەسوف، بریتییە لە مانای ئەو خۆی. بەڵام مانای ژیان بەگشتی لە ڕوانینی ئەم بیرمەندەدا، بۆ خەڵکی دیکە و مرۆڤایەتی لە داهێناندایە، واتە لە دروستکردنی شتێکی بە ڕەهایی تازە و دەرهێنانی لە هیچەوە، لە نەبوونەوە، لە ئازادییەوە بۆ ناو بوون و جیهان. بەبڕوای بێردیایڤ مرۆڤ داهێنەرە و بانگ کراوە بۆ داهێنان. بێردیایڤ دەڵێت، پەیوەندیی داهێنەرانە بە ژیانەوە ئەرک و مەحکومیەتی مرۆڤە. ڕەنگە تێگەیشتن لە کێشەی مانا و بێمانایی لە ڕوانینی بێردیایڤدا لە تێگەیشتنی داهێنانەوە سەرچاوە بگرێت. داهێنان پرۆسەی دۆزینەوە و داهێنانی مانایە. مرۆڤ بە داهێنان وەک خەسڵەتێکی بناغەییی ئۆنتۆلۆژییانە و پێشمەرجێک بۆ بوونی ڕەسەنی خۆی، دەتوانێت مانا بەخشێتە ژیان و بوونی خۆی. بێردیایڤ خۆی پرۆسەی گەڕان و داهێنان بە خودی مانا تێدەگات و قبوڵی دەکات، هەرچەندە ئاماژەش بۆ خاڵێک دەکات لەبارەی ڕوانینی گشتی دەربارەی داهێنان لەلای خەڵکی دیکە و مرۆڤایەتی بەگشتی. ئەم ڕوانینە گشتییە لە پەیوەند بە خودی بێردیایڤەوە ڕەت کراوەیە، چوونکە ئەو پێی وانییە مرۆڤ لە هیچەوە داهێنان

بکات، تەنانەت هەر خودی داهێنان لە هەر بوارێکدا بێت پێویستی بە مومکینیەتی لەپێشینە هەیە. بێردیایڤ مرۆڤ بە بوونێکی بانگکراو بۆ داهێنان لەقەڵەم دەدات. خەسڵەتی ئۆنتۆلۆژیانەی بنەڕەتی بوونی مرۆڤ لەلای بێردیایڤ بوونە بەرەو ڕووی داهێنان، مەحکومبوونە بە داهێنان. بێردیایڤ داهێنان تەنها وەک پێشمەرج و پرۆسەی ماناداركردنی ئینسان تەماشا ناکات، بەڵکو پێی وایە داهێنان ئامرازێکە و توانای سەرکەوتنی هەیە بەسەر ترسدا، کە لە ژیانی ئاساییی ڕۆژانەدا بەسەر مرۆڤدا زاڵ دەبێت. لێرەدا ئەو پەیوەندییە دەدۆزینەوە کە لەنێوان داهێنان و جوامێریدا ئامادەییی هەیە. داهێنان ڕووبەڕووبوونەوەیە، تەقاللایە و بەرەنگاربوونەوەی ترسە، هیچ بەرەنگاربوونەوەیەکیش بەبێ جوامێری لە توانای بەرجەستەبووندا نییە. جوامێری هێز دەداتە مرۆڤ بۆ زاڵبوون بەسەر ترسدا. داهێنان لە ناوەڕۆکی خۆیدا هەڵگری جۆرێک تەحەدایە و پێویستی بە تێپەڕاندنی ئەو ترسەیە، کە ئاستەنگی بەردەم داهێنان دەکات. جوامێری و داهێنان لەپەیوەندییەکی قووڵی ئۆنتۆلۆژیدان و دەرچەی ڕاستەقینەی سەر ڕێخستنی پرۆسەی ماناداركردنن. شوێنی سەنتەری کێشەی ئازادیی کەسێتیی مرۆیی لە فەلسەفەی بێردیایڤدا بریتییە لە کێشەی سەرەکیی مانای بوونی مرۆڤ و هاوزەمان لەگەڵ ئەوەدا مانای بوونیش بەگشتی. چارەسەرسازیکردن لەبارەی ئەم کێشەیەوە بەبڕوای بێردیایڤ دەکرێ تەنها لە ڕێگەی ئەنترۆپەسەنتریزمەوە بێت. فەلسەفە بوون لە مرۆڤەوە و بە هۆی مرۆڤەوە دەناسێت. مانای بوون لە مانای بوونی خۆماندا دەر دەکەوێت. بوونێکی مانادار بوونە لە حەقیقەتدا،

بوونێکە مرۆڤ لەسەر ڕێی ڕزگاریدا پێی دەگات. ڕزگاری هەڵهاتنە لە جیهان یان داهێنانە، کە بە واتای بوونیادنانەوەی چالاکانەی جیهانی کولتووری و سیاسەتی کۆمەڵایەتی دێت. کێشەی مانا و بێمانایی بە هیچ ڕوانینێکی فەلسەفی و هزری دیاریکراو چارەسەر ناکرێت. کێشەیەکی فرەڕەهەندە و هەموو مانایەک و هەموو بێماناییەک لە میانەی بیرکردنەوەی جیاوازی فەیلەسوفەکان و مرۆڤەوە بەگشتی دەر دەکەون. بێردیایڤ لە ڕێگەی هەڵهاتن لە جیهان و بوونیادنانەوەی جیهانەوە پرۆسەی دۆزینەوەی مانا سەر ڕێ دەخات. ئەمەش جەختکردنەوەیە لە هەمان دید و ڕوانین دەربارەی بێمانایی بنچینەیی، کە پێویستە لە ڕێگەی ئامادەیی ڕاستەقینەی مرۆڤ لە جیهان بگۆڕرێت بە ئاراستەی دۆزینەوەی مانادا. ڕێگەی ڕزگاری بۆ بێردیایڤ ڕزگاریی مرۆڤە لە جیهان و هەڵکشانە بەرەو باڵایی و بەرەو خواوەند. ئەم هەڵکشان و بڵندبوونەوەیە بەبێ بوونیادنانەوەی جیهان و کەسێتیی مرۆڤ دەستەبەر نابێت. بێردیایڤ کەسێتییەکی ڕاستەقینە و ڕەسەن بە شایانی بەرزبوونەوە و هەڵکشانی بوونەوییانە و ڕۆحییانە دەزانێت. ئەگەر هەندێ جیاوازی لەبەرچاو نەگرین لەنێوان ئەو فەیلەسوفانەی لەم بوارەدا بیری خۆیان خستۆتە گەڕ بۆمان دەر دەکەوێت نزیکایەتیی زۆر لەنێوان ئەواندا دەربارەی بوون و کەسێتیی مرۆڤ و پرسی هەڵکشان و ڕزگاربوونی مرۆڤ لە جیهان و بوونیادنانەوەی جیهان بەدی دەکەین. لەلای ئەفلاتوون مرۆڤی ڕاستەقینە دەتوانێت جیهانی ڕاستەقینەی ئایدییاکان بناسێت و دان بنێت بە بڵندبوونەوەیدا بۆ ئەو جیهانە. لەلای نیتشە مرۆڤ پێویستە تێبپەڕێنرێت

لە ڕێگەی جێهێشتنی خۆی و ئەو جیهانە کولتووری و ئەخلاقییەی زاڵە بەسەریدا بەرەو بڵندایی، کە بەرزەمرۆڤ دەتوانێت هەناسەی ژیانی تێدا دەست بکەوێت. بۆ هایدیگەر دازاین بوونێکی مانادارە و لە ڕێگەی خۆڕزگارکردنیەوە لە ئەوانی تر و خەڵکەوە ڕاستەقینەی خۆی تەحقیق دەکات. سارتەر بەرزبوونەوەی مرۆڤ لە مەحکومیەتی ئەودا بە ئازادی دەبینێت، کە بەرپرسیارێتی و هەڵبژاردنی ئازادانەی وەک پێشمەرج دەبینێت. بێردیایفیش مانای بوونی مرۆڤ وەک بنەمای مانای هەموو بوون تەماشا دەکات و بڵندبوونەوەی مرۆڤ بۆ ئاستی بوونیادنانەوەی جیهان و ڕزگاربوون بە بناغەی کەسێتیی مانادار لەقەڵەم دەدات.

# تەوەری سێیەم

# جوامێری وەک کاتیگۆرییەکی ئەخلاقی

Scanned with CamScanner

جوامێری چاکەکارییەکی ئێتیکییە و دیاریکەری پێوەری ئەخلاقییە لە زاڵبوون بەسەر ترسدا، یەکێکە لە هەرچوار چاکەکارییە سەرەکییەکەی سەردەمی گریک لەتەنیشت مامناوەندێتی، دانایی و دادپەروەرییەوە. جوامێری پرسێکی بوونەوییانە و ئەخلاقییانەی مرۆڤە لە پانتاییی بەرخوردکردن لەگەڵ دونیادا. بەو پێیەی جوامێری یەکێک لە حەقیقەت و چاکەکارییە گەردوونییەکانە، پێویستە ئەو پرەنسیپ و حەقیقەتانەش بپارێزێت، کە هاوشانی ئەو دێن لە ڕیزبەندیی چوار چاکەکارییەکەدا. مامناوەندیەتی، دانایی و دادپەروەری لەگەڵ جوامێریدا هاوتەریبی یەکتر دەڕۆن. ئەگەر لێکترازان و بەریەککەوتنی قووڵ لەنێوان ئەم پرەنسیپانەدا ڕوو بدات هیچ یەکێکیان ناتوانن بە حەقیقەتی خۆیانەوە بەرجەستە ببن و کارکردی تەواو و جەوهەرییان لەسەر ئاستی ژیان بەگشتی و پێگەی مرۆڤ لە دونیادا هەبێت. دیارە پاراستنی پەیوەندیی هاوسەنگیی نێوان هەرچوار پرەنسیپەکە خۆی بەشێکە لە پیادەکردن و دەستگرتنی مرۆڤ بە خودی ئەو حەقیقەت و پرەنسیپانەوە. ڕەنگە ڕاگرتنی هاوسەنگی بەشێک بێت لە دژوارترین کارێک مرۆڤ بۆ پیادەکردنی جوامێری بەتەواوی کەماڵیی خۆیەوە پێویست بێت ئەنجامی بدات، چوونکە لە لایەکەوە، هاوسەنگیی پاراستن و مانیفێستکردنی

پرەنسیپی مامناوەندتییە، کە لە بناغەدا دامەزراندنی جۆرێک لە بیرکردنەوە، کردار و بەرخوردکردنە، کە نەتوانن سنووری مامناوەندێتی و میانرەوی ببەزێنن. لە لایەکی دیکەوە، دانایی و دادپەروەری لە خودی خۆیاندا جۆرێکن لە هاوسەنگیی هزری و پەیوەندی و مامەڵەی مرۆڤ لەگەڵ جیهان و مرۆڤەکانی دیکەدا. بیرکردنەوە و لێکدانەوەی جوامێری پرسێکی دێرینی فەلسەفەیە و لە یۆنانەوە ئەم پرسە فەیلەسوفەکان سەروکاریان لەگەڵیدا هەیە، بەتایبەت ئەو فەیلەسوفانەی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بە گرینگ تەماشا دەکەن. ئێمە دەزانین بایەخدانی فەلسەفە بە مرۆڤ بە شێوەیەکی تەواو و یەکلابووەوە دەگەڕێتەوە بۆ سوقرات[1] و لەویشەوە تێدەپەڕێت بۆ قوتابییەکانی. بەم شێوەیە پرسی مرۆڤ و لەنێویشیدا پرسی ئەخلاق و پرەنسیپە بناغەییە گەردوونییەکان جێگایەکی سەنتەری داگیر دەکەن.

شیکردنەوەی سیستماتیکیانەی جوامێری لەلایەن ئەریستۆوە خراوەتە ڕوو. بەڕای ئەم فەیلەسوفە، جوامێری زاڵبوونە بەسەر ترسی مردندا. ئەمە قسەکردن نییە دەربارەی هەموو مردنێک، چوونکە مردن ئەشێ لە هۆکارگەلێکەوە بکەوێتەوە، کە لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدا نین: نەخۆشی، ڕووداوی ناهەموار و هەروەها هەموو ئەو

---

[1] سوقرات: ساڵی(٤٧٠ یان ٤٦٩)پ. ز لەدایک بووە لە ئەسینا و ساڵی(٣٩٩)پ. ز سزای مردنی بەسەردا جێبەجێ کرا. فەیلەسوفی گریکی دێرینە و بیرکردنەوەی بووە شۆڕشێک لە فەلسەفەدا. فەلسەفەکەی گواستنەوە بوو لە تەماشاکردن و ڕوانینە سروشتەوە بۆ تەماشاکردن و ڕوانینە مرۆڤ. سوقرات بە یەکەم فەیلەسوف دادەنرێت بە مانای تەواوی وشەی فەیلەسوف.

بەریەککەوتنانەی لەگەڵ شتگەلی ترسناکی مەرگهێندا ڕوو دەدەن، چوونکە هەندێک لە مانە وەک ئاگر و ڕەشەبا و گەردەلول بەیەکسانی ترسناکن و تۆقێنەرن بۆ هەموو کەسێک، بەڵام ترس لە پەیوەند بەم مەترسییانەوە نۆرماڵە و کاردانەوەیەکی دروستی مرۆڤە١٨). ڕەنگە زاڵبوون بەسەر ترسی مردندا قابیلی بەدیهاتن نەبێت، لەبەر ئەوەی ترس بەشێکی ناکۆتای ژیانە و مردنیش خۆلێلانەدراوە. ئەگەر پێچەوانەبایە و یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی ژیان ئامادەیی هەمیشەیی ترس نەبووایە، ئەمانتوانی مەسەلەی زاڵبوون وەک دۆخێکی شیاوی بەدیهاتن تەماشا بکەین، بەڵام ژیان خۆی ئەگەر هیچ مەترسییەکی ڕاستەوخۆیشی لەسەر نەبێت لەو مەترسی و هەڕەشانەی دەکرێت بەردەوامێتییەکەی دووچاری هەڕەشە و لەناوچوون بکەن، مانای نەبوونی ترس ناگەیەنێت، چونکە هەر مرۆڤێک وەها ژیانێکی تایبەت و بێمەترسیی هەبێت ناتوانێت ترسی لەدەستدانی ئەو ژیانەی نەبێت. ترس تەنیا بەرئەنجامی هەڕەشە و مەترسییەکان نییە، بەڵکو ژیانی باش ئەگەر هەبێت بەردەوام لە ناوەوەی خۆیدا هەڵگری ئەو جۆرە ترسەیە. ترس لە لەدەستدانی خۆی. زاڵبوون بەسەر ترسی مردندا کێشەیەکی بناغەیی بوونی مرۆڤە. ڕەنگە هەموو ترسەکان جۆرێک بن لە ترسی مردن، ئەمە ئەگەر مردن تەنیا لەو شێوازە فیزیکییەیدا وەر نەگرین، هەموو لەناوچوونێک مردنە، هەموو دابڕانێک مردنە، کۆتاییی شتێکە، کۆتاییی بوونی پەیوەندییەکە. مردن بۆ ئەوەی لە هەموو پانتاییەکانی ژیان و بوونی مرۆڤدا ئامادەیی خۆی بپارێزێت فۆرم و دەرکەوتەکانی خۆی و

سەرزەمینی بەرجەستەبوونی گۆڕیوە. ترسی مردن ترسێکی بنچینەیی و خۆلێلانەدراوە، ئەگەر زاڵبوون لەلای ئەرستۆ وەک چەشنێکی دەستوپەنجەنەرمکردن لەگەڵ ئەو ترسەدا تێبگەین، ئەوە ڕوانینی ئەرستۆ دەتوانێت قابیلی قبوڵکردن بێت، بەلام ئەگەر زاڵبوون وەک کۆتاییی ترسی مردن لەلای مرۆڤ تەماشا بکەین، بەدڵنیاییی وەها ڕوانینێک ناتوانێت سەلمێنی حەقیقەتبوونی خۆی بەدەست بهێنێت. بەرخوردی مرۆڤ لەگەڵ ترسی مردندا لەلای سارتەر بە گرینگییەوە باسی لێ کراوە، ئەم بیرمەندە بەڕۆشنی ئاماژە دەکات بۆ ناموومکینییەتی نەمانی ترسی مردن. ترس لە مردن هەمیشەییە و مرۆڤ لە توانای تێپەڕاندنیدا نییە بەرەو کۆتایی. ئەوەی بۆ ژان پۆل سارتەر بناغەییە، زاڵبوون و کۆتایهێنان نییە بە ترسی مردن، بەڵکو دەستوپەنجەنەرمکردن و ئاشتەوایکردنە لەگەڵیدا. کەواتە پرسی جوامێری و جوامێربوون لەلای مرۆڤ پاراستنی هاوسەنگییە لە ژیاندا. لە پەیوەند بە ترسەوە زاڵبوون و کۆتایهێنانی ترس نییە، بەڵکو بەرخوردێکی هاوسەنگ و نەرمە لەتەک ئەو ترسەدا. جوامێری ئەگەر بەواتای کۆتایهێنانی ترس لەقەڵەمی بدەین، ئەوە لەجیاتیی جوامێری شێتیمان هەڵبژاردووە. لەگەڵ ئەوەی جوامێری وەک پرسێکی ئەخلاقی دەر دەکەوێت، بەلام پاول تیلیک[١] لە کتێبی *جوامێربوون*دا باسی ئەوەی

---

١ پاول تیلیک: فەیلەسوفی ئەڵمانی- ئەمریکییە. تیۆلۆگی پرۆتستانتی و فەیلەسوفی بوونگەراییە و پاڵپشتکەری تیۆلۆژیای دیالێکتیکییە. بە یەکێک لە تیۆلۆگە هەرە کاریگەرەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت. هەوڵی دامەزراندنی تیۆلۆژیایەکی کولتووری جیهانییانەی دەدا. لە ساڵی ١٨٨٦ لە پروسیا، ئیمپراتوریەتی ئەڵمانی لەدایک بووە و لە ١٩٦٥

کردووە، کە پرسی ئەخلاقی دەربارەی سروشتی جوامێری حەتمەن بە ئاراستەی پرسی ئۆنتۆلۆژییانە سەبارەت بە سروشتی بوون ڕاپێچمان دەکات. بە پێچەوانەشەوە، پرسی ئۆنتۆلۆژییانە سەبارەت بە سروشتی بوون دەتوانێت وەک پرسی ئیتیکی لەبارەی سروشتی جوامێرییەوە دەر بکەوێت. جوامێری لە توانای پیشاندانی ئەوەدایە، کە بوون چییە؟ بوونیش دەتوانێت پیشانمان بدات، کە جوامێری چییە؟ ١٩). ڕەنگە ئەو پەیوەندییەی تیلیک لەنێوان بوون و جوامێریدا باسی دەکات، گرینگترین و جەوهەریترین پەیوەندی بێت، کە ڕۆڵێکی کاریگەر لە ناساندنی سروشتی جوامێری و خودی بووندا بەگشتی وازی بکات. بوون لە جیهان پێشمەرجێکی هایدیگەرییانەی بوونی ڕەسەنی مرۆییە، بەڵام پێویستە دەری بخەین، کە بوون بە مانای ئامادەبوون لە دونیا، لە شوێنێکی دیاریکراودا بە هەموو تایبەتمەندییە جیاوازە ماددی و مەعنەوییەکانییەوە. ئەمەش ڕووبەڕووبوونەوەی مرۆڤە لەگەڵ داکەوتی ماددی و مەعنەویدا، دەرگیربوونە لەتەک تەواوی کێشە و ئەگەرە جیاوازەکانی ئەو پانتاییە کۆمەڵگەییەی پێکهێنەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و شارستانیی ژیانی مرۆڤە. تیلیک بوون و جوامێری لە جەوهەردا وەک یەک دەبینێت، هەرچەندە پرس دەربارەی بوون دەکاتە پیشاندەری سروشتی جوامێری و جوامێریش وەک تێگەیشتن لە بوون لەقەڵەم دەدات. ئەگەر تیلیک بڕوای بەوە نەبووایە

---

مردووە. لە ساڵی ١٩٣٣ بۆ وانەوتنەوە دەچێتە ئەمریکا و لەپاڵ گۆڕینی وڵاتەکەیدا، زمانەکەشی دەگۆڕێت و بە زمانی ئینگلیزی بەرهەمەکانی بڵاو دەکاتەوە.

کـە بـوون جوامێرییـە و جوامێـری بوونـە، نەیدەتوانـی پـرس دەربارەی هەریەکێکیان بکاتە نیشانە و پیشاندەری سروشتی ئەوی دیکەیان. ئەگەر جوامێری زاڵبوون یان ئاشتەواییکردن بێت لەگەڵ ترسی مردندا ڕاستەوخۆ دەتوانین بەو ئاڕاستەیە لێکی بدەینەوە، کە جوامێری بوونە لە بەردەم ترسی مردندا، ئامادەبوونـە بـۆ ئاشتەواییکردن لەگـەڵ ئـەو ترسـەدا. کەواتـە جوامێری ئەوەیە مرۆڤ بتوانێت و بوێرێت ئەزموونی بوون و ئامادەبوونی خۆی لە دونیا بکات. مەسەلەی پرسی ئەخلاقی و پرسـی ئۆنتۆلـۆژی لـە ناواخنـی پەیوەندیـی جوامێـری و بووندایە، چوونکە هـەر پرسێکی ئەخلاقی دەربارەی جوامێری هاوشـانی پرسـی ئۆنتۆلۆژییـە دەربـارەی بـوون، پرسـی ئەخلاقی دەربارەی بوون پرسێکی ئۆنتۆلۆژییە سـەبارەت بـە جوامێری. بێگومـان کارێکی ورد و زەحمەتـە ڕۆشنکردنەوەی سروشـتی ئـەو پەیوەندییـە. بـەڵام ئێمـە ئامـاژە بـەوە دەکەیـن، کـە پرسـی ئەخلاقـی دەربـارەی جوامێـری دەرگیـری پرسـی ئۆنتۆلۆژیمـان دەکات سـەبارەت بـە بـوون، لەبـەر ئـەوەی جوامێـری ئامادەبوونێکـی ئەخلاقییانـەی مرۆڤـە لـە دونیـا، هەمـوو جوامێرییـەک بەرئەنجام و بەرجەسـتەکاری فۆرمێکـی ئەخلاقـە، جوامێـری بەبـێ پێـوەری ئەخلاقییانـە ناتوانێت بەهـا بناغەییەکەی خۆی بپارێزێت. جوامێری لـە هەمان کاتدا بوونە لە دونیا و لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا، ئەمـەش پرسێکی ئۆنتۆلۆژیی بوونـە و بوونـی مرۆڤـە بەتایبەتی. جوامێری بەتەنیا پرسێکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو مەسـەلەیەکی ئۆنتۆلۆژییـە، بـەو پێیەی ڕاستەوخۆ گوزارشتە لە بـوون و ئامادەییی مـرۆڤ لـە جیهـان. ئەگـەر بمانەوێـت ڕوونتـر سروشـتی ئـەو پەیوەندییـە

تاقی بکەینەوە، ڕوانینی هایدیگەر دەتوانێت سازگارییەکی زۆرتر بۆ تێگەیشتن دەستەبەر بکات، چوونکە هایدیگەر لەبارەی دازاینی مرۆڤەوە کتومت ئەو ڕاستییە پێناسە دەکات، کە مەبەستمانە لەبارەی جوامێرییەوە بیخەینە بەرچاو. دازاین یان بوون - لەوێ ی مرۆڤ ئامادەیی ڕاستەقینە و ڕەسەنی مرۆییە لە جیهان بە هەموو دەرکەوتە و ڕووداو و پێشهاتەکانیەوە(٢٠). دازاین توانایە بۆ خۆدەرهێنان لەژێر چنگی ئەوانی دیکەدا، بیرکردنەوەیە بە سەربەخۆ، ڕاوەستانە لەسەر پێی خۆ. دازاین بوونێکی ڕەسەنە، کە لە بەردەم بووندا بەگشتی ڕادەوەستێت. ئەو جوامێریی ئەوەی هەیە لەئاست حەقیقەتەکانی دونیادا بێسڵەمینەوە و بەئاگامەندییەوە ڕابوەستێت. کێشەی گەورەی مرۆڤ لە فەلسەفەی هایدیگەردا ڕۆچوون و بزربوونە لە قووڵایی ئەوانی دیکەدا. ئەوان لەپەیوەند بە مرۆڤەوە پانتاییەکی کۆنترۆڵکارن، کە حەقیقەتی بوونی مرۆڤ داگیر دەکەن. ئیشی گەورەی مرۆڤ لێرەدا هێنانەئارا و نۆژەنکردنەوەی پرسی مانای بوون و پرسی بوونە بەگشتی، کە دەتوانێت دەرچەیەک و ئاسۆیەک بە ڕووی بووندا بۆ مرۆڤ بکاتەوە. ئاسۆی ئامادەبوونی مرۆڤ لە جیهان هێز و ئیرادەی مرۆڤی پێویستە، ئاسۆی بوون ناتوانێت ئاسۆ و شەبەقی دەرکەوتنی بوونی مرۆیی بێت، ئەگەر پرسیار سەبارەت بە چۆنیەتی و چییەتیی ئەو دەرکەوتنە لەناو بوونی خودی مرۆڤدا نەهێنرێتە بەرباس. پرسی چۆنیەتی و چییەتی دەرکەوتنی بوونی مرۆڤ لە ئاسۆی بووندا و ئامادەبوون لە جیهان پرسگەلێکی ئەخلاقییە بەو پێیەی مرۆڤ ناتوانێت بەبێ هەڵبژاردنێکی ئەخلاقی و

بەهاییانە تەحقیقی ئامادەبوونی لە دونیا بکات.

وەک لە سەرەوەش ئاماژەمان بۆ کرد، یەکێک لەو بابەتانەی جێی باس و مشتومڕی مرۆڤە و بەردەوام ژیانی هزری و ڕەوشتیمان داگیر دەکات کێشەی جوامێری و ترسە، چوونکە جوامێری بە توندی بەستراوە بە هەر کردە و تەنانەت بیرکردنەوەیەکمانەوە لەبارەی دیاردە هەمەچەشنەکانی ناو بوون و جیهانی کولتووری. جوامێری یەکێک لە چاکە بنەڕەتییەکانی وەک میانڕەوی و دانایی و دادپەروەرییە، دەکرێت هەل و مەرجێکی بنچینەییش بێت بۆ هەریەکێک لە چاکەکارییەکانی دیکە، لەبەر ئەوەی جوامێربوون پێشمەرجە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە دۆخە ناهەموار و توندوتیژئامێزەکاندا بتوانێ میانڕەو و میانگیر بێ و هاوتەریب و تەبا نەڕوات لەگەڵ ڕەوشی داکەوتییانەی ڕامیاری، کولتووری و کۆمەڵایەتیی زاڵدا. ئەمە ڕووبەڕوبوونەوەیە لەتەک هێزێکی ناهاوسەنگدا. هەڵبەت کاتێک ئەرستۆ جوامێری لە زاڵبوون بەسەر مردندا دەبینێ و دەخوێنێتەوە گرینگییەکی گەورەی هەیە، چوونکە لەم ڕووبەڕوبوونەوەی مرۆڤدا لەگەڵ واقیعی ناکۆک و ناتەبا بە میانگیری، کە هەڵگری هەموو ئەگەرێکی مردنە بۆ مرۆڤی بەرهەڵستکار و یاخیبوو، ترسی مردن ترسێکی ڕاستەقینەیە، بۆیە بەردەوامبوون و جەختکردنەوە لەسەر زاڵبوون بەسەر ترسی مردندا ئاماژەیە بۆ بەردەوامێتیی بەرهەڵستکاری و یاخیبوون و کردە و چالاکی و تەحەمولکردن لە درێژەدان بە ڕووبەڕوبوونەوەی واقیعی زاڵ، ئەمەش دەتوانێ ئامادەیی ڕاستەقینەی جوامێری بسەلمێنێ.

فەیلەسوفی ئەڵمانی - ئەمریکی پاوڵ تیلیک نووسیویەتی،

جوامێری پەیوەندیدارە بە بواری ڕەوشتەوە، بەڵام ڕەگوڕیشەی داکوتاوە لە هەموو فرەچەشنیەتی بوونی مرۆڤ و ستراکچەری بووندا. جوامێری ئاکتێکی تەواوکراو و ئەنجامدراوی مرۆڤە و دەگەڕێتەوە سەر نرخاندن، هەموو ئەمە تێگەیشتنێکی ئەخلاقییە، بەڵام وەک خۆسەلماندنێکی جەوهەری و جیهانییانەی بوونی مرۆیی، جوامێری تێگەیشتنێکی ئۆنتۆلۆژییە. جوامێربوون ئاکتێکی ڕەوشتییە، کە تیایدا مرۆڤ پێداگیری و جەخت دەکاتەوە لەسەر بوونی خۆی لە دژی هەموو ئەو توخمانەی بوونی خۆی، کە دژ دەوەستنەوە بەرامبەر خۆسەلماندنی جەوهەرییانەی خۆی(٢١).
ڕەنگە ڕەهەندێکی تری پرس و سروشتی جوامێری شێوازێک بێت لە بەرهەڵستوەستانەوەی نە بەتەنیا واقیعێکی دیاریکراو و زاڵ لە دەرەوەی مرۆڤەوە، بەڵکو ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو توخمە دژ و نەکڵۆکانەیە کە لە ناوەوەی بوونی مرۆڤ خۆیدا ئاستەنگسازی لە بەردەم خۆسەلماندن و خۆمانیفێستکردنی مرۆڤدا ڕادەوەستن. یەکێک لە ڕوانینە گرینگەکان بۆ جوامێری تێگەیشتنیەتی وەک پرۆسەیەکی ناخەکییانەی مرۆڤ خۆی. جوامێری ناتوانێت حەقیقەتی خۆی بەرجەستە بکات ئەگەر تەحقیقی دۆخی ناوخۆییی بوونی مرۆڤ خۆی نەکات. مرۆڤ خاوەنی بوونێکی جوامێر نابێت، ئەگەر هێزی بەرەنگاربوونەوەی ناوەکییانەی خۆی نەبێت. ڕەنگە لەبارترین ڕوانینی فەلسەفی لەم ئاستەدا تێگەیشتنی فۆمای ئەکوینی[1] بێت، کە پێی وایە، جوامێری هێزی ڕۆحە،

---

١ فۆمای ئەکوینی: لە نزیکی ١٢٢٥ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٢٧٤ مردووە. فەیلەسوف و تیۆلۆگی ئیتالییە. دامەزرێنەری تۆمیزمە. لە ساڵی

که توانای زاڵبوونی بەسەر هەموو ئەو شتانەدا هەیە، که ڕێگرن لە بەردەم دەستڕاگەیشتن بە بەرزترین چاکە. ئەمەش پێداگیریکردنی قووڵە لەسەر جوامێری سەرەتا وەک پرۆسەیەکی ناخەکییانەی بوونی مرۆڤ، کە ئیشی بنچینەیی لێدان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو لەمپەرە ناوەکییانەیە، کە بڵندبوونەوەی مرۆڤ و گەیشتنی بە چاکە بەربەرست دەکەن.

بەدەر لە ڕەهەندە بنچینەییە ئەخلاقییەکەی جوامێری، ئەوەی پاول تیلیک پێداگیریی لەسەر دەکاتەوە، جوامێرییە وەک تێگەیشتن و کردەیەکی ئۆنتۆلۆژیانە. ئەگەر هەر لە چەمکە بنەڕەتییەکەی خۆیەوە تەماشا بکەین *جوامێربوون*، کە هەمان کات ناونیشانی کتێبەکەیەتی، ئەوە تێدەگەین، کە پرسێکی ئۆنتۆلۆژییە، واتە ئەشێ لە نێوەندی ئۆنتۆلۆژیی بوونی مرۆڤ و ئەو پێشمەرجانەدا دای بنێین، کە بەقووڵی ڕەسەنایەتی و دازاینی بوونی مرۆڤی لەسەر دادەمەزرێ. واتە جوامێری خۆسەلماندن و خۆپاراستنە، خۆسەلماندن بەرووونی دیارە بریتییە لە ئامادەبوون - لێرە و لە بەردەم هەموو ترسەکاندا، لە بەردەم هەموو کێشەکان و لە بەردەم هەموو ئەگەرەکانی مردندا بەبێ گەڕانەوە، بەبێ سڵەمینەوە. بەڵام ئەوەی پەیوەستە بە خۆپاراستنەوە، ئەشێ دوو ڕووی هەبێ.

یەکەم، پاراستنی مرۆڤ لە هەموو ئەو ترسناکییە گشتییانەی کە هەڕەشەی جیددین بۆ سەر بوونی مرۆڤ و

---

۱۸۷۹دا وەک فەیلەسوفێکی ئایینی کاسۆلیکی دانی پێدانرا، کە باوەڕی مەسیحی بەتایبەت ئایدیاکانی ئۆگستینی بلاژێنی لەگەڵ فەلسەفەی ئەرستۆدا گرێداوەتەوە. پێنج بەڵگەی لەبارەی بوونی خواوەندەوە دامەزراند.

ئەشێ لە ڕێکەوتێکدا، لە ڕووداوێکی ناهەمواردا کۆتایی بە ژیانی بهێنن، کە لە هەمان کاتدا هەڕەشەن بە شێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو مرۆڤەکان. نەترسان لە بەردەم ئەم جۆرە لە هەڕەشەدا بێمانایە، ئەو مەرگەی ڕوو دەدا بە هۆی نەترسان لەم ڕێکەوتە - ڕووداوانەوە، مەرگێکی تەواو نابووت و بێمانایە.

دووەم، ئەو دۆخەی کە مرۆڤ پاسەوان و پارێزەری بوونی خۆیەتی، ئەمەش ئەو مانا ئۆنتۆلۆژییە بنەڕەتییەی پێ دەبەخشێ کە فەیلەسوفێکی وەک هایدیگەر جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەوەی کە مرۆڤ پاسەوانی بوون و دراوسێی بوونە. واتە لێرەدا جوامێری بە پاسەوانبوونە و وەستانە بە ئاگامەندییەوە لە ئاست ئەو هەڕەشانەی خواستی خاپورکردنی پێشمەرجە بنەڕەتییە ئۆنتۆلۆژییەکانی بوونی مرۆڤیان هەیە.

ئەگەر جوامێری زانین بێت دەربارەی ئەوەی چ کاتێ شایانە بترسین و چ کاتێ بەرەنگاربببینەوە، ئەوە ئەم پرسە تایبەتێتیەکی یونیڤێرسالییانەی دەبێت: لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی بتوانین وەلامبدەینەوە پێویستە خاوەنی زانین بین سەبارەت بە هەموو چاکە و خراپەیەک لە هەموو فۆرمە دەرکەوتووەکانیدا. بەڵام وەها سەلماندنێک دژبەری بۆچوونی پێشترە، کە جوامێری تەنها وەک بەشێکی چاکەکارییەکان باس دەکرێ. سوقرات بە شێوەیەکی ناسەرکەوتووانە ئەوە دیاری دەکات و ئەمە شکستێکی جدی شێوازی بیرکردنەوەی سوقراتییانەیە، چوونکە بۆ سوقرات چاکە کاری- زانینە: ئەو کەسەی نازانێت جوامێری چییە، ناتوانێت هیچ شتێ جێبەجێ



Scanned with CamScanner

جوامێریدا.

بكات تەبابێت لەتەک سروشتی ڕاستەقینەی جوامێریدا.
بەڵام ئەم شکستەی سوقرات زۆر گرینگترە، بە بەراورد بە هەموو ئەو دیاریکردنانەی کە وەک سەرکەوتوو دەر دەکەون، چوونکە ئەو هەوڵە ناسەرکەوتووەی جوامێری وەک یەکێک لە چاکەکارییەکان دەبێتە یەکێک لە هەرە بنەڕەتیترین پرسەکانی بوونی مرۆیی. ئەم شکستە دەری دەخات، کە تێگەیشتنی جوامێری دامەزراوە لەسەر تێگەیشتنی ئەوەی، کە مرۆڤ چییە و جیهانی ئەو چییە و هەروەها لەسەر تێگەیشتنی ستراکچەر و بەهای ئەو جیهانە. تەنها ئەو کەسەی دەربارەی ئەوە دەزانێ، هەر ئەو دەزانێ چی شایانی پێداگیریلێکردنە و چی شتێکیش ڕەتکردنەوە(٢٢).

بێگومان هەم ترس و هەم جوامێری ڕاستە هەڵگری دیوێکی مۆڕاڵیانەن، بەڵام تەنانەت بۆ تێگەیشتنمان لەو ڕەهەندە مۆڕاڵییەیان بە پێویست دەبێ لە ئاسۆیەکی ئۆنتۆلۆژییەوە تێیان بنوارین. چ شتێک شایانی سڵێکردنەوە و ترسانە و چ شتێکیش شایانی بەرەنگاربوونەوە و نماییشکردنی جوامێرییە؟ ئەمە ئەو دۆخەیە کە مرۆڤ پێویستە لە سەرەنجامی ئاگامەندییەوە بکەوێتە بەردەمی. ئاگامەندبوون، واتە ئاگامەندی بە بوون، ئاگامەندی لە ئاست و لە بەردەم بووندا. ئەم ئاگامەندبوونە بۆ خۆی جوامێرییە. جوامێری ئەشێ سڵنەکردنەوە بێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی حەقیقەتی بوون، ڕووبەڕووبوونەوە بێ لەگەڵ حەقیقەتەکاندا، وەستان بێ لە بەردەم کێشەکانی بوونی مرۆڤدا.

ئاگامەندی لە ئاست کێشەکانی بوون و ترسناکی نەبوون، زانین لەبارەی کێشەکان و ترسناکییەکانەوە لە بنەڕەتدا

مەرجێکی ئۆنتۆلۆژیانەیە. بۆ ئەوەی مرۆڤ توانای وەستان لسەر پێیەکانی خۆی هەبێ پێش هەموو شت دەبێت ئەو مەرجە بسەلمێنێت و ئاگامەند بێ بە بوون و کێشەکانی و پێداویستییەکانی ئەو بوونە لە جیهان و شوێن و کاتدا. ئەگەر نا لە توانای چوونە ناو بوون و ناو ڕۆشنەپانتاییی بووندا نابێت. ئەگەر سوقراتییانە بڕوانین و زانین لەبارەی چاکەوە وەک پێشمەرجی بوونی چاکە قبوڵ بکەین، ئەوە پێویستە لە پەیوەند بە بوونی جوامێرییەوە وەک چاکەیەکی گەردوونی هەمان شت بکەین. بەڵام کێشەی گەورە ئەوەیە مەرج نییە زانین لەبارەی جوامێرییەوە زەمینەی سازگار بۆ جوامێری بڕەخسێنێت. زانین دەربارەی تەواوی کێشەکانی مرۆڤ و بوونی و ترسناکییەکان پێشمەرجن، بەڵام تەنها یەکێک لە پێشمەرجەکانن. زانین لەبارەی دۆخی بوونەوە وەستانی ئاگامەندانەیە لە ئاست تەواوی ڕەوش و کێشە بنەڕەتییەکانی بووندا، لێرەدا سەرنج دەدەین، پێش زانین و ئاگامەندبوون مرۆڤ پێویستی بە توانایی وەستان هەیە لە بەردەم ڕەوش و کێشە بناغەییەکانیدا، ئەمەش وەستانێکی ویستگەرایییانەی مرۆڤە. ئەگەر ویستی ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان نەبێت، مرۆڤ ناتوانێت ئەزموونی جوامێری وەک چاکەیەکی گەردوونی بکات. نە بەتەنها ویستی جوامێری، بەڵکو ویستی زانین ویستێکی بنەڕەتییە و دەبێ بۆ خودی زانین هەبێ. جوامێری لەگەڵ ئەوەی چاکەیەکی گەردوونییە و هەم زانین و هەم ویست بۆ زانین و جوامێری بوون و نەبوونی دیاری دەکەن، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا، جوامێری لە پرۆسەی خوڵقاندنی مانا و گەڕان بۆ مانادا فاکتەرێکی کاریگەرە. بەو

پێیەی جوامێرنەبوون دۆخێکە مرۆڤ لەگەڵ کێشەکانیدا بەتەواوی نەرم و داهێزراو دەکات و فڕێی دەداتە دۆخی نارەسەنایەتییەوە، هەر بەو شێوەیە پرسی مانای بوونی تێدا دەکوژێت و لەگەڵ بێمانایەتیدا سازگار و تەبا باری دەهێنێت. جوامێری پرۆسەیەکی کراوەیە و بەشێکی بنچینەییە لە پرۆژەی بوونی مرۆڤ. کراوەیی و ناجێگیری جوامێری لە خەسڵەتی بنەڕەتی مرۆڤەوە سەرچاوەی گرتووە، کە خەسڵەتێکی کراوەیە بە ڕووی هەموو ئەگەرێکی پەرەسەندن و داخراندا. ئەمەش وای کردووە شوێنی جوامێری لە ناوەند و نێوانی ترس و ئازایەتیی شێتانەدا بێت. ئەوەی گرنگە جوامێری دۆخێکی مامناوەندییە و توندئاژۆیی ڕەت دەکاتەوە. بەبڕوای تیلیک جوامێری لەگەڵ چاکەکارییە مەسیحییەکاندا یەکانگیر دەبێت، مەبەست لە باوەڕ، ئومێد و عیشقە. ڕەنگە ئەم پەیوەندییە لەسەر بنەڕەتی ئەو پێگەیە بێت، کە جوامێری لە ڕیزبەندیی چاکەکارییە گەردوونییەکاندا هەیەتی. جوامێری بەبێ باوەڕ، بەبێ ئومێد و عیشق ناتوانێت ئامادەییی هەبێت. جوامێری بیر و کردەیەکە لە بەردەم ئەگەر و ئامانجێکدا لە بنەمایدا پێویستی بە جۆرێکی باوەڕ هەیە، هەر وەک چۆن ئومێد بەو ئەگەر و ئاییندەیە و عیشق بۆ گەورەبوون و باڵاییی مرۆڤ داینەمۆی ڕاستەقینەی جوامێرین.

تێگەیشتن دەربارەی جوامێری تەنها لە یەک فۆرمی تێگەیشتندا چڕ ناکرێتەوە، بە پێچەوانەوە تێگەیشتنێکی فرەدیو و فرەڕەهەندە، بە هێندەی فرەڕەهەندی وفرەدیوی تێگەیشتن لە مرۆڤ و جەوهەری ئەو بوونە و تێگەیشتن و نێزیکبوونەوە لە جەوهەر و ڕاستەقینەی بوونی جیهان و

دیاریکردن و ڕۆشنکردنی تێگەیشتنی ستراکچەر[1] و بەهای ئەو جیهانە، ئەمانە هەموو ڕێگەخۆشکەرن بۆ ئەوەی مرۆڤ لە توانایدا بێت بەدروستی ئەو شتانە بسەلمێنێ و پێداگیرییان لەسەر بکات، کە شایانی ئەو پێداگیرییە بن، ئەوانەش ڕەبت بکاتەوە کە شایانی ڕەتکردنەوەن.

ئێمە لە سەرەوە ئاماژەمان بەوە کرد، کە تیلیک سەبارەت بە پرسی ئێتیکییانەی سروشتی جوامێری پێی وایە، ئەم پرسە بە پێویست دەمانباتە لای پرسی ئۆنتۆلۆژی دەربارەی سروشتی جوامێری و بە پێچەوانەشەوە، پرسی ئۆنتۆلۆژی سەبارەت بە سروشتی بوون دەتوانێ وەک پرسی ڕەوشتییانە لەبارەی سروشتی جوامێرییەوە دەر بکەوێ. جوامێری دەتوانێ پیشانمان بدات، کە بوون چییە و بوونیش لە توانای دەرخستنی ئەوەدایە، کە جوامێری چییە؟ تەنانەت دەشێ جوامێری ئەو ڕیسککردنە بێ، کە سەرلەنوێ ئەو پرسە سوقراتییە بهێنێتەوە ئارا. پرسی سوقراتی پرسێکی مرۆڤییە و ئیشکردنی ئەو ئیشکردنە بۆ بوونیادنانی بوونێکی پرسا و دانا و جوامێر، هەرچەند ڕوانینی سوقرات دەربارەی بەپێشمەرجکردنی زانین کێشەی تێدایە، بەڵام ڕووبەڕووبوونەوەی سوقرات خۆی لەگەڵ

---

[1] ستراکتورالیزم: لە وشەی لاتینییەوە هاتووە (structure) ئاراستە و جووڵانەوەیەکی ئینتێلێکتوالیانەیە لە فەلسەفە و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا. سەرهەڵدانی بۆ دەیەکانی پەنجا و حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. ستراکتورالیزم لەژێر دروشمی ئەبێکتیڤی و پتەوی زانستی لە زانستە مرۆییەکاندا هاتۆتە کایەوە، وەک ڕێبازێکی فەلسەفی قبوڵ کراوە، کە گونجاوە لەگەڵ سەردەمی شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانستیدا. لە ڕابەرانی ئەم ڕەوتە: لیڤی شتراوس ، میشێل فوکۆ، ژاک لاکان و ڕۆلان بارت بوون.

ترسی مردندا جۆرێک لە فەلسەفەی مردنی هێناوەتە ئاراوە. ئەوەی سوقرات لە جوامێریی خۆیدا پێی دەناسرێتەوە، تێگەیشتن و ئەخلاقی ئەوە لە ئاستی ژیان و مردندا. ڕەنگە یەکێک لە پایەکانی ئەو فۆرمەی جوامێری باوەڕی ئەو بوبێت بەوەی لە گوتارەکەیدا و لە میانەی دادگاییکردنیدا پێشکەشی کرد سەبارەت بە ژیانی دوای مردن. ڕەنگە لێرەدا بۆ پرەنسیپە مەسیحییەکە بگەڕێینەوە کە باوەڕە. لەپاڵ ئەم پرەنسیپەدا، سوقرات هەردوو پرەنسیپەکەی تری ئومێد و عیشقی ئەزموونکردووە. ئومێد و عیشق بۆ سوقرات دوو پایەی ڕۆشنکەرەوەی ژیان و بیرکردنەوە و هەڵوێستەکانی بووە، بەو پێیەی جیا لەو باوەڕەی هەیبووە، ئومێدی بە گەیشتنە ئاییندەیەکی ڕەونەقدار هەبووە لەگەڵ خواوەندەکاندا. سەبارەت بە عیشقی فەیلەسوف عیشقی دانایی و حەقیقەت عیشقی ڕاستەقینەی بوون و ژیانی سوقرات و هەر فەیلەسوفێکی ڕاستەقینە بووە. پێشمەرجی بەرجەستەبوونی هەرسێ پرەنسیپەکە لەلای سوقرات جوامێرییەکەی بووە، بە هەمان شێوەش خودی جوامێری سوقرات لەسەر بناغەی ئامادەیی پرەنسیپەکانی باوەڕ، ئومێد و عیشق دامەزراوە. جوامێری دۆخێکی ڕۆحی و هزری مرۆڤە، کە ڕەگەزە نزمە مرۆییەکان تێدەپەڕێنێت.

ڕەنگە بەهەڵەیا نەچین بڵێین پاول تیلیک بەدروست بۆی چووە، چوونکە جوامێری لە ڕووی ئۆنتۆلۆژییەوە بەڕۆشنی دەرگیربوونی مرۆڤە لەتەک بووندا، بوون بە دراوسێی بوونە. ئامادەگییە لە جیهان و شوێندا، واتە دازاین – جوامێربوونە. بەم پێیە هەم بوون ئەتوانێ جوامێریمان پێشان بدات و هەم

جوامێریش بوون نمایش بکات.

لەبەر ئەوەی بوون-بە-بوون، واتە گواستنەوە لە نائامادەگییەوە بۆ ئامادەگی، لە فەرامۆشییەوە بۆ نافەرامۆشی، لە کەنارگیری و گۆشەگیرییەوە بۆ شوێنگرتن و ئامادەبوون. جوامێری سەر ئەنجامی ئەم بوون- بە--بوونەیە. لە هەمان کاتدا هاوکاتی بوون-بە-بوونە، چوونکە جوامێری ناتوانێت دیاردە و ڕووداوێکی ڕەها، یان ئایدیایەکی ڕەها بێ، بەڵکو سەرەنجامی پرۆسێسە و خودی خۆی پرۆسێسە.

ئۆنتۆلۆژیای تیلیک بە ناوەڕۆکی خۆی ئەنترۆپۆلۆژیانەیە، بە هێندەی ئەوەی ئەم فەیلەسوفە وەک بوونگەراکانی دیکە پێشنیاری ئەوە دەسەلمێنێ، کە بوونی مرۆڤ تاقانە کلیلە بۆ لای بوون وەک ئەوەی هەیە. تیلیک دەنووسێ، مرۆڤ لەناکاو دەری خست، کە کلیلی تێگەیشتنی ئاستێکی زۆر قووڵی ڕیالیتی لە خودی ئەودایە و تەنها بوونی ئەو شیاویەتی دەستڕاگەیشتن و تێگەیشتنی بوون بەگشتی دەداتە مرۆڤ.

دازاین لە ڕوانگەی هایدیگەرەوە ئەو شوێنەیە، کە تیایدا ستراکچەری بوون خۆی نمایش دەکات، لەکوێدا، کە بوون یەکالا و کراوەیە بۆ مرۆڤ، ئەوە خودی مرۆڤە. بوون-بە-مرۆڤ وەک تیلیک ئێژێ واتا بەگەڕخستنی پرس سەبارەت بە بوونی خودی خۆمان و، ژیانکردن لە سایەی کاریگەریی ئەو وەلامانەی کە بەو پرسیارە دەدرێنەوە(23).

پاول تیلیک لێرەدا ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو، کە بوونی مرۆڤ کلیلی کردنەوە و ئاشنایەتییە بە بوون. مرۆڤ ئەو بوونەیە کە لە توانای بەرهەمهێنانی تێگەیشتنی جیاوازدایە دەربارەی بوون بەگشتی، ئەم تێگەیشتنە لە بوون



Scanned with CamScanner

سەرچاوەکەی بوونی مرۆڤ خۆیەتی، واتە ئەو بوونە شیاوێتی تێگەیشتن دەداتە مرۆڤ خۆی. تێگەیشتن زیاتر لە هەرشتێک نزیکبوونەوەیە لە بوون، هەوڵی ئامادەبوونە لەتەنیشت بوونەوە. ئەم نزیکبوونەوەیە جوامێربوونە. جوامێربوون وەکو چەمکیش لە مانای زمانەوانی خۆیدا هەمان نزیکبوونەوە و گەیشتن بە بوون پیشان دەدات. دازاین، بوون-لێرە یان بوون-لەوێی مرۆڤە، ئامادەبوونە لە جیهان و لەو شوێنەی پێویستە مرۆڤ لەوێ بێت، ئەمە لە ڕاستیدا جوامێربوونە و وەستانە لەو شوێنەی دەرفەتی هەموو هەڵهاتنێک لە بەردەم ئێمەدا دادەخات.

جوامێری لە خودی خۆیدا هەڵگری هەڵبژاردنێکی ئاگامەندانەیە، ئەمەش لە دۆخێکدا، کە چاکەکاری ڕەفتارەکان تەنها دەتوانن ببن بە ڕێگەی ڕیسککردن بە ژیانی خۆیانەوە. کێ لەپێناو چاکەدا هۆشمەندانە دەچێتە ناو مەترسی و سڵ ناکاتەوە لەو مەترسییە، ئەو کەسە جوامێرە و جوامێریش لێرەدایە ٢٤). بێگومان ڕیسککردن بەشێکی بنەڕەتی پێکهێنەری جوامێرییە، بەڵام کێشەی گەورەی ڕیسککردن ئەو ترازانەیە، کە ئەشێ بەرەو شێتایەتیی ببات. ئەمەش لەجیاتیی ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی جوامێری ڕۆڵێکی نێگەتیڤی پێ دەبەخشێت.

هەر ئەوەی جوامێری هەڵبژاردنێکی ئاگامەندانەیە دروستە و نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەشێ وەک مەحکومیەت بیهێنینە زمان. بەو پێیەی ئازادی مەحکومیەتی مرۆڤە. مرۆڤی ئازاد مرۆڤێکی جوامێرە. ئەگەر ئازادبوون ئاگامەندانە بوون و ئامادەگییەکی ڕەسەنی مرۆڤ بێت، ئەوا جوامێری هەمان جەوهەری دەبێت، چوونکە توانایی بۆ ئەزموونکردن و

بەرجەستەکردنی ئازادی پێشمەرج و ڕاستەوخۆ ئاماژەی بوونێکی جوامێرە. ئەو بار و سەختییانەی ئازادی لە ئەستۆی مرۆڤدا دای دەنێ، هەمان ئەو بار و سەختییانەیە کە جوامێری لەسەری ڕادەوەستێ. جوامێری ڕەوشی ئازادبوونە، بە ئازادی لە بووندا بوون، واتە جوامێربوون. ئەو کاتەی جوامێری بە مەحکومیەتی مرۆڤ لەقەڵەم دەدەین دان بەوەدا دەنێین، کە جوامێری دۆخێکی شاز و دەگمەنی ژیانی مرۆڤ نییە و لە ئاستی جیاواز و لە بواری جیاوازدا هەر مرۆڤێک دەتوانێت ئەزموونی جوامێری بکات. ڕەنگە ئەم ڕوانینە سەبارەت بە جوامێری بتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر لە دەربازکردنی جوامێریدا ببینێت لە تێگەیشتن و شیکردنەوە و پیادەکردنی وەک شێوازێکی توندئاژۆیی و کردەوەی شێتانە. جوامێری وەک هاوسەنگی و مامناوەندێتی دەناسین، بۆیە دەرفەتدان بەوەی هەر مرۆڤێک بتوانێت و ڕەوایەتیی ئەوەی هەبێت بوونێکی جوامێر بێت بنچینەی تێگەیشتنێکی هاوسەنگە بۆ جوامێری.

مەزنترین ئەزموونکردنی جوامێری ئامادەییە بۆ بەخشینی قوربانیی مەزن، فیداکردنی ژیانە، لەبەر ئەوە سەرباز وەک هەر جەنگاوەرێک، پێویستە بەردەوام ئامادەی وەها قوربانیدانێک بێت. جوامێری سەربازییانە لە ڕابردوودا و تا ئاستێکی دیاریکراویش تا هەنووکە نموونەیەکی بەرزی جوامێری بووە٢٥). گیان بەخشین پێویستی بە نەترسانێکی گەورە هەیە لە مردن، یان ڕاستر بڵێین، ئاشتەواییکردن لەگەڵ مردن و قبوڵکردنی وەک خۆڵێلانەدراوێکی بوونەوییانەی مرۆڤ بەگشتی پێشمەرجی ڕاستەقینەی بوونی جوامێرییە.

ئەزموونکردنی جوامێری مومکین نابێت، ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت مردن وەک کۆتاییی حەتمیی پرۆژەی بوونی لە جیهان بەرخورد بکات. جوامێری ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی لە ڕووی مێژوویی و مانای زمانیشەوە هەیە و بەپێی زمانە جیاوازەکان جوامێری تا ئەندازەیەکی بەرفراوان گوزارشت لە واتای پیاوەتی و مەردایەتی دەکات، کە لە جەوهەریدا کردەی پیاوانە ئامادەییەکی تەواوی هەیە و ئەمەش بوونی ڕۆحی جەنگاوەرییە لە ناواخنی چەمکی جوامێریدا.

لە زمانی گریکیدا άνθριοπος"، ئەندرسمۆس" واتای پیاوەتی دەگەیەنێ، ئەمەش لە وشەی پیاوەوە وەر گیراوە وەک چۆن لە زمانی ڕوسی و لە زمانی کوردیشدا وشەی پیاو دەبێتە بنچینەیەک بۆ مەرادیفەکانی جوامێری. لە زمانەکانی فارسی، عەرەبی و ڕووسیدا هەمان ناوەڕۆکی هەیە، لە فارسیدا "مرد" بە واتای پیاو دێت، لە عەرەبیدا "رجل." لە زمانی ڕوسیدا وشەی "мужчина" بە واتای پیاو دێت. لە فارسیدا وشەی "مرد" دەبێتە بنەما بۆ "مردی" و لە عەرەبیدا "رجل" بووەتە بنەما بۆ "رجولە" لە ڕوسیشدا بەشێک لە وشەی "мужчина" واتە "муж" لە هەمان کاتا بۆ "مێرد"ی کوردی بەکار دێت دەبێتە بنەمای وشەی "мужества" واتە جوامێری بە مانا گشتی و جەوهەرییەکەی خۆی.

لە گریکیدا وشەی پیاو واتە άνθρωπος" ئانسرەپۆس" بە هەمان شێوە دەبێتە بنچینەی وشەی جوامێری. ئەوەشمان بیر نەچێ وشەی "جوامێری" لە بنچینەدا وشەی "مێر یان مێرد" بە بنەما گیراوە و پێکهێنەری چەمکی جوامێرییە. لە



Scanned with CamScanner

فۆرمە زمانییە لاتینیەکەیدا fortitude“، فۆتیتیود” بە واتای "پتەوی و بەهێزیی گیانی" و ئازایەتی دێت. لەم ڕوانگەیەوە ئەوە تێدەگەین، کە جوامێری بە جەوهەری خۆی هەڵگری خەسڵەت و ناواخنێکی جەنگاوەرییانەیە و گرێدراوی ئەو ئاستە لە بەرخوردکردنی جەنگاوەرە لەتەک هەموو ئەو هەڕەشە و مەترسییە ڕاستەوخۆیانەی بەردەوام لەسەر ژیانیان هەبووە. ئامادەییی مردن و نزیکبوونەوەی جەنگاوەر لە مەرگ بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە پێویستی بە ساغبوونەوە لەنێوان قارەمانێتی و ترسنۆکیدا هەیە. مەبەستمانە سەرنج و ڕەخنە ئاڕاستەی ئەو فۆرمەی جوامێری بکەین، کە تەنها خۆی لەسەر بەخشینی قوربانیدان بە ژیان دادەمەزرێنێ. ئەوە مانای ڕەتکردنەوەی ئەو جوامێرییە نییە، کە لەلای جەنگاوەرەکان هەیە، بەڵام خستنەڕووی پرس و گومانی گەورەیە لەسەر خودی ئەم جوامێرییە، چوونکە بەدەر لەوەی ئێمە لە ئاست جوامێریدا لە ڕوانگە ئۆنتۆلۆژییەکەیەوە گفتوگۆ دەکەین، بەڵام لە بنەڕەتدا جوامێری چەمک و تێگەیشتنێکی ئەخلاقیشە و پێویستە بە پێوەری ئەخلاقیبوون و دادپەروەرانەبوون و نادادپەروەرانەبوون بپێورێ. بێگومان جوامێری لە ڕوانینە ئەخلاقییەکەیەوە ڕووبەڕووی گرفتی گەورە دەبێتەوە. یەکەم، لەبەر ئەوەی ئەخلاق و ڕەهەندە جیاوازەکانی بۆ خۆیان فرەچەشن و فرەدیون، ناتوانن خاوەنی یەک دیدی ڕەهای ئەخلاقی بن. ئەم فرەڕەهەندییەی جیهانبینییە ئەخلاقییەکان وا دەکات جوامێری وەک کاتیگۆرییەکی ڕەوشتی نەتوانێ خاوەنی شوناسێکی دیاریکراو و سنووردار بێ، بەڵام گەلێک گرنگە کە بەردەوام هەموو چەمکەکان بە خودی

جوامێریشـەوە لـە بـەردەم گومـان و بیرکردنـەوەی قـووڵ و گومانی هەڵوەشێنینەرەوانەدا بهێڵینەوە. ئەگەر هەر ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕ و نەریت و کولتوورێک لە ڕوانگەی شتە زۆر خودییەکانی خۆیانـەوە و لـە ڕوانگـەی بنەمـا بـاوەڕی و ئایدۆلۆژییەکانیانـەوە تەماشـای دونیـا بکـەن و لـەو نێوەشـدا چەمکی جوامێـری دەشـێت تەنهـا بـە مانـەوە، بەرگریکـردن و تەنانـەت هێرشـکردن و ڕەتکردنـەوەی ئەوانـی دیکـە لەقەڵـەم بـدەن لەسـەر بناغـەی تایبەتێتـی و خەسـڵەتە جەوهەرییەکانـی خۆیـان.

ئەگەر جوامێری تەنها بریتی بووایە لە قبوڵکردن، ملکەچی و باوەڕکردنی ڕەها بە خودی خۆت و تایبەتێتییە کولتوورییە لۆکاڵییـەکان و هەمـان کات ڕەتکردنـەوەی ئەوانـی دیکـە و بـە درۆ و سـاختە و باتڵ و جاهل و لادەر و بێباوەڕ لەقەڵەمدانیان بووایـە ئیـدی ژیـان زۆر لـەوە ناشـرینتر و کارەسـاتبارتر و بەربەریانەتـر دەبـوو، لـەوەی کـە لـە ڕابـردوودا هەبـووە و تـا هەنووکـەش ئامادەگییەکـی گـەورەی هەیـە. ئەگـەر جوامێـری تەنها لـە جەنگەکاندا نماییش ببووایە نەماندەتوانی لە ڕوانینێکی فراوانـی ئۆنتۆلـۆژی و ئەخلاقییـەوە تەماشـای بکەیـن.

تـا ئـەو کاتەی ئەرستۆکراتییەت خاوەنی گرووپی چەکدارکراو بـوو، شـێواز و ڕەنگـی ئەرسـتۆکراتییانە و جەنگییانـەی چەمـک و تێگەیشـتنی "جوامێـری" لێـک جـودا نەدەکرایـەوە. لەپـاش ئـەوەی ترادیسـیۆنی ئەرسـتۆکراتی بـەرەو داڕمـان چـوو، ئیـدی شـیاوێتی دیاریکردنـی جوامێـری وەک زانینـی گەردوونییانـە سـەبارەت بـەوەی چاکـە چییـە و خراپـە چییـە لەگـەڵ دانایـی و جوامێری پێکەوە یەکیان گرت و جوامێری ڕەسەن و ڕاستەقینە



Scanned with CamScanner

جوداکرایەوە لە جوامێری سەربازییانە. جوامێری خودی سوقرات، کە دەشێت بە جوامێریی سوقراتییانە ناوی ببەین، جوامێرییەکی ڕاشیۆنالّی - ئاوەزمەندانەی دیموکراتییانە بوو، نەک جوامێری قارەمانانەی - ئەرستۆکراتییانە٢٦).

ئەرستۆکراتیەت دیاردەیەکی کۆتایینەهاتووە، هیچ مێژوویەک نییە کۆتاییەکەی دیاری بکات. هەر بۆیە ئەگەر ئەرستۆکراتییەت لەگەڵ خۆیدا هەڵگری جوامێرییەکی قارەمانانەی جەنگاوەرانە بووبێت، ئەوا ئەم فۆرمەی جوامێری تەمەنی زۆر لەوە درێژترە، کە تەنیا کۆتایی ئەرستۆکراتییەتێکی دیاریکراو بتوانێ کۆتایی ئەویش دەستنیشان بکات. لەبەر ئەوەی خودی جەنگ وەک بەرهەمهێنەری جوامێری قارەمانانە و جەنگاوەرانە دیاردەیەکی هەمیشەیی و هاوکاتی بوونی مرۆڤایەتییە. ئێمە دەتوانین تەبا بین لەگەڵ فۆرمێکی جوامێری کە ڕەگوڕیشەی سەربازییانە و جەنگاوەرانەی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئامادەگیی گومان و بەرپرسیاری گەورە لە ئاست هەم خودی ڕەوایەتیی جەنگەکان و ڕەوایەتیی قارەمان و پاڵەوانەکانیدا، ئەو پاڵنەرانەی جەنگەکان دروست دەکەن. جوامێریی قارەمانانە و جەنگاوەرانە زیاتر و قووڵتر لەگەڵ پێوەرە ئەخلاقییەکاندا ناکۆک و ناتەبا دەکەوێتەوە. جەنگ دیاردەیەکە هەمیشە جەوهەریترین تایبەتێتیی مرۆڤ لەناو دەبات. ئەو ژیان کاول دەکات و کۆتایی پێ دەهێنێت. لە جەنگدا کوشتن فەرمانڕەوایە و ڕەوایەتیی لەناوبردنی ئەوانی تر لەلای جەنگاوەرە. ئێمە دەزانین جەنگیش دەکەوێتە چوارچێوەی هەموو ئەو ڕوانین و خوێندنەوە جیاوازە ئەخلاقییانەی بەپێی

ئاڕاستە جیاکانی جەنگ دەخرێتە ڕوو. جەنگی ڕەوا و جەنگی ناڕەوا دوو تێگەیشتن و شێوازی جەنگن، کە کاراکتەر و بکەرانی جەنگ لەسەر بناغەی ئایدۆلۆجی و بەرژەوەندیی خۆیان دیارییان دەکەن. بۆیە مەسەلەی جوامێری لێرەدا بە هەمان فلتەردا تێپەڕ دەبێت و ناتوانین ساغبوونەوە و یەکلابوونەوەیەکی تەواو لەو ڕووەوە دەست بخەین. بەڵام دەکرێت بەدڵنیاییەوە ئەوە بڵێین، کە جوامێری لە فەزای شەڕدا زیاتر لە هەموو چەشنەکانی دیکەی جێگەی مشتومڕ و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەیە. لە جوامێریی جەنگاوەرانەدا زۆرترین ناجوامێری دەر دەکەوێت.

دەرکەوتنی پێوانە مەعریفییەکان بۆ جوامێری وا دەکات ئەو ڕوئیایە سەر هەڵبدات، کە زانین سەبارەت بە چاکە و خراپە و ئەگەرەکانی چاکەکاری تەنها ئاسۆ و دەرچەن بۆ پەیدابوونی جوامێری. جوامێری لەمەودوا لەسەر ئاستێکی بچووکی خۆی دەتوانێ لە بواری جوامێریی جەنگاوەرانەدا دەر بکەوێ. جوامێری زیاتر دەبێتە دیاردە و کردەی مەعریفی - ڕەوشتییانە، پێش ئەوەی ببێتە هەرچییەکی دیکە. جوامێری وەک پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆژی هەڵگری هەمان بنەمای ڕەوشتییانەی کەسییانەی خۆیەتی؛ واتە جوامێربوون لە پەیوەند بە مرۆڤەوە، هەم ئیلتیزاماتێکی ئەخلاقیی بەردەم مرۆڤە لە ئاست ئازادی و ڕەسەنایەتیی بوونی خۆی و پاساوانیکردنی بوونی خۆیدا، هەم پێشمەرجی ئۆنتۆلۆژیی بوونی خۆیەتی، چوونکە بەئەخلاقبوون لە بناغەدا دەکرێ وەک ئازادبوون دیاری بکەین، لەبەر ئەوەی مرۆڤ ناتوانێ بەڕەوشت بێ و خاوەنی بەهاگەلی ڕەوشتی بێ، ئەگەر



Scanned with CamScanner

بوونێکی ئازاد و ڕەسەن نەبێ. ئەم ڕەوشە دیاریکەری دۆخی جوامێربوونی مرۆڤە لەبەر ئەوەی ئەگەر باس لە جوامێریی ڕەوشتییانە بکەین دەبێت ئازادی بە بنەما بگرین بە هۆی ئەوەی جوامێریی ڕەوشتییانە ناتوانێ، نە جوامێری بێ، نە ڕەوشتییانە بێ، ئەگەر سەرچاوەی ئەم جوامێرییە، لە لایەکەوە ئازایەتی و ویستی ئازادیی مرۆڤ نەبێ. بە هەمان شێوە ئەگەر ئەخلاق یەکێک لە بژاردەکانی بوونێکی مرۆیی نەبێ، ئەو ئەخلاقە ناتوانێت هیی مرۆڤ بێت، هەر ناتوانێ ئەخلاق بێت، بەڵکو دەبێتە کوتوبەند و ئاستەنگسازی لە بەردەم خودی جوامێریدا. بۆیە ئەوەی لێرەدا بایەخی گەوهەرییانەی خۆی بزر دەکات مرۆڤە، ئیدی چ جای ئەوەی باس لە مرۆڤێکی جوامێر بکرێت.

جوامێری لە کاتی هاوچەرخدا لە مانایەکی فراوانتردا بەکار دەهێنرێت، وەک هاوواتای ڕەقی پێداگیربوونی ڕەوشتییانە. ئەم دیاردەیە وەک هەڵوێستێکی مەدەنییانە دێتە هەژمار و واتای چاکەکاری نێرینەییانە و پیاوانەی خۆی بزر دەکات. ئەم شێوازە تێگەیشتنەی جوامێری لە ئاستێکی هەرە بڵندی خۆیدا، تیۆری و پراکتیکە هاوچەرخەکانی بیری ناتوندوتیژی خاوەنێتی، کە تیایدا ململانێکردن و بەربەرەکانێکردنی ناتونوندوتیژانە لەگەڵ خراپە و نادادپەروەریدا وەک زیاتر و قووڵتر جوامێرانە لێک دەدرێتەوە بە بەراورد بە ململانێی توندوتیژانە. گاندی[1] لەم بارەوە دەڵێت، "جوامێریی

[1] گاندی: لە ساڵی ١٨٦٩ لەدایک بووە و لە ساڵی ١٩٤٨ تیرۆر کراوە. چالاکێکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هیندییە. یەکێک لە سەرکردە و خاوەن ئایدۆلۆژییەکانی سەربەخۆبوونی هیندستان بووە لە دەستی بەریتانیا. پێشەنگی فەلسەفەی ناتوندوتیژییە. ئەم فەلسەفەیە کاریگەریی گەورەی

ناتوندوتیژی بە ڕادەیەکی ئێجگار زیاتر بڵند و شکۆدارترە بە بەراورد بە جوامێریی توندوتیژانە"(٢٧). جوامێری بە مەبنای پەرەسەندنە کۆمەڵایەتی و هزرییەکان گۆڕان بەسەر پێناسە و دیاریکردنیدا هاتووە. جیهانی هاوچەرخ توانیویەتی لەپاڵ مانەوەی جوامێریی توندوتیژانە و جەنگاوەرانەدا، جوامێری ناتوندوتیژانە و مەعریفییانە پێش بخات. هەر ئەوەی گاندی جوامێریی ناتوندوتیژانە بە شکۆمەندتر دەبینێت بەرئەنجامی ڕوانینێکی فەلسەفی و ئایینییە، کە دەیەوێت میکانیزمی جەنگ لە یەکلاکردنەوە و بەرخوردکردنی کێشەکاندا وەلا بنێت. هەرچەندە ڕزگاربوون لە جەنگ تا ئەندازەیەک نامومکین دەر دەکەوێت، بەڵام هەوڵەکانی ناتوندوتیژی دەتوانێت پانتایی جەنگ و کاریگەرییەکانی کەمتر بکاتەوە. ئەم تەقەللایەش پێویستی بە جوامێرییەکی بناغەیی هەیە، کە پێچەوانەی دۆخی زاڵ و باوی مێژووی مرۆڤایەتی ڕابوەستێت.

---

لەسەر ئاستی جیهانیش هەبووە. گاندی لە خێزانێکی تەواو ئایینی بوو و بەتایبەت دایکی پابەندییەکی زۆری بە ئایینەکەیانەوە هەبوو. ئەنجامدانی هەموو تقوسە ئایینییەکان لەو خێزانەدا کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر کەسایەتیی گاندی هەبوو هەر لە منداڵییەوە و لە تەمەنی سیازدە ساڵییەوە دایک و باوکی هاوسەرگیریی بۆ گاندی ئەنجام دەدەن و دەبنە خاوەنی چوار کوڕ. لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا دەچێتە لەندەن و بڕوانامەی یاسا لەو شارە بەدەست دەهێنێت. لە ساڵی ١٨٩١ لەگەڵ تەواوبوونی خوێندنەکەیدا دەگەڕێتەوە هندستان. گاندی بە کارکردن لە بوارەکەی خۆیدا نەیتوانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێت لە هیندستان، بۆیە لە ساڵی ١٨٩٣ دەچێتە باشووری ئەفریقا. لەوێدا چووە ململانێوە لەپێناو مافی هیندییەکان. لە ساڵی ١٩١٥ دەگەڕێتەوە هیندستان و بە شێوەیەکی چالاکانە دەست بە خەبات دەکات. شێوازی ناتوندوتیژی بەکار دەهێنێت و سەرکەوتوو دەبێت تا ئەوکاتەی لەو پێناوەدا ڕووبەڕووی تیرۆری دەبێتەوە.



Scanned with CamScanner

لێکۆڵینەوەی جوامێری و بناغە و جەوهەرەکەی بەبێ باسکردن لە پرسی ترسنۆکی کامڵ نابێت. ترسنۆکی تایبەتمەندییەکی نێگەتیڤانەی مرۆڤە و گرێدراوە لەگەڵ ترس و هەڕەشەیەکی دەرەکی، یان ناوەکیی ڕەوشی مرۆڤەوە، وەک تەندروستی و ژیانی ئەو، بەڵام فراوانتر لەوە، چاوەڕوانیکردنی شیاو بۆ بوونی خراپەیەک لە ئاییندە و ترس لە نەبینراوی و نادیاری. پێویستە ئەوە بڵێین، کە ترسان مەسەلەیەکی بەتەواوی نێگەتیڤ نییە. ترس لە پێشتردا ئاماژەمان پێ کردووە، کە بنەڕەتییە و ناتوانرێت تێپەڕێنرێت. ئەگەر ترس نەبایە ژیان نەیدەتوانی هارمۆنییەتی خۆی بپارێزێت. بەشێکی گەورە لە پرۆسەی بەردەوامێتی و هەوڵدانیش بۆ باش ڕاگرتنی گرێدراوی بوونی ترسە. بەم مانایە ترس پۆزەتیڤە. جوامێری و ترس چۆن دەتوانین پێکەوە کۆ بکەینەوە، لە کاتێکدا ئێمە ئەوەمان باس کردووە، کە جوامێری زاڵبوونە بەسەر ترسدا. بەدڵنیایی ئامادەیی ئەم فۆرمەی ترس فاکتەری حەقیقیی ڕاگرتنی جوامێرییە لەنێوان ترسنۆکی و شێتایەتیدا. ئەم ترسە پۆزەتیڤە تەنیا هۆکاری پاراستنی هاوسەنگییە و ناهێڵێت جوامێری لە سنوورە حەقیقییەکەی خۆی بترازێت.

ئەفلاتون پێی وایە، لە دەوڵەت و کۆماری ئیدیالّدا ترسنۆکی بە شێوەیەکی یەکسان و چوونیەک دابەش نەبووە: فەیلەسوفەکان، کە فەرمانڕەوایانن نامۆن بە ترسنۆکی، لەبەر ئەوەی ئەوان خاوەنی قازانج و بەرژەوەندینین. جەنگاوەران نابێت ئەزموونی ترسنۆکی بکەن لەبەر ئەوەی ئەمانە بەرەو شکۆمەندی هەڵپە دەکەن. بەڵام سێیەم چین ناتوانێ هەڵپەی

دەستڕاگەیشتن بە قازانج و بەرژەوەندی هەبێ، لەبەر ئەوە ئەم چینە پێویستە لە ترسنۆکیدا ژیان بکات28). ڕوانینی ئەفلاتوون لەوێدا گرینگە، کە فەیلەسوفەکان و پاسەوانەکانی کۆمار نامۆ لە ترسنۆکی ناو دەبات، بەڵام باس لە بوونی ترس ناکات لەلای ئەو دوو دەستەیەی کۆمار بەڕێوە دەبەن. چینی سێیەم بە بڕوای ئەفلاتوون دەبێت لە ترسنۆکیدا بژین، ئەمەش دیدێکی پێچەوانەی لۆژیکی ترسە، ئەمانە کە خاوەنی بەرژەوەندی و دەسەڵاتنین، توانای نەترسانیان زیاترە، ئەمان چییان هەیە لەدەستی بدەن جگە لە ژیانیان.

ئەوەی لێرەدا پێویستە سەرەنجی لێ بدەین ترسنۆکی و دیاردەی ترسە کە ئامادەگییەکی گەورەی لە بەردەم بوونی مرۆڤدا هەیە. ترس وا دەکات مرۆڤ ببێتە ترسنۆک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ترس دەشێ مرۆڤ وەک بوونێکی جوامێر باربهێنێت. بەم پێیە ناکرێ بەوردی سەرنجێکی ئۆنتۆلۆژییانە لە دیاردەی ترس نەدەین، چوونکە ڕاستە ترس مرۆڤ بەرەو ناڕەسەنبوون و مردنێکی گیانی دەبات. ئەگەر ترس گەیشتە ئاستێکی گەورەی وەها مرۆڤ ڕووبەڕووی ڕادەستبوون و داڕمان بکاتەوە، ئیدی ترس لە خودی ترس دەبێتە فۆرمێکی تری ترس، کە ڕزگاربوون لێی زەحمەتی زۆر گەورەی پێویستە. بەردەوام ترس فۆرمی جیاواز و فرەڕەهەند لەخۆ ئەگرێ، هەم ناوەکی و هەم دەرەکی. فۆرمی ترسی ناخەکییانە لە ڕێگەی هێزی وەهمی و ئایدۆلۆژییەوە پێک دێت و هەرچی ترسی دەرەکیشە لە هێزی فیزیکی و ڕاستەقینەی داکەوتییانەی مێژوویی و جیهانییەوەیە.

ئەگەر سەرەنج بدەین ئەفلاتون لە باسکردنی ترس لە

پەیوەند بە هەرسێ چینەکەوە لە کێشەیەکی گەورەدایە، ئەمەش کێشەی گەورەی هەموو سیستێمی بیرکردنەوەی ئەفلاتونە، کە بەردەوام بە شێوەیەکی ئەپریۆری و لەپێشینەیی بوون و جووڵەی بوونی مرۆیی و چارەنووسیشی سنووربەند و دیاری دەکات، چوونکە ئەفلاتوون دیاردەی ترس دەبەخشێتەوە و دەیکاتە خەسڵەتی بنەڕەتی و چارەنووسی کۆمەڵێک مرۆڤ و دەستەیەک و گروپێکی دیکەی کۆمەڵگە لەو تایبەتی و خەسڵەتە دادەماڵێت. لەسەر دوو ئاست کێشەی ئەم بیرکردنەوە ئەفلاتوونییە باس دەکەین:

یەکەم، کێشە لەوەدایە ترس بەگشتی و ترسی مردن بە تایبەتی خۆلێلانەدراوە و هەڵهاتن لێی نە لەلای فەیلەسوف و نە لەلای جەنگاوەران و نە لەلای خەڵکی ئاسایی ئەتوانێ مومکین بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی ترسی فەیلەسوفەکانیش ترسێکی ڕاستەقینەیە، لانی کەم ئەگەر ترسی فەیلەسوفەکان لە حوکمی نائاوەزمەندانە و ناهۆشمەندانە نەبووایە، ئیدی ئەوان نەیاندەتوانی کار بکەن بۆ فەرمانڕەوایکردنی ئاوەزمەندان و فەیلەسوفان، جا ئەگەر ئەو فەرمانڕەوایکردنە ڕاستەوخۆ بێ وەک ئەفلاتون نماییندەی دەکات، یان لە ڕێگەی فەلسەفەکانیانەوە بێت. ترس لە نادادپەروەری ترسە، ترس لە کۆیلەتی ترسە، ترس لە خراپەکاری ترسە، کە بیریارەکان بەردەوام پێداگیری لەسەر بەدیهێنانی پێچەوانەکانیان دەکەن.

دووەم، گرفتی گەورەی ئەم بیرکردنەوەیە لە جێگەیەکی دیکەشدایە، کە ترس بوونێکی پێویست و ئۆنتۆلۆژیی هەیە لە پەیوەند بە بوونی ڕەسەن و خودی بوونی جوامێرییەوە، دەشێ ترس لە هەندێ کاتدا مەرجێکی ئەخلاقی بێت بۆ

بوونـی مـرۆڤ. تـرس بەبەردەوامـی ئامادەییەکـی نێگەتیڤی نییـە، دەتوانـێ پۆزەتیڤانـە لـە ژیانـی مرۆڤدا کارکـردی خـۆی جـێ بهێڵێت.

جوامێـری پرسـێکی جەوهەریـی بیرکردنـەوە و ژیانـی داکەوتییانـەی مرۆڤـە. جوامێری لەگـەڵ ئـەوەی چاکەکارییەکـی گەردوونییـە بـە مانـا گریکییەکـەی و کێشـەیەکی ئەخلاقـی و ئۆنتۆلۆژیشـە، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا پەیوەندییەکـی قووڵیشـە بـە پرۆسـەی مانـاوە. کێشـەی مـرۆڤ نـە بەتەنیـا جوامێـری، بەڵکـو مانـا، ئومێـد و دۆخـی تراژیدیـی بـوون دەگرێتـەوە و پێکـەوە بابەتـی بناغەییـی فەلسـەفەی مرۆڤـە.

# تەوەری چوارەم

# تراژیدیای مرۆڤ وەک مردن، یان کۆتاییی مانای بوون

Scanned with CamScanner

کاتێ تاسەی بڵندایەتی دەکەن بۆ سەرووی خۆتان هەڵدەڕوانن... بەڵام کە من بەرەوژوور هەڵکشام ئاگام لەوەش بوو، کە لەژێر پێمدا بوو. ئایا کەسی وەهاتان تێدا هەیە لەسەر لووتکە بێ و بشتوانێ پێبکەنێ.

– نیتشە

Scanned with CamScanner

تراژیدیای مرۆڤ پەیوەستە بە بوونە تراژیدییەکەیەوە. تراژیدیای بوونی مرۆڤ لە تراژیدیای ژیانی نیتشە خۆیدا بەرجەستە بووە و ئەو ژیانە تەنها و سەرگەردانەی تێیپەڕاند لە جەوهەردا ڕۆشنکردنەوەی دۆخی تراژیدیی مرۆییە لە جیهان. ئەزموونی نیتشە لە ژیانێکی شکستخواردوو، ئومێدێکی لەناوچوو و ترسێکی گەورە لە بەردەم چارەنووسی تاکەکەسییانەی خۆیدا بەرجەستە بووە و هەموو ئەمانەش لە بەرهەمەکانیدا هاتوونەتە گۆ. نیتشە هەڵسەنگاندنەوەی دووبارەی بۆ بەهاکان کرد لەژێر ناوی خۆپاراستن و مانەوەدا. ئەو چاکەی ڕیسوا کرد لەبەر ئەوەی نەیتوانی لە لەناوچوون ڕزگاری بکات. نیتشە لە خەیاڵەکانیدا لەبارەی هێزەوە و لە "ویستی دەسەڵات"یشدا لاوازی و بێهێزی خۆی ڕەت کردۆتەوە(٢٩). ئەمە نەخشێکی سایکۆلۆژیانە و سەرنجڕاکێشێکی دەروونییانەیە، کە بێگومان ڕووناکی دەخاتە سەر تراژیدیای نیتشە و بەشێکیش لە ڕاستی دەربارەی مرۆڤ ئاوەڵا دەکاتەوە. ڕەنگە هەڵە نەبین ئەگەر نیتشە وەک تەنها مرۆڤێک لەقەڵەم بدەین، کە لە ئاستێکی بەرزدا خۆی ناسیوە و ئەزموونی ئەو ژیانەی کردووە کە لە حەقیقەتدا ژیانی کۆی ڕەگەزی مرۆڤە. سەرگەردانی و ئاوارەییەکی هەمیشەییی گەردوونی مرۆڤانە و پڕاوپڕ

لە ڕووبەڕووبوونەوەی ناکام و دەرگیربوونی تەواو لەگەڵ تراژیدییای بنەڕەتی بوون و چارەنووسە کۆتاکەی مرۆڤدا نیتشەی بەتەواوی مانا ئاشنای خەسڵەتە تراژیدییە بنچینەییەکەی بوونی مرۆڤ کرد. هەڵبەت بوونی تراژیدیی مرۆڤ لەلای نیتشە وا ناکات ئومێدی بە ویستی دەسەڵاتی مرۆڤ لەق بکات و بەرزەمرۆڤ[1] وەک ئومێد و بەرئەنجامی ئیرادە لەدایک دەبێت. دۆخی ژیان و بوون بەگشتی تراژیدییە، ئەمە ڕەوشی ئۆنتۆلۆژییانەی بوونی مرۆڤە لە جیهان، بەڵام ویستی ژیان و مانەوە و دەسەڵات ئەو دۆخە وەک خەسڵەتێکی بنەڕەتی و خۆڵێلانەدراو قبوڵ دەکات و بەرخوردی لەگەڵ دەکات. ئیرادەی بەرزەمرۆڤ لەناو تراژیدیادا شەڕی تراژیدیا دەکات و دەرگیر دەبێت لەگەڵیدا. بەرزەمرۆڤ ئومێدە، بەڵام ئومێدێکی تراژیدییە، ئەمیش بوونێکی تراژیدییە بە هۆی ئەوەی بەرزەمرۆڤیش ناتوانێت تەڵەزگەی مەرگ تێپەڕێنێت.

نیتشە بە ژیانی خۆی و بە بیری فەلسەفییانەی خۆی بەقووڵی تراژیدیا شەنوکەو دەکات، تا ڕادەیەکی بەرز دەمانخاتە دۆخی تراژیدیای بوون و ژیانەوە و بەمەش ئەزموون وەک بنەمای تێگەیشتن لە تراژیدیا پێش دەخات.

---

١ بەرزەمرۆڤ: فۆرمێکی مرۆڤە، کە فریدریک نیتشەی فەیلەسوفی ئەڵمانی لە کتێبی *ئەوەهای گوت زەردەشت*دا باسی کردووە. بە شێوەیەک مرۆڤ بتوانێت خۆی تێپەڕێنێت بەرەو ئاستێکی باڵا. نیتشە دەڵێت مەیموون بە بەراورد لەگەڵ مرۆڤدا چی دەگەیەنێت، مرۆڤیش بە بەراورد بە بەرزەمرۆڤ هەمان ئاست و مانای هەیە. بەرزەمرۆڤ شێوازی ڕادیکالییانەی سەنترالیزەکردنی خودی مرۆڤە. بەرزەمرۆڤ بوونێکە لە *ئەوەهای گوت زەردەشت*دا هەموو ئەگەر و بوونێکی ترانسندێنتالی ڕەت دەکاتەوە و خۆی وەک باڵاترین ئامادەیی نیشان دەدات.



Scanned with CamScanner

یەکێک لەو بیرمەندانەی بیری تیژی فەلسەفی خۆی ئاڕاستەی تراژیدیای مرۆڤ دەکات، نیکۆلای بێردیایڤە، کە لەبارەی ئەو چەمکەوە دەپرسێت، جەوهەری تراژیدیا لە چیدایە؟ خۆی وەڵام دەداتەوە و پێی وایە، تراژیدیا لەو جێگایەوە دەست پێ دەکات، کە چارەنووسی تاکەکەسییانەی مرۆیی جیا دەبێتەوە لە چارەنووسی هەموو جیهان، ئەمە بەبەردەوامی جیا دەبێتەوە تەنانەت لەلای ئاساییترین مرۆڤەکان، کە توانای تێگەیشتنیان لە تراژیدیا نییە، ئەم جیابوونەوەیە بە هۆی مردنەوەیە. سەرباری ئەوانە، خودی ژیان پڕاوپڕە لە مەرگ، ئومێدە مرۆییەکان دەمرن، هەستەکان دەمرن، هێزەکان لەناو دەچن و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو نەخۆشی دەکەوێتە سەری ئێمەوە. بابەتییانە هەموو ژیانێکی مرۆیی تراژیدییە، بەڵام سوبێکتییانە تراژیدیا هەستی پێ دەکرێت لەلایەن ئەوانەی، کە هۆشمەندانە پرسیار دەکەن لەبارەی چارەنووسی تاکەکەسیی خۆیانەوە. ئەم چارەنووسە تراژیدییە پەردە لەسەر هەرچی ئومێد و خۆشبینیی سەرەتاییانەی ساکارە هەڵدەماڵێت و حەقیقەتی ئەو دۆخە پیشان دەدات، کە مرۆڤ تێیدا دەژیت، ئەم خۆدەرخستنەی تراژیدیا بۆ ئەو کەسانە بینراوە، کە توانای بینینێکی قووڵیان هەیە۳۰). نیتشە و بێردیایڤ پێکەوە بوونی مرۆڤ بە بوونێکی تراژیدی دەزانن و ئەمەش بە ڕەوشێکی ئۆنتۆلۆژیی بنەڕەتی مرۆڤ خۆی پێناسە دەکەن، نەک ڕوانینی تایبەتی ئەوان بێت بۆ ئەو بوونە.

ڕاستە نیتشە و بێردیایڤ بوونی مرۆڤ بە بوونێکی تراژیدی دادەنێن، بە تایبەت لەبەر کۆتاییە تراژیدی و

حەتمییەکەی، بەڵام لەتەک ئەم ڕاستییەدا تراژیدیای مرۆڤ و بوونی لەنێو ئەم جیهانەدا، تەنها گرێدراو نییە بە مەرگەوە، کە کۆتاییی بوونی مرۆڤە وخوڵقێنەری خودی تراژیدیاکەیە، بەڵکو ئەوەی تراژیدیاکە گەورەتر دەکات و پانتاییەکی زیاتری دەداتێ، هۆکارێکی دیکەی بوونگەراییانەی مرۆڤە، کە هەمیشە ئەم بوونەی ڕاپێچی دونیایەک کردووە، کە تێیدا کارەکتەری ئەفرێنەرانەی مرۆڤ بە مەرگی خۆی بکات و ماڵئاواییەکی نائاگامەندانە لەو هێزە بنەڕەتی و کاریگەرە بکات، کە مەرجی مانەوەی بوونی مرۆڤە وەک بوونێکی ڕەسەن. ڕەسەنایەتی ناتوانێت بوونی تراژیدیی مرۆڤ کاڵ بکاتەوە، ڕەسەنایەتی تەنیا دۆخێکە، کە مرۆڤ بە هۆشیاربوون و ئاگامەندیی تەواوەوە لە بەردەم تراژیدیای بوونیدا ڕادەوەستێت. کێشەی گەورەی مرۆڤ لە پەیوەند بە ڕەسەنایەتییەوە لە بەرخوردکردنیدایە لەگەڵ تراژیدیادا، تێگەیشتن و دانپێدانانی تراژیدیبوونی خۆی لە جیهان پێشمەرجی ڕەسەنایەتی ئەون و لە هەمان کاتدا فاکتەری قووڵبوونەوەی زیاتری تراژیدیبوونەکەی مرۆڤن.

دەگونجێ ئەم هۆکارە بەم شکڵە گوزارشتی لێ بکرێت، ئەویش بوونە قوربانیی بوونی ڕەسەنی مرۆڤە لەبەرانبەر گشت ئەفرێنراوەکانی خودی خۆیدا، لەدەستدان و ونکردنی هێزە لە بۆتەی ئەو داهێنراوانەدا، کە هیچنین جگە لە دەستنییای مرۆڤ خۆی، لە خودی خۆیاندا هەڵگری هێزێکی ناوەکینین جگە لەو هێزە ونکراوەی کە مرۆڤ لەپاش داهێنانیان پێی بەخشیون. هەڵبەتە لە مێژووی گەشەکردنی شارستانیەتدا، کە تێیدا دەتوانین زانین لە هەمبەر داهێنراوە

ماددی و مەعنەوییەکانی مرۆڤەوە وەدەست بخەین، ڕێکەوتی گشت ئەو دەستنیشانەی مرۆڤ دەکەین، کە لە مانا ڕاستەقینە و سەرەتاییەکانی خۆیان دوور خراونەوتەوە و گەلێک مانا و ڕۆڵی سەیریان بۆ هۆنراوەتەوە، تەنانەت گەیشتۆتە ڕادەی ئاڵوگۆڕکردنی ڕەهای ڕۆڵی مرۆڤ لەگەڵ ئەو ڕۆڵەی ئەو بابەت و داهێنراوانە پێویست بوو وازی بکەن، یاخود لە بنەڕەتدا ڕۆڵگێڕانی هەندێک لە وێناکراوە خەیاڵی و ئەفسانەییەکانی مرۆڤ پێویست نەبوون، یان لانی کەم ئەم ڕۆڵەیان نەدەبوو تەمەنێکی درێژ بژی.

مرۆڤ ئەفرێنراوەکانی خۆی ناناسێتەوە، لەمەش سەیرتر و تراژیدیتر هەندێک لە ئەفرێنراوە ئەفسانەییەکانی مرۆڤ دەبنە ئەفرێنەری خودی ئەفرێنەر، کە خودی مرۆڤ خۆیەتی.

سەرسامی مرۆڤ بە داهێنراوەکانی دەگاتە ڕادەی لەبیرچوونەوەی خودی خۆی. سڕینەوەی بوونی مرۆڤ و فەناکردنی لە بۆتەی دیاریدەیەکی مرۆڤکرددا، یان سروشتیدا کە مرۆڤ لە باری ئاسایی و بوونی سروشتییەوە گواستوویەتییەوە بۆ بارێکی نامادی و نائامادە لە یەک شوێندا و ئامادە بوو لە گشت پنتێکی جیهاندا، چ واتایەک بۆ بوونی مرۆڤ دەهێڵێتەوە؟ ئەگەر بوونی ڕاستەقینەی مرۆڤ پەیوەستی ژێریەتیی ئەم بوونە بێت وەک شوناسی کارەکتەری مرۆیی، ئەگەر بوونیادی ئەم دیاردە زیندووەی ناو جیهان لە سەر هێزی ئیرادە خۆی گرتبێت، چۆن دەتوانین چوارچێوەیەک بۆ پێناسکردنی مرۆڤ و سنوورەکانی مرۆڤبوون بکێشین؟ ئەگەر مرۆڤ تەلارێکی

زیندووی ئیرادی و ژێر بێت، ئەوانەی دەکەونە دەرەوەی سنوورەکانی ئەم پێناسەیە دەبنە هەڵگری چ شوناسێک؟

پەیدابوونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی گەشەکردوو، هاوکاتە لەتەک فۆرمگرتنی پرسیارێکی ئەبەدیدا، تەریبە بە دەستپێکردن و وەگەڕکەوتنی گەڕانێکی هەمیشەیی بەدوای مانادا، بەدوای نهێنییەکی گەورەدا، ئەگەر لەو دیوی ئاشکراییەوە بوونی هەبێت. هەڵبەت ڕەچەڵەکی گشت زانخوازی و گەڕانە ناکۆتاکانی مرۆڤ لەو پرسیارە بنەڕەتییە فەلسەفییەوە خۆی بینا کردووە، کە نەمرترین پرسیاری فەلسەفەیە لەبارەی "بوون" و مانای بوونەوە. ڕەنگە خەمڵینی پرسیارێکی مەزن و قووڵ و پڕگرفتی لەم شکڵە بگێڕرێتەوە بۆ چەرخە درەنگترەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، بەتایبەت بۆ ئەو سەرەتایانەی کە مێژووناسانی فەلسەفە لەبارەی چرۆکردن و شێوەگرتنی فەلسەفە وەک فەلسەفە هێمای پێ دەکەن، بەڵام بێگومان ئەم پرسیارە مێژووی لەگەڵ مێژووی مرۆڤدایە، نەک لەتەک خەمڵینی فەلسەفەدا، یاخود نەک لە هاوکاتی لەدایکبوونی فەیلەسوفدا. ئەمە پرسیارێکە بوونی لەتەک "بوون"دایە بە شێوەیەکی گشتی، مردنی ئەم پرسیارە بوونی نییە، تەنها وەک هایدیگەر[1]

[1] مارتین هایدیگەر: لە ساڵی ١٨٨٩ لەدایک بووە و ساڵی ١٩٧٦ مردووە. فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە و یەکێکە لە هەرە گەورەترین بیرمەندەکانی سەدەی بیستەم. بە شێوەیەکی بنەڕەتی فەلسەفەی خۆی دەربارەی بوون پەرەپێداوە. مەسەلەی مانای بوون لەلای هایدیگەر پرسی سەرەکی و بناغەیی فەلسەفەکەیەتی. دازاین بە ڕاستینە و دۆخی ڕەسەنی مرۆڤ دادەنێت. دەنگی بوون لە بوونی مرۆڤدا بە شایانی درککردن و بیستن پێناسە دەکات. هەرچەندە خۆی بە بوونگەرا لەقەڵەم نادات، بەڵام لێکۆڵەرانی فەلسەفە بە یەکێک لە فەیلەسوفانی

دەڵێت لەبیرچوونەوەی بوونی هەیە. ئەم فەیلەسوفە بەتوندی ناکۆکە لەتەک هەر هەوڵێکی لەبیربردنەوەی ئەم پرسیارەدا. لە پەرتوکی *بوون و کات*دا[1] یەکەمین ئەرکی ئیشکردنی خۆی بە نوێکردنەوە و هێنانەوەگۆڕێی ئەو پرسیارە نەمرە سەرمەدییە دەناسێنێت(٣١). ئەوەی ڕوونە بۆ من بوونی هەمیشەییی ئەم پرسیارەیە، بەڵام ئەوەش شایەنی هێماپێکردنە، کە فۆرم و دارشتنی ئەم پرسە بەپێی سەردەم و گۆڕانە هەمیشەییەکانی شارستانیەت و کولتووری مرۆڤایەتی، بەتایبەت گەشەکردنی زمان و جیاوازییەکانی و فرەمانایی و بوونی زمان بە هێزێکی گەورە کە تەواوی بوونی لە بۆتەی خۆیدا نیشتەجێ کردووە، بەو پێوەرە پرسی بوونیش بە جیاوازی خراوەتە ڕوو، بەڵام ئەوەی لە جەوهەردا دەتوانێت چوونیەکنەبوونی پرسیارەکە لە چەرخگەلی جودادا بۆ ئێمە نمایش بکات، ئەوە خودی پرسەکە نییە، بەڵکو دەرئەنجامگەلێکە کە لە میانی پرۆسێسی بەردەوامی پرس و گەڕاندا وەدەست دەهێنرێت، ئەمەش هەر لە وەڵام و دەرئەنجامە ئەفسانەیی و ئایینییەکانەوە وەرێکەوتووە تا دەگاتە دۆزینەوە زانستییەکان. دیارە لەنێو ئەم پرۆسێسەدا و لە ڕێگە هەمەلایەن و فرەئاڕاستەکانی گەڕان بەدوای مانای بووندا، لە هەندێک ڕێگادا و لە ئەنجامی ماندوکەربوونی ئەم پرسەدا گەلێک وەڵامی جیاواز

---

بوونگەرایی تۆماریان کردووە.

١ *بوون و کات*: گرینگترین کتێبی مارتین هایدیگەرە، کە لە ساڵی ١٩٢٧دا بڵاو بووەتەوە. کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر فەلسەفەی سەدەی بیستەم داناوە، بەتایبەت فەلسەفەی بوونگەرایی، هیرمۆنۆتیک و هەڵوەشاندنەوەگەرایی.

و هەڵگری ناوەڕۆکی کولتووری و ئایدۆلۆژیی دیاریکراو بەرهەم هێنراوە و لەم ڕێگەیەوە تا ئەندازەیەکی تەواو بەردەوامیتیی پرسی مانا وەستێنراوە و کۆتاییپێهێنراوە.

# لەبیرکردنی خواوەندەکان وەك داهێنراوی مرۆیی

بیرکردنـەوە دەربـارەی خواوەنـدەکان بیرێکـی سـەرەتایی و بنەڕەتیـی مرۆڤـە و هیـچ سـەردەمێک نییـە خواوەنـدەکان بەشـێکی باڵادەسـت نەبووبـن لـە فەلسـەفەی ژیانـی مرۆییـدا. خواوەنـدەکان ئەگـەر لـە دۆخـی ڕەتکردنـەوەدا بووبـن، یـان دانپێدانـان و قبوڵکردن داینەمۆی بیر و هـزری مرۆیین. ڕەنگە یەکێـک لـە کێشـە گەورەکانـی مـرۆڤ یەکلانەبوونـەوە، یـان یەکلابوونـەوە بێـت لـە ئاسـتی چەمکـی خواوەنـد و هەمـوو دەرکەوتەکانـی لـە مەعریفـەی مرۆڤایەتیـدا. نیتشـە لـەو بیرمەندانەیـە، کـە بـە ئەندازەیەکـی قـووڵ دەرگیـری ئـەم کێشـەیە بـووە لـە فەلسـەفەکەیدا و بەناوبانگتریـن گـوزارەی نیتشـە، کـە دەتوانیـن بـە دەربڕینێکـی جەوهـەری لـە هەمـوو ڕەوتـی بیـری فەلسـەفییانەیدا تەماشـای بکەیـن، گـوزارەی "خـودا مـرد"ە. ڕەنگـە خوێندنـەوەی جیـاواز هەڵبگرێـت. لـە لایەکـەوە ئـەم گوزارەیـە وا لێـک دەدرێتـەوە کـە مەبەسـت لێـی مردنـی ئـەو فۆرمـەی مرۆڤـی سـەردەمەکەی خۆیەتـی. مرۆڤێـک کـە لـە خۆیـدا هەڵگـری ئـەو بنەمـا و توخمانەیـە، کـە پێویسـتن بـۆ مـردن، هەڵبـەت مردنێکـی ڕەمـزی. نیتشـە ئەوەشـی

پشتڕاست کردۆتەوە، کە ئەو فۆرمەی مرۆڤ پێویستە بمرێت، تاکو زەمینەی لەدایکبوونی بەرزەمرۆڤ بەتەواوی سازگار بێت. لە لایەکی دیکەوە، شرۆڤەکردنی گوزارەی "خودا مرد" بەو ئاراستەیەیە، کە خودی دەربڕینەکەی نیتشە بەیانی کردووە، واتە مردنی خودا، ئەو خودایەی کە دەبێتە فاکتەری زەوتکردنی ئیرادەی مرۆڤ و بە سروشتی خۆی لە سەروو بوونی بەرزەمرۆڤەوەیە. کێشەی نیتشە ئەوەیە کە بەرزەمرۆڤ بە هاتن و لەدایکبوونی خۆی کۆتایی بە هەموو بوونێکی ترانسدێنتالی دەهێنێت. ڕەنگە هەر لە بنەڕەتەوە پێشمەرجی بوونی بەرزەمرۆڤ نەبوون و ڕەتکردنەوەی هەموو بوون و دیاردەیەکی گریمانەکراو یان باوەڕپێهێنراو بێت لە سەروو سروشت و مرۆڤەوە. ئەم ڕوانینەی نیتشە لە کتێبی *ئەوهای گووت زەردەشتدا* بە ڕۆشنی ئاماژەی پێ کراوە، بەتایبەت لەو جێگەیەی زەردەشت لە ڕێگای چوونی بۆ چیا قەشەیەکی پیر دەبینێت و کاتێک ماڵئاواییی لێ دەکات، زەردەشت لەبەر خۆیەوە دەڵێت، ئەترسم ئەم قەشەیە هێشتا نەیزانیبێت، کە خودا مردووە(٣٢). فەلسەفەی نیتشە دەربارەی بەرزەمرۆڤ شوێنێکی گەورەی لە پرۆسەی گەڕان بەدوای مرۆڤی حەقیقیدا داگیر کردووە لە مێژووی بیری فەلسەفیی جیهانیدا. نیتشە نووسیویەتی، بیرکردنەوە سەبارەت بە پەنهانیەتی بوون مرۆڤ بەرەو پێویستییەتی خۆناسین ڕادەکێشێت. هەر ئەوەندەی مرۆڤ خۆی بناسێت، دەتوانێ هەموو توانای ئەقڵی خۆی بۆ ناسینی یاساکانی جیهانی دەوروبەر ئاراستە بکات. لە ڕوانینی نیتشەدا، بەرەوپیرەوەچوونی خۆناسین

پێویستە ئەو مرۆڤە جیا بکاتەوە، کە لەسەر ڕێی هەوڵی خۆکەماڵکردنە: بەرەو ناسینی جیهانی ناوەوەی خۆی، سۆز و دژیەکییەکانی خۆی و حەز و تواناییەکانی خۆی. تەنیا لەسەر ئەم ڕێگەیە نزیکبوونەوە لە حەقیقەت مومکین دەبێت. تەنیا عیشق بۆ دانایی دەتوانێت مرۆڤ بۆ ئاستی خواوەندەکان بەرز بکاتەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە سەرنجدانە لەوەی مرۆڤ لە ڕەوشی نائامادەییدا بۆ هەڵگرتنی عیشقی دانایی دەکەوێتە بارێکی خراپ لە پەیوەند بە بوون و ڕەسەنایەتی ژیانی خۆیەوە، چونکە ئەو کێشەیەی لە ئاست دەستنییا و دروستکراوەکانی خۆیدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە نائاگامەندیی ئەوەوە لە ئاست داهێنراوەکاندا سەرچاوە دەگرێت. مرۆڤ ئەو دیاردەیەیە پێویستی بە تێپەڕاندنە و لەبەر ئەوەی تووشی وەستان بووە لەو دۆخەی هەیە و فەرمانڕەواییی بەسەردا دەکات.

یەکەم وێستگە، کە مرۆڤ تێیدا وەستا و تەنانەت گەلێک لە مرۆڤەکان کردیانە ماڵی هەمیشەییی خۆیان، وێستگەی خواوەندەکان بوو، مرۆڤ ناوی لێ نا وێستگەی ئاسمان، ئایین، سەروو مرۆیی، جیهانی ڕووناکی و گەلێک ناوی دیکە، کە هەموو گوزارشتن لە مەزنبوونی ئەم وێستگەیە کە خواوەندەکان فەرمانڕەواییی بەسەردا دەکەن، هەڵبەت گوزارشتێکی ڕاستەوخۆشە لە بچووکبوونەوەی مرۆڤ بۆ بوونەوەرێکی فەرمانبەسەرداکراو. نیشتەجێبوون لە قەڵەمڕەوی خواوەندەکاندا بووە ئەفسانەیەکی گەورە و پیرۆز، بووە پەناگایەکی ئارام بۆ ئەوانەی بەدوای ئارامییەکی لەو شێوەیەدا وێڵن، بووە ڕاستەقینەیەکی

نکۆڵیلێنەکراو بۆ ئەوانەی کە دۆزینەوەی حەقیقەت وەک حەقیقەت قبوڵ دەکەن. کاتێک لە دەرەوەی خۆتدا بوونێک وەک ڕاستیی ڕەها بڕوا پێدەهێنی، ئەو کاتە نەبوونی خۆت وەک ڕاستییەک و بوونت وەک خەیاڵ و سەرابێک بەرخورد دەکەیت. پێشمەرجی ڕاستەقینەی ئامادەبوونی مرۆڤ لە جیهان بوونی مرۆڤ خۆیەتی، نەک بوونێکی دیکە وەک تەنها پێشمەرج بۆ ئەو بوونە. دەرکەوتنی مرۆڤ لە فۆرم و جەوهەری بوونێکی نارەسەندا بەبنەماگرتنی ئەوی تر و چوونەژوورەوەیە بۆ ڕۆشنەپانتاییی بوون لە دەروازە و ئاسۆی بوونێکی دیکەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەتێپەڕبوونی بە جوگرافیای ئەوی تردا ناتوانێت بوونی خۆی بپارێزێت و تووشی پەرشبوونەوە لە ئەوی تردا نەبێت. مرۆڤ کاتیبوونی خودی خۆی و بوونی لەناو جیهاندا دەکاتە پاساوێکی گەورە بۆ ڕادەستبوون بە ئەبەدیەتی خوداکان، کە ئەبەدیەتێکی سەرچاوەگرتووە لە شەیدایی و پەرۆشییەکی بێئەندازەی مرۆڤ بۆ نەمری. شەیدایی مرۆڤ بۆ نەمری لە خۆشەویستیی ژیانەوە نییە، ئەوەندەی ترسی ئەوە لە مردن، ئەوەندەی ناتوانایی ئەوە لە قبوڵکردنی مەرگ وەک مەرجێکی نکۆڵیلێنەکراوی بوونی خۆی.

خواوەندەکان لە کۆی ئەو هێزانە پێک هاتوون کە مرۆڤ لەناو خۆیدا دەریان دەکات و لە دەرەوەدا لە فۆرمی خواوەند و هێزگەلی بانمرۆیی و بانسروشتیدا دووبارە شکڵ دەگرنەوە و وەک یەکێتیی هێزەکان نمایشی لەڕادەبەدەری و ناکۆتابوونی خۆیان دەکەن. لێرەدا مرۆڤ وەک قاوغێکی پووچ و بۆشکەیەکی بەتاڵ ترسی لە بۆشایی، ترسی خاڵیبوون

لە هێز، ترسی گەورەی لە تەنهایی و بێکەسی گەردوونی دەبنە پاڵنەر و خوڵقێنەری پێویستییەتی پڕبوونەوەی لە هێز، کە لە بنەڕەتدا مرۆڤ خۆی لەدەستی داون و ئێستا وەک هێزێکی دەرەکی لەخۆیان دەگرێتەوە. لە خۆگرتنەوەی ئەم هێزە دەرەکییانە یارمەتی مرۆڤ نادەن لە سەقامگیربوونەوەیدا وەک بوونێکی سەربەخۆ، لەبەر ئەوەی تەبەنیکردنی هێز لە دەرەوە، لە بنەڕەتدا دژی سەربەخۆییە، پێچەوانەی ئاراستەی گەشەکردنی کەسێتیی ڕەسەنی مرۆڤە لە کارەکتەرێکی ناکارا و کارلێکراوەوە بەرەو ئاسۆی بوونێکی دیکەی مرۆیی، کە ڕەتکەرەوەی ناکارایی و بەرکارییە لە بوونی مرۆییدا. هەمیشە بۆ ڕەتکردنەوە پێویستمان بە هێزیکی خودی و خۆییە، چونکە ئەنجامی ڕەتکردنەوە تەنها لە کاتێکدا دەتوانێت سازگار و هەماهەنگ بێت لەتەک ڕەسەنایەتی بوونی مرۆڤدا، کە ئەوەی ڕەت دەکرێتەوە خودی مرۆڤ نەبێت، بەڵکو گشت ئەو بوون و بیرۆکە نامۆ و بێگانانە بن کە دزەیان کردۆتە ناو سنووری نیشتمانی بوونەوە، یان لە بۆسەدان هەمیشە بۆ بڕین و خاپورکردنی سنووری دیاریکراو و سەربەخۆیی ئەوانی دیکە.

پەنابردنە بەر هێزە دەرەکییەکان مرۆڤ مەحکوم دەکات بەسەردانەواندن بۆ سەروەری ئەو هیزانە. کاتێک تاکەکەس وەک بوونەرێکی بێهێز مرۆڤبوونی خۆی قبوڵ دەکات و لە دەرگای ئەوانی دیکە دەدات، یاخود ئەوی دیکە دەخوڵقێنێت و قوربانی بە بوونی ڕەسەنی خۆی دەدات، ئیدی لێرەوە چارەنووسی تراژیدییانەی

بەڕۆشنی دەر دەکەوێت، کە مرۆڤ بەو هۆیەوە بوونی خۆی و پرسی بنەڕەتییانەی مانای بوون فەرامۆش دەکات.

ئازارەکانی بوون سەختن، ئەو هەژانە ناوەکییەی لە بوونماندا و لە دەروونماندا پەیدای دەکەن قووڵ و فرەن، تەنانەت تۆقێنەرن، ئازایەتی و جەربەزەیی پێویستە لە ئاست پرسی قووڵی بووندا خۆ ڕابگرێت و نەدۆڕێت. هەموو پرسێک هەوڵێکە بۆ کەشفکردنی تاریکی، هەموو تاریکییەکیش نادیارییەکە و هەموو نادیارییەکیش ترسێکی لە هەناودایە، ئەو ترسە بۆ مرۆڤگەلێکی تۆقیو دەبێتە بوونێکی ترانسدێنتالی و مرۆڤ خۆی پێ ئارام دەکاتەوە. تینوێتیی مرۆڤ بۆ ئارامی لە ئاستی بووندا لەجیاتیی دانپێدانان و قبوڵکردنی حەقیقەتی هەمیشەیەتیی نائارامی ئۆنتۆلۆژیانەی مرۆڤ سەراب وەک حەقیقەتی ئارامی هەڵدەبژێرن.

ئومێدێک لە ترسەوە لەدایک بێت مەترسییە، لەبریی ئەوەی ڕووناکمان بکاتەوە دەمانسووتێنێت، لەبریی ئەوەی چاومان پێ ببەخشێت کوێرمان دەکات، لەجیاتیی ئەوەی خەومان بزڕێنێت دەمانکاتە خەو، هەمیشە پەیڕەوی لە یاسایەک دەکەن کە نیتشە لە زمانی دانایەکەوە لە پەرتوکی *ئاوهای گوت زەردەشتدا* ئاماژەی پێ کردووە. لە کاتێکدا کە دانا سەرگەرمی بانگەشەکردنە بۆ باوەڕەکانی خۆی دەربارەی گرنگیی خەوخۆشی و پەسەندی خەو بۆ گوێگرەکانی قسە دەکات و دەڵێت، "ئاگاداری ڕێز و گەورەییی خەوخۆشی بن کە پایانی یەکەمی هەیە، دوورەپەرێز بن لەو کەسانەی کە تووشی بەدهەلاژیان و خەوزڕان بوون." لێرەدا هێمایەکی قووڵ هەیە بە ناوەڕۆکی ئەو بیرە نامۆیانەی کە زاڵبوونیان



Scanned with CamScanner

بە داتەپاندنی بیرتیژی و بیرزیندوویی کۆتایی دێت. ئەم هێمایە تێگەیشتنمان پێ دەبەخشێت کە چۆن و بە چ میکانیزمێک سوسەکردن و سەرەڕۆیی و تەوژمە ڕوولەیاخیبوونەکانی مرۆڤ سەرکوت و دەمکوت دەکرێن، لەم گۆشەنیگایەوە ئەو ڕاستییە خۆی ڕادەگەیەنێت کە لە شوێنی ئەوەی هوشیارت بکەنەوە مەستت دەکەن، لە مەستبووندا تەڵقینت دەکەن ، بە تەڵقینکردنیش وەک کۆیلەیەکی حەقیقی ڕامت دەکەن، ڕەنگە لێرەوە ئێمە گوێبیستی ئەو ئامۆژگارییانە ببین، کە بۆ زیاتر و قووڵتر گەمژەکردن و زەوتکردنی مرۆڤ بانگەشەیان بۆ دەکرێت. ئەم بیروباوەڕانە لە یەک کاتدا تراژیدیایەکی گەورە و کۆمیدیایەکی مەزنن، مایەی پێکەنینن لەبەر ئەوەی بانگی مرۆڤ دەکەن بۆ بیرکردنەوە، بەڵام هەر خۆیان هێزی بیرکردنەوە و ئامێری بیرکردنەوەی مرۆڤیان خاپور و وێران کردووە. مایەی پێکەنینن چونکە ئەوانە خاوەنی مانیفێستێکی نەگۆڕ و ڕەهان، لە هەمان کاتدا خودان دەرئەنجامی نەگۆڕ و ڕەهاشن، بۆیە کاتێک بانگی مرۆڤ بکەن بۆ گەڕان و بیرکردنەوە جێی سەرسامین، تۆ چۆن دەتوانیت ئازادانە بیر بکەیتەوە و دەرئەنجامە جیاوازەکانی بیرکردنەوە قبوڵ بکەیت ئەگەر لە پێشدا یەک وەڵامت وەک حەقیقەتی ڕەها و وەک نەگۆڕێکی ئەبەدی باوەڕپێکرد بێت؟ بیرکردنەوە بە واتای حەقیقی خۆی لە وەها بۆشگەیەکدا نەبووە "غائیبە." ئەوەی هەیە خزمەتکارێکی بیرنەکردنەوەیە. لە جیهانێکدا جووڵە و فزوڵیەتی مرۆڤی تێدا ئاستەنگ بکرێت ئامادەی بیرکردنەوەی فەلسەفییانە و زانستییانە نامومکینە، لەبەر ئەوەی تەنها ئەو وەڵامانە قبوڵ کراون کە سنوورە



Scanned with CamScanner

ئاسنینەکانی مانیفێستە ڕەهاکەیان تێنەپەڕاندبێت. فەلسەفە و زانست لەناو سنووورە داخراوەکاندا بەتەواوی لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆیان دادەبڕێنرێن و ئەوەی دەمێنێتەوە جگە لە ناوەکەیان شتێکی دیکە نییە، ڕۆڵیشیان زیاتر لە ڕۆڵی خزمەتچییەکی پاسیڤ چیدیکە نییە. ڕەهەندی تراژیدیی ئەم جیهانە کلۆمدراوە لەوەدایە، کە ئەم بیروباوەڕانە لافاوێک لە مرۆڤایەتیی مەست کردووە، کە مایەی نائومێدیی گەورەن، تراژیدیایەکی گەورەیە لەبەر ئەوەی هوشیاریی کۆیلایەتی لەم ڕێگەیەوە و لە ڕووی بیر و ئایدۆلۆژییەوە گەشەی کردووە و سەقامگیرییەکەی زیاتر بووە. کێشەی گەورەی ئەم دونیایە ئەوەیە لەگەڵ حەقیقەت سادە و ساکار بەرخورد ئەکات و بوونی حەقیقەت بەبێ گەڕان و بیرکردنەوەی قووڵ و تەنانەت تەنها بە باوەڕهێنان دان بە بوونیدا دەنرێت. کێشەی گەورەی مرۆڤ لە بنچینەوە کێشەی حەقیقەتە، ئەمەش دژوارترین پرسە و قابیلی کۆتاییهاتن نییە. ئەوانەی بانگی حەقیقەت و دۆزینەوەی دەکەن، لە ڕاستیدا ئەوانەن کە هەرگیز بۆ حەقیقەت نەگەڕاون. چۆن مرۆڤ لە هەناوی مرۆڤەوە لەدایک دەبێت، ئازادییش نەوەیەکی مرۆڤە و لە هەناوی مرۆڤەوە دێتە بوون. بوونی ڕەسەنی مرۆڤ گرێدراوی توندی ئەو ئازادییەیە کە لە هەناوی خودی مرۆییەوە دەرسکێت. مرۆڤ چۆن توانای خوڵقاندنی ئازادیی هەیە، توانای ئەفراندنی کۆیلایەتیشی هەیە، ئازادی و مرۆڤێکی ئازاد چۆن لە هەناوی مرۆڤەوە لەدایک دەبن، ئەوهاش کۆیلایەتی و بوونەوەرێکی کۆیلە لە هەمان جێگەوە نەشونما دەکەن، بەڵام ئەم نەوەیەی

مرۆڤ جودا لەتەک نەوەی یەکەمیدا گەشە و مانەوەی پەیوەستە بە کوشتنی دایکیەوە، واتە کوشتنی دایک دەبێتە مەرجی بنەڕەتی بۆ بوونی کۆیلایەتی، هەر وەک چۆن دەبینین دایکەدووپشک کاتێک بێچووەکانی دێنە بوون، خۆی لەتەک لەدایکبوونی نەوەکانیدا دەمرێت، هەڵبەت مردنی دایکەدووپشک بە شێوەیەکی سروشتی بووەتە مەرجی لەدایکبوونی بێچووەکانی، کتومت وەک کۆیلایەتی کە لەسەر کوشتنی باوانی خۆی دەژی.

ئەو شت و هێز و خەیاڵ و ئایدیایانەی مرۆڤ لە سەروو خۆیەوە نیشتەجێی کردوون لە هەناوی مرۆییەوە وەدی هاتوون. ئەم شتگەل و هێزگەلە جیاوازەی بوونەتە سەردار و خاوەنی مرۆڤ لەبەر ئەوەیە، کە لە بنەڕەتدا مرۆڤ سەرداری و خاوەندارییەتیی خۆی بەسەر ئەواندا لەبیر کردووە. ئەم لەبیرکردن و فەرامۆشییەی مرۆڤ جەوهەری تراژیدیاکەیەتی.

## لەبیرکردنی تەکنۆلۆژیا وەك داهێنراوی مرۆیی

لە تێگەیشتنمدا بۆ ڕەچەڵەکی خواوەندەکان و لەبیرکردنیان وەک داهێنراوێکی مرۆیی، ئاماژەمان داوە بە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی توانای لەبیرکردن لە مرۆڤدا، کە دەرفەتی بۆ لەبیرکردنی خودی خۆی ڕەخساندووە، توانیمان وەک خاڵێکی دیکە زیادی بکەین بۆ زیاتر سەلماندنی تراژیدیای مرۆڤ لەم جیهانەدا. ڕەنگە باشترین بژاردەی فەلسەفی بۆ تێگەیشتن لە کێشەی لەبیرکردن گەڕانەوە بێت بۆ تێزەکەی هایدیگەر لەبارەی لەبیرکردنی پرس دەربارەی مانای بوون. هایدیگەر لە کتێبی *بوون و کات*دا نووسیویەتی، پرس دەربارەی مانای بوون پێویستە لەئارادا بێت. ئەگەر پرسێکی بنچینەییە و سەرەکییە، ئەوە پێویستی بە ڕوونێتیی تەواوەتی هەیە. هایدیگەر پێی وایە هەموو پرسیارکردنێک گەڕانیشە. هەموو گەڕانیک لە پێشەوە خاوەنی ئاڕاستەکرانی خۆیەتی لەلایەن ئەو شتەی بۆی دەگەڕێین. پرسیارکردن بریتییە لە گەڕانێکی ئاگامەندانەی هەبوو لە فاکت و حەقیقەتی بوونی خۆیدا. ئەم بیرمەندە ڕای گەیاندووە، کە ئیشی بناغەیی ئەو خستنەوەئارا و نوێکردنەوەی پرسی مانای بوونە، کە

لە ئەفلاتون[1]ەوە تا نیتشە ئەم پرسە فەرامۆش کراوە و بوون بۆ سەر بنەڕەتە میتافیزیکییەکان گەڕێنراوەتەوە(٣٣). هایدیگەر لەبیرکردن بە کێشەیەکی گەورە دادەنێت لە پەیوەند بە پرسی مانای بوونەوە. ئەم پرسە گەڕانە بۆ خودی ڕاستەقینەی مرۆڤ خۆی. ئەم پرۆسەیە خۆناسین بەرهەم دەهێنێت. بە پێچەوانەوە، گەڕاندنەوەی بوون بۆ سەر بنەڕەتی هیچ و فەرامۆشکردنی پرسی مانای بوون تراژیدیای لەبیرکردنی بوونی ڕاستەقینە و دازاینی مرۆڤ خۆی لێ دەکەوێتەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوە بڵێین، کە بەتەنها مەرگ نییە ئەو تراژیدیایەی خوڵقاندووە،

بەڵکو ئەم جۆرە لەبەرخوردکردنی مرۆڤ لەگەڵ داهێنراوەکانی خۆیدا خاڵێکی جەوهەرییە لە بوونیادی ئەو تراژیدیایەدا. یەکێک لە داهێنراوەکانی مرۆڤ تەکنەلۆژیایە و ڕۆڵی لە ژیانی مرۆڤدا بە ئاستێکی مەترسیدار پەرەی سەندووە. مەترسییەک کە ناکرێت نادیدەی بگرین، هەر وەک چۆن حەقیقەتە ڕەهاکان ئەو مەترسییە هەمەلایەن و قووڵەیان دروست کردووە و دروستیشی دەکەن بەبەردەوامی، هەر ئەوهاش تەکنۆلۆژیا چرکەبەچرکە ئەو کایگەرییەی قووڵتر دەبێتەوە و زیاتر سەراپای ژیانی مرۆڤ

---

[1] ئەفلاتون: فەیلەسوفی یۆنانی دێرین و قوتابی سوقرات و مامۆستای ئەرستۆ. لە ساڵی(٤٢٨ یان ٤٢٧)ی پ. ز لەدایک بووە و ساڵی(٣٤٨ یان ٣٤٧)ی پ. ز مردووە. ئەفلاتون یەکەم فەیلەسوفە کە نووسینەکانی بەتەواوی ماونەتەوە. لە خێزانێکی ئەریستۆکراتی لەدایک بووە. بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئاراستەی ئایدیالیسی دادەنرێت لە فەلسەفەی جیهانیدا. ئەفلاتون ئەم جیهانە بە کۆپی جیهانی حەقیقی دادەنێت، چونکە لەلای ئەو جیهانی ئایدییاکان جیهانی ڕاستییەکانە.



Scanned with CamScanner

داگیر دەکات. تەکنەلۆژیا بریتییە لە مرۆڤ، بەڵام نەک لە بوونی ڕاستەوخۆی ئەودا، بەڵکو لە بوونی سیمبۆلییانەیدا. ئایا هەڵسەنگاندنێکی پۆزەتیڤانە یان نیگەتیڤانە دەتوانین بۆ کاریگەریی بوونی سیمبۆلی - تەکنەلۆژییانەی مرۆڤ بکەین؟ وەک دیارە ئەم پرسە تەنها بە یەک ئاڕاستە و خوێندنەوە پەیگیر ناکرێت. مارتین هایدیگەر بەردەوام ڕوانینی خۆی لەسەر ئەوە جێگیر دەکات، کە تەکنەلۆژیا لە دژبەری مرۆڤ دەوەستێتەوە وەک پێکهاتە، بە هۆی تەکنەلۆژیاوەیە کە مرۆڤ بوونی ڕەسەنی خۆی فەرامۆش و ڕەت دەکاتەوە. لەبەر ئەوە هیچ جێی سەرسووڕمان نییە، کە گەشەکردنی تەکنەلۆژیا مرۆڤ بەرەو کێشەیەکی بێچارەسەر دەبات. لەلای هایدیگەر تەکنەلۆژیا بوونی ناڕەسەنی مرۆڤە. تەکنەلۆژیا چارەنووسی مرۆڤە. خۆشبینەکان پێیان وایە چارەنووسێکی خراپ نییە، چونکە تەکنەلۆژیا مرۆڤ پڕچەک دەکات، زیاتر بەهێزی دەکات، خێرا و بەرزی دەکات. ڕەنگە ڕوانینی خۆشبینانە بۆ ڕۆڵی تەکنەلۆژیا بتوانێ شوێن و پاساوی خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە، کە هایدیگەر لەبارەی تەکنەلۆژیاوە ئاماژەی پێ کردووە. هیچ لەو مەترسییە ڕاستەوخۆ فیزیکی و ڕۆحییانە سووک ناکات، کە تەکنەلۆژیا لە هەموو چەرکەیەکیدا و لە هەموو هەنگاوێکی پەرەسەندنی خۆیدا لەسەر مرۆڤ دروستی کردووە. هەڕەشەی تەکنەلۆژیا لەسەر مرۆڤ و چارەنووسی مرۆڤ بە ئەندازەیەک قووڵ و کاریگەرە و بێچارەسەری بنەڕەتییە، هایدیگەری گەیاندۆتە ئەو ئاستەی لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا بڵێت، "مەگەر خودایەک

لە هەڕەشەی تەکنەلۆژیا ڕزگارمان بکات." تەکنەلۆژیا لێ ناگەڕێت مرۆڤ وەک بەکارهێنەر و سوبێکتی حەقیقی بمێنێتەوە و خۆی بپارێزێت، لەم ئاستەدا خودی تەکنەلۆژیا بە توانایی و هێزی فریودەرانەی خۆیەوە مرۆڤ مەحکوم دەکات، بەڵام لە لایەکی دیکەوە ئەوە مرۆڤ خۆیەتی ویستی ڕادەستبوون و مەستبوون بە توانایی و سیحری تەکنەلۆژیا بەتەواوی بە ئاقاری ئەو ملکەچی و گوێڕایەڵییە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەدا دەیبات و دەگاتە ئاستی نارەسەنایەتی بوونی خۆی.

ئەگەر بمانەوێت دەربارەی مرۆڤ قسە بکەین دەبێت باس لە تەکنۆلۆژیایەکی گۆشت و خوێن بکەین، دەبێت هێما بە دیاردەیەکی کۆنترۆڵکراو بکەین کە تەکنۆلۆژیا و ئەو واقیعەی دەیسەپێنێت کات و بوونی ئەم دیاردەیە دیاریدەکات. ئەمە سەرەڕای ئەو گرنگی و سوودانەی کە بە مرۆڤی دەبەخشێت.

مرۆڤ لە سەرەتای پرۆسەی گەشەکردنی زانست و سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیادا بە بیریدا نەهاتووە و ئەو پێوابوونەشی بەڕەزامەندییەوە وەر نەگرتووە کە ئەشێ ساتێکی مێژووی مرۆڤایەتی بێتە پێشەوە کە گۆڕانەکان لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا بەو ڕادەیەی ئێستا بەرچاو دەکەون ڕوو بدەن، هەڵبەت بە باش و خراپی گۆڕانکارییەکانەوە. ئەمەش هەر وەک چۆن مرۆڤ لە سەرەتاوە چەندین دیاریدە و هێزی جیاوازی سروشتی وەک هێزی باڵا و ڕزگارکەر وێنا دەکات، بەبێ ئەوەی لەو

کاتەدا ئەوەی بە بیردا هاتبێت کە دەشێت لە ئاییندەدا ئەم هێزگەلە بە توندی و قووڵی ڕۆبچنە هەناوی مرۆڤەوە و ببنە خاوەن قسە و پەرتوک و ئامۆژگاریی زۆر و زەوەند، هەر ئەوهاش مرۆڤ لە بەردەم تەکنەلۆژیا و جووڵەی پڕ لە گەشەی ئەم دیاریدەیەدا سەراسیمە و بێ پێوابوون بووە، بەهێمنی بە ژیان و بەکاربردنی دیاردە ماددییەکانی ناویەوە سەرقاڵ بووە، هەموو هەوڵێکی بۆ بەکارهێنانی ئامرازی نوێ چووەتە خزمەتی ئەم دیاردەیەوە "تەکنۆلۆژیا"

و لەگەڵ ئەوەی لە ژیانیدا هەندێک ئاسانکاریی بۆ کراوە بە هۆی ئامێرە نوێیەکانەوە، بەڵام هەنگاوبەهەنگاوی گەشەکردن و زیادبوونی ئامێرەکان پێداویستییەکانی مرۆڤ زیادیان کردووە، بە هێندەی ئەم گەشەکردنە سەرقاڵیی مرۆڤ بە دەرئەنجامەکانەوە گەورە بووە. ئەم سەرقاڵییە لە پەیوەست بە کاتەوە ئەگەر لێی وردببینەوە، ئیشکالیەتی هەرە گەورە و چارەنووسسازی بە نیسبەت بوونی مرۆڤەوە خولقاندووە. کات وەک مەرجێکی بنەڕەتیی ئەو بوونە ڕۆڵ دەگێڕێت، بوونی مرۆڤ لەناو کاتدا مەرجی یەکەمینە، هەر وەک بوونی مرۆڤ لە جیهاندا، بەڵام مەرجێکی زیاتر گرنگ بۆ ئەم بوونە بەکارهێنانی کاتە واتە پارێزگاریکردن لە سوبێکتیەتی مرۆڤ لەبەرامبەر کاتدا. ئەگەر مرۆڤ ئەم مەرجەی لەدەست دا مەرجی یەکەم لەدەست دەدات، یاخود مەرجی یەکەم لە پەیوەند بە بوونی ئەوەوە هیچ گرنگییەکی نامێنێت و ماناکانی خۆی ون دەکات.

تەکنۆلۆژیا بەبەردەوامی لە گەشەکردندایە، ڕۆڵیشی لە ژیاندا بە هەمان ڕادە لە گەورەبووندایە، مرۆڤیش لە



Scanned with CamScanner

سایەی نەشونماکردنی ئەم دیاردەیەدا بە هەمان ڕادە لە بچووکبوونەوەدایە، بچووکبوونەوە و نزمبوونەوەی مرۆڤ لەو مەترسییە بەردەوامانەی ناو ئەم جیهانەیە، کە هەمیشە وەک خۆرەی بوونی مرۆڤ ئامادەگیی هەیە، ئامادەگیی ئەم نەخۆشییە کە ئیش لە سەر داخورانی ئیرادە و ویستی ڕاستەقینە دەکات وەدیهێنەری ئەو پاسیڤبوون و ملکەچییە ترسناکەی مرۆڤە لە ئاست یەکێکی دی لە داهێنراوەکانیدا. ئەم داهێنانە زانستی و تەکنەلۆژییانە داهێنانی مرۆڤەکانن، بەڵام مەترسییەکە لێرەدایە داهێنراوەکان ئێستا بوونەتە دروستکەری جۆرێک لە مرۆڤ، کە ئەشێ لە سەردەمەکانی تردا نەبینرابن، تەنانەت ئەم تەکنەلۆژیا و زانستە بەوەوە ڕانەوەستاوە، کە فۆرمێک لە مرۆڤ لە سەر مۆدێلێکی مۆراڵیی تەکنەلۆژی، سیاسەتی تەکنەلۆژی، نابیرکردنەوەی تەکنەلۆژی، ئەقڵێکی تەکنەلۆژی، کاتێکی تەکنەلۆژی، نزیکەی هەموویەکی تەکنەلۆژی بوونیاد بنێت، بەڵکو لە ئێستادا خودی مرۆڤ لە ڕووی بایۆلۆژییەوە بووەتە داهێنانێکی ئاسانی ئەم داهێنەرە داهێنراوە، ئەتوانێت شێوازێک لە مرۆڤت بۆ دروست بکات لەسەر خواست و داواکاری، ئەمە بەڕای من مەزنترین دەستوەردانی زانست و تەکنەلۆژیایە لە بوونی مرۆڤ بەگشتی، ئێستا مرۆڤ بووە بە جۆرێک لە ڕۆبۆت، هەم وەک ڕۆبۆت تەماشا دەکرێت، هەم خۆیشی وەک ڕۆبۆت مامەڵە لەتەک بوونی خۆیدا دەکات، ئەو کار دەکات بە شێوەیەک کە ئامێرەکان دەیانەوێت و فەرمان دەکەن، ئەو پاداشتی ئەو کارەی وەر دەگرێت وەک چۆن ئامێرەکان بۆ بەردەوامبوونیان لە جووڵە پێویستیان بە

جۆرێک لە سوتەمەنی، یان برێک کارەبا هەیە، ئەو تەنانەت لەناو کاتێکی تەکنەلۆژیدا دەژی.

مرۆڤ ڕووبەڕووی جۆرێک لە دابڕان بووەتەوە لەتەک کاتی گەردوونیدا، ئێستا شەو و ڕۆژ وەک دەرئەنجامێکی پەیوەندیی نێوان زەوی و خۆر کەمێ کشانەوەی بەخۆیەوە بینیوە لە کاریگەرییەکانیدا لە سەر ڕێکخستن و دیاریکردنی کاتەکانی مرۆڤ، تەکنەلۆژیا وەک چۆن لە گلۆبالیزەیشندا ڕۆڵی تێکشکێنەر و سڕەرەوەی سنوورەکان دەگێڕێت، لێرەشدا ئەو ڕۆڵەی خۆی وازی دەکات و بەنزیکەیی کاتەسروشتییەکانی تێکەڵاو کردووە و چۆن خواستی پارە و ئامێر گوزارشت لە خۆیان دەکەن، مرۆڤ و کاتیش بەو شێوازە نمایشی خۆیان دەکەن، ڕاستتر نماییش دەکرێن.

دەستەوەستانی و ناکارایی مرۆڤ هەر وەک چۆن حەقیقەتە ڕەهاکانی خولقاند و گەورەی کردن ئەوها تەکنەلۆژیاشی بردۆتە ئاستێک کە ڕزگاربوون لێی نامومکین خۆی بنوێنێت، ئەگەر لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤی ئەوڕۆوە نموونەکان وەر بگرین ئەوە دەتوانین ئەوە بسەلمێنین کە تەکنەلۆژیا مرۆڤی بە شێوەک گۆڕیوەو دووری خستووەتەوە لە مرۆڤبوونەکەی خۆی وەک سوبێکت ئیدی ئاسان نییە بۆ ناسینەوە.

## زیندانکردنی مرۆڤ

کەمپیوتەر ئەو ئامێرەی کە مرۆڤی ناچار کردووە لە ماڵەکەی خۆیدا بمێنێتەوە و بە بڕیارێکی بێئاگایانەی خۆی ماڵەکەی بگۆڕێت بۆ زیندان، هەڵبەت بەبێ ئەوەی دادگایەک بڕیاری دەستبەسەری بەسەردا سەپاندبێت، ئەو نائاگایانە فەرمانێکی نهێنی جێبەجێ دەکات، کە تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر سەپاندویەتی. لێرەدا مرۆڤ بووەتە بوونێکی دابڕاو لە سروشت. بە پلەی یەکەم شارەکان بە شێوەیەکی سەرەکی بوونەتە شورای هەرەمەزن لەنێوان مرۆڤ و سروشتدا و لەناو جەوهەری شارەکانیشدا ئەم تەکنەلۆژیایە بەتەواوی و بە شێوەیەکی قووڵ مرۆڤ و سروشتی لێک جودا کردۆتەوە و بووەتە بکوژی ڕاستەقینەی سروشت لە ژیانی مرۆڤدا، کە دەشێ مرۆڤ لە شارە گەورە و جەنجاڵکاندا تەنانەت لە بینینی ئاسمانیش بێبەش بێت. کاتێک مرۆڤ دەبێتە مەکینەیەکی ئیشکەر و شەو و ڕۆژ سەرقاڵی کار دەبێت، کاتی پشووەکانی سەرقاڵی نانخواردن و غەرقبوون بێت لەناو دنیای جەنجاڵ و وەڕسکەری کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتدا ئەوە چ کاتێک دەمێنێتەوە بۆ بیرکردنەوە لە

خودی خۆی وەک مرۆڤ، بۆ بیرکردنەوە لە ژیان، لە کێشە هەمیشەییەکانی ناو جیهان و مرۆڤایەتی؟ بیرکردنەوە و دووپاتکردنەوەی پرسی بوون بۆ بوونەوەرگەلێکی لەو شێوەیە چ واتایەکی هەیە؟

مانای بوونی مرۆڤ لێرەدا زیاتر نییە لە پێناسکردنی ئەو بوونە وەک کارکەر و نانخۆر، کە دەشێ ئەم پێناسەیە بۆ ئاژەڵەکانیش دروست بێت. ئەم دەرئەنجامە نێگەتیڤە پەیوەستە بە توانای پاریزگاریکردنی مرۆڤ لە سوبیکتییەتیی خۆی لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیادا، پەیوەستە بە ڕادەی ئەو سوودانەی مرۆڤ دەیخولقێنێت بە هۆی ئامێر و داهێنراوە تەکنەلۆژییەکانەوە، بەڵام لەم کاتەشدا مەترسی لەسەربوونی مرۆڤ دەمێنێتەوە و خۆی دەسەلمێنێتەوە لە ڕێگەی ئەو سوودە ماددییانەی هەیەتی، مرۆڤ دووبارە لەم ڕێگەیەوە دەچێتەوە ئەو دونیا داخراوەی کە تەکنەلۆژیا خولقاندویەتی، چونکە کێشەی هەڵسەنگاندنی باش و خراپی تەکنەلۆژیا و هەر دیاردەیەکی دیکە لەسەر بناغەی سوود و بەرژەوەندی و چێژی مرۆڤ دوورە لە هەر ڕوانینێکی ئەخلاقییانە بۆ ژیان و دونیا، ئەم بێبەندوبارییە مۆراڵییەش لە ژیانی تەکنەلۆژیانەی هاوچەرخدا زامی تراژیدییانەی بوونی مرۆڤی قووڵتر و کاریگەرتر کردووە. بازنەی کۆیلایەتی مرۆڤ لە ئیشکردن و بەردەوامیدا دەمێنێتەوە هەرکاتێک مرۆڤ دەیەوێ بە پاساوی سوودی مادییەوە کەڵک لەو دیاردانە وەر بگرێت. لە وێستگەیەکی خولانەوەی بازنەی سوودوەرگرتنی مرۆڤ لە تەکنەلۆژیا دەکەوینەوە ناو پەرستگایەکی ترەوە، کە تێیدا حەشاماتێک لە بەردەم

خـوا-کاڵادا نوشـتاونەتەوە و بچووکـی خۆیـان دووپـات دەکەنـەوە و بەندایەتییـان بـۆ کاڵا نـوژەن دەکەنـەوە. بێگومـان کاڵا ڕەهەندێکـی ترانسـدێنتالیی گـەورەی بەخـۆوە گرتـووە، بـە ئاسـتێک مرۆڤـی تەکنەلۆژیـی هاوچـەرخ چەمانەوەیەکـی ترسـناکی لـە بـەردەم کاڵادا بەسـەردا هاتـووە، کـە ڕاسـتییەک پیشـان دەدات لەبـارەی ئـەو نارەسـەنایەتییە قووڵـەی مـرۆڤ پێیـەوە دەرگیـر بـووە و بەبـێ ڕەتکردنەوەیەکـی جوامێرانـە ناتوانێ ئـەو دۆخـە تراژیدییە تێپەڕێنێت. دۆخێک، کە فۆرمێکی مـرۆڤ تێیـدا بەرجەسـتە بـووە، کـە مومکینیەتـی ئازادبوونـی لـە خۆیـدا سسـت کـردووە و پێـی وایـە دەرچەیەکـی تـر بـۆ چوونەدەرەوە لـەو دۆخـە بوونـی نییـە، لەبـەر ئـەوە قبوڵکردنـی حەقیقەتـی ئـەو دۆخـە بـە واقیعبینـی و ئەقڵانـی لەقەڵـەم دەدات.

## سستکردنی ویستی کۆمەڵایەتیبوون

بەردەوام دەبین لەسەر دەستنیشانکردنی ئەو کاریگەرییانەی کە تەکنەلۆژیا بەگشتی و لێرەدا بەتایبەت کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت دروستیان کردووە و دروستی دەکەن لەسەر بوونی مرۆڤ، جێپەنجەیان بە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە جێگە سەرنجە و شیاوی لەسەروەستانە. مرۆڤ لەپێش قووڵبوونەوەی ئەو ڕۆڵەی ئامرازەکانی پەیوەندی لەم ساتەدا دەیگێڕن، لە پەیوەندی و تێکەڵاوبوونێکی جیاواز و گەرموگوڕدا بوو، بە شێوەیەک لێکدابڕان و یەکنەبینینی ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕوو قەبووڵکراو نەبوو. ڕووبەڕوبوون لەگەڵ یەکتر پەیوەندییە مرۆییەکانی پڕ کردبوو لە مانا، مرۆڤ لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییانەوە دووبارە هەستی مرۆڤدۆستی و پێکەوەبوونی لەناودا تازە دەبووەوە. ئەم تازەبوونەوەیە بەهێزکردنەوەی ئەو بوونیادە مرۆییەیە کە دەتوانین وەک مەرجێک بۆ بوونی مرۆڤ لەناو جیهانی مرۆییدا هێمای پێ بکەین، وەک ئەوەی ئەرستۆ[1] دەڵێت،

١ ئەرستۆ: ساڵی (٣٨٤)پ. ز لەدایک بووە و ساڵی(٣٢٢)پ. ز مردووە. فەیلەسوفی گریکیی دێرین و قوتابی ئەفلاتون بووە. لە ساڵی(٣٤٣) پ. ز بووە بە پەروەردەکاری ئەسکەندەری مەکەدۆنی. سروشتگەرای

"مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە،" بەم پێیە دەتوانین بڵێین کۆمەڵایەتیبوون مەرجێکی ئۆنتۆلۆژیانەی مرۆڤە، کە بەبێ ئەم بوونە کۆمەڵایەتییە مرۆڤ وەک مرۆڤ و هەڵگری شوناسی کۆمەڵایەتیبوون نامومکین دەبێت. بوونی مرۆڤ مەرجێکە بۆ بوونی خودی خۆی، لە دەرەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دیاردەی مرۆڤ بوونی نییە، ئەمەش هیچ لەو تاقانەیییەی مرۆڤ لەنێو جیهاندا ناگۆڕێت، کە مەبەست لێی ئەوەیە مرۆڤ تاقانەیەکی بێکەسە و هەر خودی خۆی بەرپرسیاری خۆیەتی بەبێ ئەوەی لە دەرەوەی خۆیەوە هیچ هێزگەلێکی دیکە تەحەکوم بە بوونیەوە بکەن.

تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی گشتی و بەقووڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەرتەسک کردۆتەوە و نزیکی کردۆتەوە لە نەمان، ئەو جۆرە لە پەیوەندی کە بوونیادی ناوە لەنێوان مرۆڤەکاندا لەسەر شێوازی ئەو پەیوەندییەیە کە لەنێوان بەشە جیاوازەکانی خودی تەکنەلۆژیادا هەیە، وەک هایدیگەر دەڵێت، "ڕەگوڕیشەی مرۆڤ دەرهێنراوە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمان بوون بە تەکنەلۆژیانە. ئەم ئەستێرەیە ئەو زەوییە نییە کە مرۆڤی لەسەر دەژی،" دیارە ئەگەر لێرەوە بگەڕێینەوە بۆ یەکێک لەو مەرجە ئۆنتۆلۆژییانەی کە ئەم فەیلەسوفە بۆ بوونی مرۆڤ لە فەلسەفەکەی خۆیدا سەلماندوویەتی دەتوانین تێگەیشتنمان بۆ لە ڕەگوڕیشە دەرهێنانی مرۆڤ ئاسانتر و فراوانتر بکەین،

---

سەردەمی کلاسیکە. دامەزرێنەری لۆژیکی سووەرییە. دامەزرێنەری یەکەمە لە سیستەمێکی گشتگیری فەلسەفیدا، کە سەرجەمی بوارەکانی گەشەکردنی مرۆیی لەخۆ بگرێت.

"بوون لەتەک ئەوانی تردا" مەرجێکی ئۆنتۆلۆژییانەی بوونی مرۆڤە ئەمەش نزیکایەتییەکی لەتەک پێناسەکەی ئەرستۆ بۆ مرۆڤ هەیە، واتە پێناسەکردنیش بە جۆرێک لە جۆرەکان دیاریکردنی مەرجە بۆ بوونی دیاردەیەک. بۆ مرۆڤ کۆمەڵایەتیبوون پێناسەیە و مەرجێکی بوونگەراییانەشە، ئەو ڕەگوڕیشەیەش کە مرۆڤ هەیەتی لەنێو مەرجەکانی بوونیدایە، هەڵبەت یەک لەو مەرجانەش بوونە لەتەک ئەوانی تردا. بێگومان مرۆڤ بەگشتی و مرۆڤی ڕەسەن بەتایبەتی بەئاگامەنییەوە مامەڵە لەتەک ئەم مەرجەی بوونی خۆیدا دەکات، ئەو پەیوەندییانەی کە لەتەک ئەوانی دیکەدا دایان دەمەزرێنێت لەسەر بنەمای ئاگامەندی و درککردنە بە پێویستییەتی ئەو پەیوەندییانە لەنێوانی مرۆڤەکاندا و هەر ئەمەش شێوازی ئەو پەیوەندییانەی کە خودی مرۆڤ بە ڕێگەیەکی ئاگامەندانە بوونیادی دەنێت جیا دەکاتەوە لەتەک ئەو پەیوەندییانەی کە ئەمڕۆ تەکنەلۆژیا لەنێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا خوڵقاندویەتی، کە زیاتر ڕەنگدانەوەی ئەو پەیوەندییەیە کە پارچە جیاوازەکانی ئامێرێکی پێکەوە گرێداوە. ئەوە پارچە ئامێرەکانین کە وەها پەیوەندییەکیان هەڵبژاردووە، بەڵکو هێزێکی دەرەوەی خۆیانە ئەمەی بەسەردا سەپاندوون، هەر وەک چۆن تەکنەلۆژیاش پەیوەندییەکانی مرۆڤی نزم کردۆتەوە بۆ ئەم ئاستەی کە ئامێرەکان تێیدان، لێرەدا سەرنج لە دوو خاڵ دەدەین یەکەم ئەوەی مرۆڤ لە خوڵقاندنی ئامێرەکان و پەیوەندییەکانیشیاندا ڕۆڵێکی داهێنەرانە دەگێڕێت بەڵام لە هەمان کاتدا داهێنانەکەی هەڵدەوەشێتەوە نەک لەبەر ئەوەی



Scanned with CamScanner

ئامێر و ئـەو تەکنەلۆژیایـەی بوونیـادی دەنێت خراپـە و کار نـاکات، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی تەکنەلۆژیـا داهێنراوەکـە خـودی داهێنـەر دەکوژێت و چیی تـر مـرۆڤ وەک بوونێکی ڕەسـەن نامێنێتـەوە. دووەم ئـەو تراژیدییایـەی بـەم هۆیـەوە لەدایـک دەبێت، بەشـداری لـە گەورەکردنـی زیاتـری ئـەو تراژیدییایـەدا دەکات، کـە پەیوەسـتی بوونـی ڕوو لـە کۆتاییـی مرۆڤـە لـە جیهانـدا، بەسـتراوە بـە لـە بیرکردنـی ڕۆڵـی داهێنەرانـەی مرۆڤ و نزمبوونـەوەی ئەم بوونەوەرەوە بۆ ئاستی شتەکان و هەبـووەکان کـە خاوەنـی بوونێکـی ئاگامەندانەنیـن.

دەتوانیـن بڵێیـن تەکنەلۆژیـا وەک بوونێکـی نارەسـەن مامەڵـە لەتـەک مرۆڤدا دەکات، ئـەو بوونـەی تەنهـا بـە نارەسـەنی قبوڵـە، ئەمـە ئـە و کاریگەرییـە نێگەتیڤەیـە کـە بوونـی مـرۆڤ لـە ڕەسـەنبوونەوە بۆ نارەسـەنی دەگوازێتـەوە، ئەمـەش پەیوەسـتە بـەوەی کـە بوونـی مـرۆڤ بووەتـە بەشـێک لـەو سـامانە سروشـتییەی کـە تەکنەلۆژیـا پێویسـتی پێیەتـی، واتـە وەک هەبوویـەک لـە هەبـووەکان مامەڵـەش لەتـەک بوونـی مرۆڤدا دەکرێت. دکتـۆر محەمـەد کەمـال هێمـای بـەم ڕاسـتییە کـردووە و نووسـیویەتی، "مەترسـییەکە لەوێدایـە کـە تەکنەلۆژیـا بـە خزانـی بـوون بەگشـتی بـۆ نێـو چوارچێوەی وەبەرهێنـان جیاوازییەکانی نێوان بوونی مرۆڤ و هەبووەکانـی سـڕیوەتەوە. بوونـی مرۆڤیش خزێنراوەتـە نێو چوارچێوەیەکـەوە و بـە گەنجینەیەکـی سـامان دادەنرێـت(٣٤)."

هەڵبەتـە ئـەوە ڕاسـتییەکی بوونگەراییانەیـە، کـە مرۆڤیش وەک هەمـوو هەبـووەکان بەشـێکە لـە بوونـە مەزنەکـە، یاخـود ئـەو بوونـە بنەڕەتـی بوونـی مرۆڤیشـە وەک چۆن بنەڕەتـی بوونـی

هەبووەکانیشـە، بـەڵام ئـەوەی مـرۆڤ و هەبـووەکان بەقووڵـی لێک جودا دەکاتـەوە ئـەوە پەیوەستە بـە ئاگامەندیـی مرۆڤـەوە لـە ئاست بـوون بـە گشتی و بوونـی خۆیدا. ئەمـە لـە کاتێکدا کـە توانیبێتی پارێزگاری لـە ڕەسـەنایەتیی بوونـی خۆی بکات، بوونـی خـۆی وەک بوونەوەرێکـی یاخیبـوو بـە هەمیشـەیی بهێڵێتـەوە، بەبێ ئـەم خۆڕاگرییـە توند و سـەرمەدییە ناتوانیـن هێمـا بـە بوونـی مـرۆڤ وەک نا-شـت، یاخـود وەک بوونێکـی ئاگامەنـد بکەیـن.



Scanned with CamScanner

## تەکنەلۆژیا وەك بکوژی پرسیار

ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵێک مەرجی بوونگەرابیيانە بۆ بوونی مرۆڤی ڕەسەن دیاری بکەین جیاواز لە مەرجە ئۆنتۆلۆژی و گشتییەکانی مرۆڤ ئەوا پرسیارکردن دەبێتە یەکەم لەو مەرجانەی کە بوونێکی ڕەسەنیان لەسەر دادەمەزرێت، یەکەمین پێگەیە کە مرۆڤ بوونی خۆی و دەسەڵاتی ئەو بوونەی تێدا جێگیر دەکات و دەسەلمێنێت. دەسەڵات لێرەدا دەسەڵاتی مرۆڤە بەسەر خۆیدا، ئەگەر ئەم بوونە بتوانێت تەحەکوم بە خودی خۆیەوە بکات ئەوە خاوەنی دەسەڵاتە، لێرەدا ئەوانی تر نین کە دەستیان بەسەر قەڵەمڕەویی ئەم بوونەدا گرتووە، بەڵکو ئەوە خودی ئەو بوونە خۆیەتی کە پاریزەری ڕەسەنایەتیی بوونی خۆیەتی، کەواتە ئەم بوونە بوونێکی داگیرکراو نییە و بووەتە بوونێکی ڕەسەن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەر ڕوانینی نیتشە دەتوانین باشتر ئەو کێشەیە ڕۆشن بکەینەوە. نیتشە ڕوو دەکاتە مرۆڤ و پێی دەڵێت، ئەی ئەوەی دەسەڵاتت هەیە و ناتەوێت دەسەڵاتدار بیت. هەڵبەت مەبەستی سەرەکی لەم ڕوانینە ئەوەیە مرۆڤ خاوەنی مومکینیەت و تواناییيەکی ناوەکیی دەسەڵاتداربوونە،



Scanned with CamScanner

ئەوەی پێویستە بۆ ئەو، لە لایەکەوە ناسین و درککردنی ئەو تواناییەیە و لە لایەکی دیکەوە، بەگەڕخستنیەتی و لە ئاستی یەکەم و کاریگەریشدا بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی خۆیەتی بەسەر خۆیدا. پرسیار ئەو سەرەتا گرنگەیە، کە دەتوانێت کاریگەر بێت لە هەڵتەکاندنی دۆخی ناڕەسەنایەتیی مرۆڤ. ئەگەر پرسیار لەبارەی مانای بوونەوە وەر بگرین، ئەوە ئاسانتر دەچینە ئەو ڕەوشەی، کە مرۆڤ لە ڕێگەی پرسیارەوە دەتوانێ بەدوای حەقیقەتی بوون و بوونی خۆیەوە بێت، هەر بەم شێوەیە شیاوێتیی ئەوەی دەبێت پرۆژەی بوونی خۆی بە ئاڕاستەی ڕەسەنایەتیدا بباتە ڕێوە.

ئەو دۆخەی تەکنەلۆژیا خولقاندویەتی دۆخێکی بێپرسیارە، هەڵبەت ئەمە بۆ گەلەمرۆیەکی گەورە و ڕادەستبوو بە تەوژمێک لە ئامێر و ئامرازی تەکنەلۆژیای زانستی، کە ڕۆژی ئەمڕۆ بینەقاقای مرۆڤایەتیی گرتووە و خەریکە هەناسەی مرۆڤبوونی تێدا ناهێڵێت.

بێگومان نامۆکردنی پرسیار و بە پێویستنەزانینی و دواجار بڕیاردان لە مەرگی پرسیار، ئەو زەمینەیە دەڕەخسێنێت کە تێیدا مرۆڤی بێپرسیار و ناڕەسەن لەدایک دەبێت. لەبەر ئەوەی دروستکردن و بنەماکانی مرۆڤیان وەک بنەمایەک و بەشێک لە خۆیان جێگیر کردووە. ئەوەی بۆ مرۆڤیان جێ هێشتووە بەردەوامیی ئەو ژیانە وەک بوونێکی ناڕەسەن و گەلێک ئامێر و ئاسانکاریی جۆراوجۆریشیان بە مرۆڤ بەخشیوە، بەلام لەبەرامبەردا بوونی ڕەسەنی ئەویان زەوت کردووە، بە شێوەیەک دایان بڕیوە لە ڕاستەقینەی خۆی کە تەواوی کاتەکانی ببەخشێتە ئەم تەکنەلۆژیا



Scanned with CamScanner

خنکێنـەرە، تەنانـەت ئـەم دابڕانـە لـە ئاستێکدایە کە ئەشێ ئـەو مەرجەی بوونی مرۆڤ تووشی گۆڕانکارییەکی خراپ بکات، مەرجی بوون لەتـەک ئەوانی تر بگۆڕێتـە سـەر بوون لەتـەک ئامێرەکانـدا، ئـەم مەترسییە لـە ژیانـی ڕۆژانەمانـدا ئەزموونـی دەکەیـن.

یەکێـک لـە سیفەتەکانی تەکنەلۆژیا بەگشـتی و بەتایبـەت تەکنەلۆژیـای پەیوەندیـی ڕەخسـاندن و هاندانـی درۆکـردن و بەخشینی دەمامکـە بـە مـرۆڤ. بەخشـینی دەمامـک بـۆ خـۆی دابڕاندنێکی قووڵـی مرۆڤـە لـە خـودی خـۆی، خۆنماییشـکردنە لـە دەموچاوێکـی دیکـەدا، هەوڵدانـە بـۆ ناسـاندنی جەوهـەری کەسێک جیاواز لـە جەوهـەری ڕاستەقینەی خـۆی، ئەمـە هـەم فێڵکردن و درۆیـە لەتـەک ئەوانـی دیکـەدا و هـەم لـە هەمـان کاتـدا درۆکردنـە لەتـەک خـودی خۆتـدا و هەڵوەشـاندنەوەی ئەو بەندەیـە کـە لەتـەک ئەوانـی تـردا پێکمانـەوە گـرێ دەدات.

## وێرانکردنی سروشت

تەکنەلۆژیا بووەتە بوونەوەرێکی زەبەلاح، بووەتە دێوێکی ئەفسانەیی، بووەتە خواوەندی شەڕ و ئاگرێکە مرۆڤ هەڵی گیرساندووە و خەریکە ئەو تەلارە خاپور و خامۆش دەکات کە خودی مرۆڤی تێدا دەژی، مرۆڤ لەوەها کاتێکدا هەم وەک گەمژەیەک، هەم وەک دڕندەیەک مامەڵە لەتەک ئەم دیاردە ترسناک و وێرانکەرەدا دەکات. گەمژەیە لەبەر ئەوەی بێباکانە پەرە بەو ڕەوتە لە تەکنەلۆژیای زانستی دەدات کە هەموو چرکەساتێک هەڕەشە لە تەواوی ژیان دەکات لەسەر زەوی، ئەمە ئەگەر سەرنج لەو هەمووە گازە ژەهراوی و مەترسیدارە بدەین کە بەرگەهەوایان پیس کردووە و کاریان لە کەشوهەوای تەواوی گۆی زەوی کردووە، ئەوا ڕاستییەتی گەمژەیی مرۆڤمان بۆ دەر دەکەوێت، ئەمە سەرەڕای قەبارەیەکی زەبەلاح لە پاشەڕۆ کە تێکەڵاو بە ئاوی زەریا و دەریاکان دەبێت و سەرچاوەیەکی بنەڕەتیی ژیان ڕووبەڕووی کارەسات دەبێتەوە، ئەمە لەتەک لە ڕیشە دەرهێنان و نەهێشتنی ڕووبەرێکی گەورەی دارستانەکان، کە ڕاستەوخۆ سەرچاوەیەکی هەرە گرنگی بەردەوامی ژیانی



Scanned with CamScanner

مرۆڤ و تەواوی بوونەوەرە زیندووەکانن.

مرۆڤ سەرەڕای ناشرینکردن و وێرانکردنی ماڵە سەرەکییە سروشتییەکەی خۆی، لەتەک ئەو کارەساتە چاوەڕوانکراوانەی کە ئەشێ لە سروشتدا ڕوو بدەن و زیانی گەورە لە مرۆڤایەتی بدەن لە دەرئەنجامی مامەڵەی نابەرپرسیارانە و چەوتیی مرۆڤەوە، هێشتا بە هەموو ئەو کاریگەرییانەی درکیان پێ دەکەین ناتوانن

گوزارشت لە گەمژەیی و دڕەندەییی مرۆڤ بەرانبەر بە خودی خۆی بکەن، چونکە بە شێوەیەک بچووک بووەتەوە لە ئاست تەکنەلۆژیا و برسیەتییەکەیدا بۆ هەڵلوشینی جیهان، کە درک بە بوونی خۆی ناکات و لەو پەڕی ناڕەسەنبووندا جێگەی گرتووە.

هەوڵە بێباکانەکانی مرۆڤ و نابەرپرسیاریەتیی ئەم بوونە لە مامەڵەکردنی لەگەڵ سروشت و ئەوانی دیکەدا وا دەر دەکەوێت کە جێگەیەکی دیکە جگە لەم جیهانە کە مەرجی ئۆنتۆلۆژی بوونی مرۆڤە بۆ ژیان بوونی هەبێت، ئەوەی لە دڕاندایەتی و بەربەریەتیی ئەم بوونەدا بەرچاومان دەکەوێت، ئەیەوێت ئەوەمان پیشان بدات و بیسەلمێنێت، کە وێرانکردنی سروشت و ژیان پێویسترینەکانە، کە مرۆڤ وەک ئەرکێک دەبێت بەئەنجامی بگەیەنێت. ئەگەر وانییە بوونیادنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان و چەکی ئەتۆم بۆ چ مەبەستێکە، ئایا ویستی وێرانکردن مرۆڤ بەرەو نیشتەجێبوون لە جیهانێکی باشتردا دەبات؟



Scanned with CamScanner

# تەوەری پێنجەم

# کێشەی ئازادی و بەرئاوەڵایی

Scanned with CamScanner

## ئازادی و شکۆمەندی

ئازادی ئایدیایەکە لە پەیوەندیی "سوبێکت" مرۆڤدا لەگەڵ کردەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە. مرۆڤ دەبێتە دیاریکەر و پێوەری کردەکانی. هەموو کردەکان پەیوەندیدار و مەرجدارن بە سروشت، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، پەیوەندیی نێوان کەسێتییەکان و فاکتەرە کەسێتییە-ناوەکییەکانی مرۆڤ خۆیەوە. بۆ ئەوەی ڕۆشن بێتەوە، مەبەست چییە کاتێ دەڵێین ئازادی لە پەیوەندیی مرۆڤ و دەوروبەری خۆی و لە کردەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە؟ پێویستە ئەوە تێبگەین، پێش هەموو شت، ئازادی پرۆسێسێکی ناوەکی و ناواخنی مرۆڤە، ڕەگوڕیشەی ئازادی لە جەوهەری مرۆڤدایە و پێویستیشە بەو شێوەیە بێت، ئەگەر نا، ئازادی و ئازادبوون، نەک هەر بوونێکی ڕاستەقینەیان نابێت، بەڵکو بەتەواوی بێ ڕەگوڕیشە و مەرگاوی و کۆتا دەبن.

ڕوانینی فەیلەسوف نیکۆلای بێردیایف لەبارەی پەیوەندیی ئازادی و بەرپرسیارێتییەوە بایەخی گەورەی بۆ تێگەیشتن لە پرسی ئازادی و شکۆمەندیی مرۆڤ هەیە، کە گرێدراوی ئەو بەرپرسیارێتییەیە ئازادبوونی مرۆڤ دەیخاتە ئەستۆی.



Scanned with CamScanner

بێردیایێف نووسیویەتی، هەموو شکۆمەندیی مرۆڤ لەسەر هەستکردنی ئەو بە بەرپرسیارێتیی ئازادانە دادەمەزرێ، هەروەها لەسەر هۆشیاری و هۆشمەندیی ئەو بە خراپەکارییەکان لە چارەنووسی خۆیدا(٣٥). لەبەر ڕۆشنایی ڕوانینی بێردیایێڤدا سێ تەوەری بنچینەیی باس دەکەین:

یەکەم، بەرپرسیارێتیی ئازادانە، یان ڕوونتر هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی ئازادانە. پێویستە بپرسین بۆچی شکۆ و ڕەسەنایەتیی مرۆڤ گرێدراوە لەگەڵ بەرپرسیارێتیی ئازادانەمان لە ئاست خۆمان و ئەوانی دیکە، مرۆڤەکانی تر و جیهانیش لە هەمان کاتدا؟ جەوهەری ئەم پرسە بەتەواوی لەسەر ئاستی بیرکردنەوە و جوامێریمان ڕاوەستاوە لە پەیوەند بە لەخۆگرتنی غەم و نیگەرانییە بوونەوییەکان.

بەرپرسیارێتیی ئازادانە، بەرپرسیارێتییەکە نەسەپێنراوە، ئێمە ناچار نەکراوین بە لەئەستۆگرتنی. لە ڕاستیدا، ئەم جۆرە بەرپرسیارییە حەقیقەتە و بەرپرسیارێتیی داسەپێنراو، نابەرپرسیارێتییە. ئەگەر مرۆڤ ناچار کرا و زۆری لێ کرا بە هەڵگرتن و لەئەستۆگرتنی بەرپرسیارێتییەکی دیاریکراو، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، ئیدی ئەو لەو ئاستەدا کە پێی ناچار کراوە هەڵگری هیچ بەرپرسیارێتییەک نییە، تەنها بەرپرسیارە لە ڕەتکردنەوەی خودی ئەو بەرپرسیارێتییە سەپێنراوە. ئێمە لەمیانەی جێبەجێکردنی ئەوها بەرپرسیارێتییەکدا ناتوانین بە خۆمان بڵێین مرۆڤێکی بەرپرسیار. ئەمەش هۆی خۆی هەیە:

بە پلەی یەک ئەوەیە، کە تەنها مرۆڤێکی ئازاد دەتوانێت بەرپرسیار بێت، مەبەستمان لەمە چییە؟ هەڵبەت ئەوە ڕوون دەکەینەوە، کە مرۆڤ لە بنچینەدا لە پرۆسەی



Scanned with CamScanner

ئازادبوونی خۆی بەرپرسیارە. ئەگەر مرۆڤ بەرپرسیارێتیی بنەڕەتیی خۆی جێبەجێ نەکردبێ و پرۆسێسی ئازادبوون و سەربەستبوونی گیانی و ناخەکییانەی وەڕێ نەخستبێت، چۆن دەتوانێ شان بداتە ژێر بەرپرسیارێتییەکانی دیکەی لە جیهاندا؟ چۆن دەتوانێت بەرپرسیارێتیی خۆی لە ئاست مرۆڤەکانی دیکەدا جێبەجێ بکات، هاوگوندییەکانی، هاوشاری و هاونیشتمانییەکانی و لە ئاستی هەرە فراوانیشدا هاوجیهانییەکانی؟ بێگومان ئەو مرۆڤەی هێشتا لە ناواخن و گیانی خۆیدا لە کۆسپ و دۆگمە ئایدۆلۆژی، سیاسی و نەریتییەکان قوتاری نەبووبێ، نەک هەر زەحمەتە شکۆمەندی و بەرپرسیارێتیی ئازادانەی ببێت، بەڵکو لە دراوسێ هەرە نزیکەکانی کۆیلەیەتییەوە جێگە دەگرێت.

بە پلەی دووەم ئەوەیە، مرۆڤی کۆیلە کاتێ کە کۆیلەیە ناتوانێ بەرپرسیار بێت، لەبەر ئەوەی مرۆڤی کۆیلە نەیتوانیوە بە جێبەجێکردن و بەرجەستەکردنی بەرپرسیارێتیی خۆی لە خودی خۆی هەستێ و ناکارا بووە لە خۆئازادکردن، هەر لەبەر ئەوەشە کۆیلەیە. ئەو بەر پرسیار نییە لە خودی خۆی و چیی دی خاوەنی خۆی نییە، ئەو خودی خۆی نییە و شکۆمەندیی لەدەست داوە و شکۆی داگیر کراوە. بۆیە پێویستە ئەوەش بڵێین: نە دیاردەی کۆیلە و نە سیستمی کۆیلایەتی لە هیچ قۆناغ و سەردەمێکی مێژوودا پاشکشەیان نەکردووە و بەردەوام ئامادەگییان هەبووە و هەیە، جا ئەگەر فۆرمی کۆیلایەتییەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، بەڵام ئەو گۆڕانە کەمتر لە ناوەڕۆکەکەیدا ڕووی داوە. بۆیە ئەگەر مرۆڤی کۆیلە لە ڕابردوویەکی دووردا، ئەوانە بووبن، کە



Scanned with CamScanner

فیزیکییانـە، جەسـتەییانە کۆت و بەنـد و زنجیـر کرابـن، یـان فیزیکییانە خاوەندارێتی کرابن و گیانییانـە و هزرییانە خامۆش کرابن، ئەوا لـە دونیـای هاوچەرخدا، ناکرێ و نائەقلانـی دەبێ ئەگـەر تەنها بۆ یـەک شـێوازی کۆیلایەتـی بگەڕێیـن، چوونکـە پێویستە لـەو کۆیلانـە سـەرەنج بدەیـن، کە لـە ڕووالەتدا وەک بەندە و ژێردەستەی جەستەیی و فیزیکی دەر ناکەون، بەڵکو لـە ڕووی گیانییـەوە کۆیلـەن. ئەمانـە، ئـەوەی خاوەندارێتییـان دەکات، ستەمکارێکی ناوەکی و ناوخۆیی بوونییانە، ئایدۆلۆژیا و باوەڕەکەیانـە، کـە تەنهـا ئـەو بەڕاسـتینەی ڕەهـا دەزانـن و تـەواوی ئەوانـی تـر بـە چەوتـی و پووچـی لەقەڵـەم دەدەن. بوونـی کۆیلـە لـە نـاوەوەڕا سـەرۆک، ڕابـەر و موقەدەسـێک بەڕێوەی دەبات، کۆتـا حەقیقـەت، یاسـا و قسـە بۆ ئـەو بوونـە کۆنترۆڵکارە ناواخنییـەی مـرۆڤ - کۆیلەیـە. چـی دەمێنێتـەوە لـەم شـێوە مرۆییـەدا تـا بتوانیـن نـاوی بنێیـن شـکۆمەندی و ئـازادی؟ کێشـەی ئـەم دۆخەیـان لـەوەدا نییـە، کـە نابێـت سـەرۆک و پێشـەواکان هیـچ ڕۆڵێکیـان هەبێت، بەڵکو کێشـەی گـەورە ئەوەیـە سـەرۆک هەرچـۆن بیـر بکاتـەوە، یـان بیـر نەکاتـەوە، خـراپ یـان بـاش بیـر بکاتـەوە، ئـەم مرۆڤـە نایبینێـت و تەنها "بەڵێ" دەڵێن و لـە پیاهەڵدان زیاتر و لـە چاکە زیاتر، هیچێکی دیکـە لەبەرچاو ناگرن، ئەمانـە، یان کۆیلـەی نەزانـی و بێدەرەتانی فیکری و فەلسـەفین و بیر ناکەنـەوە، یان ئەوەیە، نایەنـەوێ هیـچ بڵێن و لەپێنـاو هـۆکاری دیکـەی وەک هـۆکاری ماتێریالی و پێگـەی کۆمەڵایەتـی و ڕامیاریدا لـە بەرپرسیارێتی و ئـازادی هەڵدێـن. ئەمانـە بەنـدەی ئـەوەن کـە لەپێناویـدا بێدەنگییـان هەڵبـژاردووە.



Scanned with CamScanner

ئەگەر سەرەنج بدەین، ئازار و ناهەمواریيەکانی مرۆڤ بۆ خۆیان هێمای ڕاستەقینەن بە ڕوودانی تاوانگەلی تەواو، کە سەرەنجامی کردەی مرۆڤ خۆیەتی، بەڵام ڕزگاربوون لەم ئازار و دژوارییە تەنها بە هۆی زاڵبوون و سڕینەوەی تاوانەکانەوە دەبێت لە ڕێگەی سەرکەوتنێکی داهێنەرانەمانەوە بەسەر خراپەدا، بەسەر خراپەی ڕامیاری، گەندەڵی، ناعەدالەتی، کۆیلەبوون و ڕەتکردنەوەی جیاوازی.

دووەم، هۆشیاربوون و ئاگامەندی لە ئاست خراپەکاریدا: ئاشنابوون و ئاگامەندبوون لە ئاست هەڵە، تاوان و کێماسییەکاندا سەرەتای پرۆسێسێکی بوونەوییانەیە، واتە خۆناسین. خۆناسین پێشمەرجی خۆڵێلانەدراوی ڕەسەنایەتی، ئازادی و شکۆمەندییە. خۆناسین چەمکێکی هەرە بنچینەیی فەلسەفەی مرۆڤە. سوقرات لە دەربڕینە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت، "خۆت بناسە." ئەمەش بووەتە سەرەتایەکی گرینگ لە فەلسەفەی سوقرات و هەموو ئەو ئاڕاستە فەلسەفییانەی مرۆڤ وەک چەقی کێشەکان و بنەمای تەماشاکردنی گەردوون دەبینن. بۆ ئەوەی ڕوونتر لە بوونی مرۆیی تێبگەین دوو تیپی مرۆڤ لەسەر بنەمای بەرخوردکردن لەگەڵ جیهان دەستنیشان دەکەین:

**یەک**: ئەو مرۆڤەی لە هارمۆنیەتی تەواودایە لەتەک ژینگەی جیهان.

**دوو**: ئەوانەی لە ناهارمۆنیەت و ناتەباییدان لەتەک هەمان ژینگەدا.

بێگومان تیپی دووەم، ئەوانەن لە ناتەبایی و ناهارمۆنیەتێکی ئازاراویدان. ئەوانەی بەردەوام لە شیکردنەوە و ناسینی

خۆیاندان، چوونکە ئازار، غەم و نیگەرانی، ئەگەر قووڵ و بەردەوام و سەرچاوەگرتوو بن لە تێگەیشتن و درککردنەوە بە غەمە گەورەکانی بوون و ژیانی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتووری، لەم کاتەدا، دەتوانین لەو تیپەی دووەمی مرۆڤ بین. هەڵبەت ئەم تیپی دووەمە، غەمزەدەیی و نیگەرانییەکانی لە بەرپرسیاربوونیەوەیەتی لە ئاست ئەو کێشانەی نە بەتەنها بەرۆکی خۆی دەگرێت، بەڵکو هەموو ئەوەی پەیوەستیشە بە هاونیشتمانی و هاوجیهانییەکانیشیەوە. هەر هەڵهاتن و خۆلادانێک لەم غەم و نیگەرانییانە، بەدەر لەوەی لە توانای ڕزگارکردنیدا نییە لە نیگەرانی و کێشە بنەڕەتییەکان، بەڵکو سەختر و ناهەموارتر دەبن. گەورەترین کێشەی ڕاکردن لەم کێشە و نیگەرانییە بنەڕەتیانەی بوون، هەم وەکو تاک - مرۆڤ، هەم وەک هاونیشتمانی و هاونەتەوە، کێشەی خۆقوتارکردنە لە بەرپرسیارێتی، کە ڕاستەوڕاست دەبێتە نکۆڵیکردن و ڕەتکردنەوەی ئازادی، ئەمە ئەو دەرئەنجامە خراپەیە، کە پێویستە لێی بترسین. زۆر گرنگە سەرەنج بدەین لەوەی نیکۆلای بێردیایف دەڵێت، "من هەمیشە زانیومە، کە ئازادی ئازاربەخش و ئازارخولقێنە، ڕەتدانەوەی ئازادی ئازار بچووک دەکاتەوە. ئازادی ئاسان نییە، وەک چۆن دوژمنانی ئازادی وا بیر دەکەنەوە، بەڵکو دژوارە و بارگرانییەکی گەورەیە. خەڵک بەئاسانی ئازادی ڕەت دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئاسان و سەرسووک بین(٣٦).

ئازادنەبوون - تێنەگەیشتنە، لێنەکۆڵینەوە و بەدوادانەچوونە، بیرنەکردنەوەیە. لەم دۆخەدا: نازانین چۆنین، چ بوونێکین، لەکوێداین، چۆن ئەژین، ئیدی چۆن ئەتوانین ئازار بچێژین.



Scanned with CamScanner

ئازادنەبوون - سەرسووکبوونە، ڕزگاربوونی ئەو مرۆڤانەیە، کە بچووکن و لە گەورەبوون دەترسن، بۆیە لە ئازادی هەڵدێن.

سێیەم: ئاگامەندی لە ئاست چارەنووسی بوون و ژیاندا، بوون و ژیان و چارەنووسی بوون و ژیانی مرۆڤ پەیوەستە بە خودی خۆیەوە. ئەگەر ئەم چارەنووسە لەسەر ئاستی تاکەکەسی وەر بگرین، ئەوا مرۆڤ خۆی، خودی مرۆڤ خۆی بەرپرسیارە لە چاودێریکردن و نیگەرانبوونی بەردەوامی لە بەردەم ئەو چارەنووسەدا. بەم شێوەیە لە چارەنووسدا، یان ڕوونتر بڵێین، لە ئاییندەدا، ئەگەر مرۆڤ بتوانێ نەقشی خۆی لەو ئاییندەیە بدات، کە هاوڕێیە لەتەک چارەنووسدا، مرۆڤ خۆی بەرئەنجامی ئەم نەقشدانەی لە ئایندە، دەبێتە خودی چارەنووس. بەڵام چارەنووسی بوونی هاونیشتمانی، واتە چارەنووسی بوونمان لەتەک ئەوانی دیکەدا. ئەمەش لە پلەی یەکەمدا گرێ دراوە لەگەڵ خۆئامادەکردن و ڕاوەستانی نەترسانە لە بەردەم چارەنووسی کەسی خۆمان. لە پلەی دووەمدا، لەتەک دیاردەیەکی دیکەدا گرێ دراوە، ئەویش هاوچارەنووسییە. هاوچارەنووسی دروستبوون و گەشەکردنی بوونێکی هاوبەشە لەنێوان گشت هاونیشتیمانیاندا، یان لەنێوان گشت ئەوانەی درک بە ڕاستەقینەیی "هاوچارەنووسی" دەکەن. ئاگامەندی لە ئاست چارەنووسدا دەبێت ئاگامەندبوون بێ بەو حەقیقەتەی، کە ئازادی بەردەوام لە چارەنووسدایە. دەتوانین بە شێوەیەکی ڕوونتر پەیوەندیی چارەنووس و ئازادی دەر بخەین لە ڕێگەی یەکالاکردنەوەی خودی چەمکی چارەنووسەوە:

**یەکەم:** خودی چەمکی "چارەنووس" لە دوو بەش پێک هاتووە، "چارە" و "نووس". بێگومان هەموو دەزانین، یەکەم بەش "چارە" واتای چییە، چارە واتە چارەسەر و "نووس" ڕەگی چاوگی نووسینە. بەڵام لە یەکگرتنی ئەم دووبەشەدا واتایەک دەبینم، ئەویش گوزارشتکردنیەتی لە کەسێک، کە چارە یان چارەسەر دەنووسێت. پێشتر هێمامان پێ کرد، کە مرۆڤ خۆی بەرپرسی چارەنووسی خۆیەتی، واتە پێویستە ئەو خۆی چارەی خۆی بنووسێ، چارەنووسی مرۆڤ دەکەوێتە ناو خودی مرۆڤ خۆیەوە.

**دووەم:** چارەنووس - ئاییندەیە، واتە ئەو شوێن و کاتەیە، کە دەکەوێتە پێشمانەوە، ئازادی بەردەوام لە پێشمانەوەیە، لە ئاییندەدایە، ئەو لە چارەنووسدایە و ئێمە هەرگیز لە شوێن و کاتێکدا ناگەینە دوامەنزڵ، هەرگیز ناتوانین جارێ دەستڕاگەیشتن بە ئازادی بدەین. بەردەوامێتی کێشەی ئازادی و تێکۆشان لەپێناو ئازادیدا لێرەوە سەرچاوە دەگرێت، واتە لەوەی، کە ئازادی هەمیشە لە ئاییندەدایە، ئازادی هەمیشە لە قەیراندایە.

هەڵبەت، قەیراناوییبوونی ئازادی بە پلەی یەکەم پەیوەندیدارە بە هۆکارێکی بنچینەییەوە، کە بێردیاییف دیاریی کردووە و دەڵێت، "مرۆڤ لەپێش هەموو شتێکەوە دەکەوێتە بەندێتی و کۆیلەیەتیی فەوزای ڕەگەزەکان. خەرەندێکی تاریک وێنەی مرۆڤ خامۆش و غەرق دەکات، سەری مرۆڤ نەوی دەکا و ڕێگە لە مرۆڤ دەگرێت بتوانێ بڵند ببێتەوە و لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێ. ڕزگاربوونی مرۆڤ و کەسێتیی مرۆییانە، ڕزگاربوونە لە بەندێتی و



Scanned with CamScanner

کۆیلەتی فەوزا "ئاژاوە"ی ڕەگەزەکان، نەک ئازادبوون و ڕزگاربوونی فەوزای ڕەگەزەکان بێت لە مرۆڤدا(٣٧). فەوزای ڕەگەزەکان چییە؟ بێگومان هەموو نەریتەکان، باوەڕە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و جیهانبینی کۆمەڵگە دەربارەی ژیان، واتا و ئازادی، یەکترقبوڵکردن و حەقیقەت، ئەمانە هەموو پێکەوە، ئەو تێکەڵاوی و ئاژاوەیە پێک دەهێنن، کە هەر لە بنەڕەتەوە مرۆڤ دەکەوێتە ناوی و دەچێتە ژێر بار و کاریگەرییەکانیەوە. لێرەوە، دەستەمۆیی، سەرنەویکردن، گوێڕایەڵی نیگەتیڤانە سەر هەڵدەدەن. واتە، دروستبوونی ئەو بنامایانەی کۆیلایەتی، کە مرۆڤ وەک بوونێکی کۆیلە بار دەهێنن. لایەنێکی دیکەی ئەم دۆزە بنچینەییە ئەوەیە، ڕزگاربوون لە فەوزای ڕەگەزەکان تێکەڵاو نەکەین لەتەک سەربەستبوونی فەوزای ڕەگەزەکان لە مرۆڤدا، لەناو هەناوی مرۆڤ و گەل و نەتەوەدا.

ئەوە مرۆڤە پێویستە لەوان ڕزگاری ببێ، نەک ئەوان لە مرۆڤدا ڕزگار ببن و نەخشی بوون و ژیان و ئازادیی مرۆڤ بکێشن. بە شێوەیەکی دیکە دەشێ وا تێبگەین، فەوزای ڕەگەزەکان لە پەیوەند بە مرۆڤێکی دیاریکراوەوە ئەوانی تر، یان کۆمەڵگە بێت، دیارە کۆمەڵگە بە هەموو جیهانبینییەکانیەوە، هەر لە جیهانبینی ئەفسانەیییەوە تا دەگاتە جیهانبینی فەلسەفی. کۆمەڵگە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە، چ کۆمەڵی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، کولتووری و ڕۆشنبیرییەکانیەوە، ئازاد نابێت، یان ناشێ وەک کۆمەڵێکی ئازاد لەقەڵەم بدرێت، ئەگەر مرۆڤەکانی پێکهێنەری ئەو کۆمەڵە، مرۆڤی ئازاد نەبن لە بیرکردنەوە و کرداردا.



Scanned with CamScanner

چۆن ستیوارت میل[1] لە پەرتوکی *دەربارەی ئازادیدا* نووسیویەتی، "لە سەرەتاوە ستەمکاریی زۆرینە سەرەکی بووە، بەتایبەت کاتێ لە کردەکانی دەسەڵاتدا خۆی نماییش دەکات. مرۆڤە ئارەزومەندەکان وا تێگەیشتوون، کە کۆمەڵگە لە خودی خۆیدا ستەمکاریی لە ناواخندا هەڵگرتووە، ستەمکاریی کۆلێکتیڤ بەسەر کەسێتییە جیاوازەکانەوە، مومکینییەتی ستەمکردن بە ڕێگەی کردەوەی فەرمانڕەوایانەوە، سنووردار ناکرێت." ڕەنگە زۆرینە، جا ئەگەر لە ڕووی ڕامیارییەوە تەماشای بکەین، یان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە لێی بنواڕین، هیچ لەو ڕاستەقینەیە ناگۆڕێ کە ماڵی بە خێوکردن و سەرکەوتنی ستەمکارییە، ئەگەر بەتوندی لەلایەن سیستم و یاسای جێگیریی پارێزراوەوە ئاستەنگ نەکرێت. هەموو زۆرینەیەک هاوشێوە نییە، کۆمەڵێکی دیموکرات و مەدەنی، کە لە تاکی هۆشمەند لە ئاست ماف و گرنگی و پێگەی خۆیدا پێک هاتبێت جیاوازە لەو کۆمەڵانەی لە سەر بنچینەی بەها و ڕێسای نادیموکرات و ناهیۆمانیستییانە دامەزرابێ. سەرباری هەموو ئەمانە، زۆرینە، یان با لە پەیوەند بە تاکەکەسەوە بێژین، کۆمەڵگە، کە هەموو کات خاوەنی شەپۆلی زیادەڕەوخوازانە و دەستدرێژکارانەیە.

دەبێت ئەوە بزانین جیهانبینی مرۆڤپەروەرانەش یەک ئاڕاستە و جەوهەری نییە، مرۆڤە ئازادەکانیش دەربارەی

---

١ جۆن ستیوارت میل: فەیلەسوف، ئابووریناس و چالاکیی سیاسیی بەریتانییە. لە ساڵی ١٨٠٦ لە لەندەن لەدایک بووە و ساڵی ١٨٧٣ لە فەرەنسا مردووە. کاریگەریی گەورەی لە بوارەکانی کۆمەڵناسی، سیاسەتزانی و ئابووری سیاسیدا هەبووە. ڕۆڵێکی دامەزرێنەرانەی لە فەلسەفەی لیبرالیزمدا هەبووە. ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا بووە.



Scanned with CamScanner

خودی ئازادی مرۆڤ، یەک بۆ چوون و ڕوئیایان نییە، بەڵکو فرەیی ڕاوبۆچوون هەیە، هەر ئەم فرەیییەش دەتوانێ گەرەنتی ڕاستەقینەبوون و ڕەسەنبوونی جیهانبینی مرۆڤپەروەرانە و ئازادیخوازانە بکات. بیرکردنەوە دەربارەی حەقیقەت فرە و جیاوازە. بە وتەی فریدریک نیتشەی فەیلەسوف، "ئێمە تەنها کاتێک مافی حەقیقیبوون، یان بانگەشەکردنی حەقیقەتمان هەیە، کە توانیبێتمان بەرز ببینەوە بۆ وەها بڵندایییەک، کە پێویستمان بە فێربوونی زۆرەملێیانە نەبێت لە پەیوەند بە بیرە هەڵە ڕەوشتییەکانەوە(٣٨).

بێگومان ئەم دۆخەی نیتشە باسی دەکات، ئازادبوونمانە لەو سەپاندن و زۆرەملێیەی کۆمەڵگە بەرجەستەی دەکات، جا ئەگەر زۆرینەی ئەو کۆمەڵکە بێ، یان بە ڕێگەی ئەو بەها جیهانبینییە گشتی و کۆمەڵگەیییانەوە بێت، کە لەلایەن کۆمەڵگە خۆیەوە خاوەندارێتی دەکرێن، ئەگەر ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و نەریتی بن. بەرزبوونەوەمان دەرباز بوونە لە ڕوانین لە چاویلکەی کۆمەڵەوە بەگشتی.

سەبارەت بە سنووری ئازادیی مرۆڤ دەگەڕێینەوە بۆ ڕاگەیەنراوی مافەکانی مرۆڤ و هاوولاتی شۆڕشی فەرەنسا ١٧٨٩ کە تێیدا هاتووە: ئازادی وەک مومکینبوونی بەئەنجامگەیاندن و کردنی هەموو شتێکە، کە نابێتە خراپە بۆ ئەویدیکە، بەم شێوەیە، جێبەجێکردنی مافە سروشتییەکانی هەر مرۆڤێک سنووردارە تەنها بەو سنوورانەی، کە دەرفەتی وەکارخستنی هەمان ئەو مافانە دەدەنە ئەندامەکانی دیکەی کۆمەڵگە. ئەم سنوورانە تەنها دەتوانرێ بە ڕێگەی یاسا دیاری بکرێن. ئەم ڕاگەیەنراوە گرنگترین دۆکیومێنتی

شۆڕشی مەزنی فەرەنسایە، کە مافە ئیندیڤیدوالیەکانی مرۆڤی دیاری کردووە. لە بنچینەی ئەم ڕاگەیەنراوەدا چەمکی مافی یەکسان و ئازادی ئامادەگییان هەیە، کە هەموو مرۆڤێک خاوەنیەتی هەر لە لەدایکبوونیەوە. مافە سروشتییەکانی مرۆڤ و هاوولات، ئازادیی کەسی، ئازادی دەربڕین، ئازادیی باوەڕ و مافی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمکاری و زۆرداریشی لەخۆ گرتبووە.

ئەوەی پێویستە سەرنجی لێ بدەین، ئەو سنووردداربوون و دیاریکراوییەی ئازادییە، لەتەک سەلماندنی ڕەوایی و حەقیقەتی ئازادیی ڕەهادا، ئایا دەکرێ بێژین مرۆڤ ئازادیی ڕەهای هەیە؟ ڕەهابوونی ئازادی مانای ساویلکانە و دەبەنگانەی نییە، وەک چۆن ئەوانەی دوژمنی ئازادین بەو شێوەیە باسی دەکەن. مافی ئازادبوون بۆ مرۆڤ – ڕەهایە، ئەوەی لە سەرەتادا لەبارەی سنوورەوە باسمان کردووە، هیچ لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە، چونکە ئازادبوونی مرۆڤ تەنها لە نیشتمانی بوونی خۆیدایە، لە جیهانی خۆیدایە، ڕوونتر، لە چوارچێوەی مافی بوونی خۆیدایە، نەک لە نیشتمان و جیهانی بوونێکی مرۆیی دیکەدا. مرۆڤ گەورە و سەروەری بوونی خۆیەتی، تەنانەت لە ڕووی زمانییەوە سەرەنجراکێشە ئەگەر ئاوڕ لە وشەی ئازادی بدەینەوە لە زمانی ڕوسی و هیندیدا.

وشەی ئازادی لە ڕوسی کۆندا بریتی یە لە "свободь سڤەبۆد" وەک زمانناسەکان هێمایان پێ کردووە، ئەم وشەیە بەڕوونی گرێ دراوە لەتەک وشەیەکی کۆندا "svapati" کە مانای "خۆت گەورەی خۆتی" دەگەیەنێت، "svo" بە مانای



Scanned with CamScanner

"هیی خۆت" و "poti" بە مانای "گەورە" دێت. لەوانەیە ئەم ڕێگە ڕۆشنکەرەوەیەکی گەلێک گرنگ بێ بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە چەمکی ئازادی، نەک تەنها بە باسکردنی گشتیی چەمکەکە و ڕەهەندەکانی، بەڵکو لە ڕێگەی چوونە ناو واتا بنەڕەتییەکانی ئەو وشەیە لە دوو زمانی گەلێ گرنگی سەر بە خێزانە ئارییەکان. کێشەکانی ئێمە چین؟ ئایا کێشەی بنەڕەتیمان ئەوە نییە، کە ئێمە هێشتا گەورەی خۆمان نین؟ سەرەنجڕاکێشە بیر بکەینەوە دەربارەی ئەو کاریگەری و سیحرەی چەمکی ئازادی لەسەر هەموو ئایدییاکان و گروپەکانیان دروستی کردووە، تا ئەو ئەندازەیەی تەنانەت ڕەگەزپەرستەکانیش هەوڵ دەدەن چەمکی ئازادی بەکار بهێنن، ئایا ئەوە باش نییە، کە ڕەگەزپەرستەکان هەمیشە بیر دەکەنەوە تاکو لە پڕوپاگەندەکانیاندا وشەی "ئازادی" دابنێن؟ ئەم گوتە بە شێوەیەکی ڕەمزی هێما دەکات بۆ حەقیقەتێکی نکۆڵیلێنەکراو کە بە ڕەهاییەکی ڕادیکاڵەوە ناتوانرێت ئازادی ڕەت بکرێتەوە. هەڵبەت نەک لەبەر ئەوەی پێمان وا بێت هێزە ڕەگەزپەرست، یان ستەمکار و خۆپەرستەکان لە بنەماوە "ئازادی"یان قبوڵ کردبێ، بەڵکو هەمووی لەبەر سیحراویبوون و کاریگەریی سەرنجڕاکێشەرانە و کەمەندکێشکەرانەی ئازادییە. بانگی "ئازادی" زۆر جار لەلایەن ئایدیۆلۆژیستەکانەوە دەدرێ، تەنها بۆ شاردنەوە و بەرچاو نەخستنی ڕووی نائازادیخوازانە و دوژمنکارانەی خۆیانە بەرامبەر بە ئازادیی ڕاستەقینە. بەردەوام گەرەکییانە بە ئازادی ساختەکراو و داگیرکراو ئازادیی ڕاستەقینە زەوت بکەن.

بوونێکی ئازاد واتای مومکینیەتی جێبەجێکردنی ویستی چاک و خراپە. سەپاندنی مەرجگەلی نامۆی ڕامیاری، ئایدۆلۆژی، کۆمەڵایەتی لە پەیوەند بە بەرجەستەکردن و پراکتیزەکردنی ئازادییەوە، بەرەو ئاقاری ستەمکاری و بەرقەرارکرنی فۆرمێکی کۆیلایەتی دەڕوات.

بێردیاییڤ لە پەرتوکی *خودهۆشیاری*دا نووسیویەتی، "ئەوە ئازادی نییە، کە بەرهەم و داهێنراوی زەرورەت و پێویستبوون بێت، بەڵکو ئەوە پێویستبوونە، کە دروستکراوی ئازادییە"٣٩). ئەم تێڕوانینە خزمەتێکە بەدەوڵەمەندکردنی زیاتری جیهانبینینمان دەربارەی ئازادی، چونکە ئازادی ئەرک و پێویستگەلی زۆر دەهێنێتە گۆڕێ، بەو پێیەی ئازادی دەتوانێ بمانکاتە مرۆڤی بەرپرسیار. پێویستی و زەرورەتییەکانی ئازادی، کە دەبێت بەئەنجامیان بگەیەنین، واتە ئەو ئەرک و بەرپرسیارییانەی ئازادبوون و بوونمان لە جیهان دەیخەنە ئەستۆمان تەنها دەرئەنجامی ئازادیمانە. کاتێک دەتوانین درک بە پێویستییەکان بکەین، کە بیرکردنەوەمان ئازاد و سەربەست بێ و کاتێکیش لە توانادایە لەسەر زەمینی داکەوت ئەنجامیان بدەین، کە لە کردەوەماندا ئازاد بین. بێردیایڤ دەربارەی حەقیقەت و ئازادی دەڵێت، "حەقیقەت دەتوانێ ڕزگاریم بۆ بهێنێ، بەلام ئەم حەقیقەتە تەنها بە ئازادی دەتوانم قبوڵی بکەم."



Scanned with CamScanner

## ڕۆحانیەت و ئازادی

جیهانی مەعنەویی مرۆڤ دیوە قووڵ و ئەفسوناوییە پەنهانەکەیەتی، کە فاکتەر و بناغەی تەواوی تێڕامان و سەرسامبوونەکانە لە ئاستی ئەو بوونەدا. لە ڕوانگە و ئاسۆی جیاوازەوە دەخوێندرێتەوە. ئەم ڕەهەندەی بوونی مرۆڤ تا هەنووکە نەتوانراوە پەی بە نهێنییە تەلیسماوییەکەی ببرێ، هەر ئەمەش وای کردووە گەڕان و قووڵبوونەوەکان لەم بوارەدا فۆرمی ناکۆتا وەر بگرن. لە ڕوانینی نیکۆلای بێردیایڤدا، کرانەوەی ڕۆحییانە ئامانجی سەرەکیی ژیانی مرۆییانەیە. بەڵام ڕۆحانیبوون پێویستە فراوانتر بکەین، نەک بەو شێوە ئاسایییەی تێی دەگەین. ڕۆحانیبوون پێویستە بۆ ئەو ململانێیەی مرۆڤ لە جیهان بەڕێوەی دەبات. بەبێ ڕۆحانیەت قوربانیدان و شاکاری گەورە لەدایک نابن. ئاسوودەبوون بە تیشکی خۆر ئاسوودەبوونێکی ڕۆحییە. خۆر ڕۆحییە. فۆرمی جەستەی مرۆڤ ڕۆحییە، ڕوخساریشی ڕۆحییانەیە. ئەم فەیلەسوفە پێی وایە، ئەو مرۆڤەی کە بە وشیاریی ڕواڵەتییانەی خۆی وەک ماتێریالیستێک دەر دەکەوێت، ئەشێ خاوەنی ڕۆحانیبوونێکی



Scanned with CamScanner

گەورە بێت. مرۆڤ بوونێکی ناڕوونە بەهەمیشەیی. بوونێکە ناڕوونییەکەی و ڕەهەندە پەنهانەکانی دڕیان پێنادرێ، هەر هەوڵێکیش لەم میانەیەدا دەبێت تەقەللای ڕۆحییانە بێ، وردبوونەوە و ئەزموونکردنی مەعنەوییانە بێ٤٠). لەبەر ئەوەیە ناتوانرێ و ترسناکیشە لە فۆرمی بابەت و ئەبێکتدا تەماشا و مامەڵە بکرێت. بوونێکە ڕادەستی لێکۆڵینەوەی زانستی نابێت، ئەوەی لەم بوارەدا سەبارەت بە مرۆڤ ئاشکرا کراوە پنتێکی بە ئەندازەی نەبینراوە لە ئاست ئەو جیهانە بچووککراوەیەدا. لە فەلسەفەی بووژانەوەدا زۆر جار دەبینین مرۆڤ بە میکرۆکۆسم[1] "جیهان یان گەردوونی بچووک" ناو دەبرێت. ئەوەی زانستی هاوچەرخ لە ترۆپکی خۆیدا پێی گەیشتووە، سەرباری پێشکەوتنەکانی، ئەوەیە گەردوون پێوانە نەکراوە و پڕ پەنهانی و نادیارییە، بە شێوەیەک لەم ڕووەوە جۆرێک پەنهانی ناکۆتایە. مرۆڤ وەک گەردوونی بچووک ئەو پەنهانییانەی لە هەناویدایە و ڕەمز و ڕازی ناکۆتا داگیری کردووە. ئەگەر ئەم بوونە لەو چوارچێوە زانستی و ماتێریالیستییە ڕەهایە ڕزگار بکەین، کە ماشێنئاسا لێی دەڕوانرێ و نایەوێ گۆشەنیگای مرۆڤییانە و گیانییانە لەم پەیوەندییەدا بەکار بەرێ، ئەوکات دەکرێ

١ میکرۆکۆسم: وشەیەکی گریکییە و بە مانای گەردوونی بچووک دێت. لە فەلسەفەی سروشتی سەردەمی یۆناندا مرۆڤ وەک گەردوون "ماکرۆکۆسم" پێناسە دەکرا. ئەم ڕوانینە بۆ مرۆڤ لە زۆرێک لە جیهانبینییە میستیکییەکاندا گەشەی کردووە و بووەتە بنەما بۆ تیۆرییە میتافیزیکییەکان، کە پێیان وایە، هەموو ئەو پرۆسانەی لە ناوەوەی مرۆڤدا بەڕێوە دەچن هاوشێوەی ئەو پرۆسانەن کە لە گەردووندا هەن. لە سەردەمی هاوچەرخدا، میکرۆکۆسم زیاتر خانە و ئاتەم ئەو بەشە بچووکانەی گەردوونن کە زانستی نوێ دەستنیشانی کردوون.

تێگەیشتنێکی نێزیک لە ڕاستی دەربارەی بوونی مرۆیی بوونیاد بنێین. هیچ ڕاستییەک لەبارەی بوونی مرۆیی و جەوهەری ئەو بوونەوە ناتوانێ ڕاستییەکی سەقامگیر بێ بە هۆی شلۆقی بناغەییبیانەی خودی ئەو بوونە خۆیەوە.

کرانەوەی ڕۆحییانە لەم دیدە فەلسەفییەوە ئامانجی ژیانی مرۆڤە، ئەگەر لەم ئامانجە ڕابمێنین بەئاسانی دەر دەکەوێت ناجێگیر و ئاوەڵایە، ئاوەڵایی و ناجێگیرییەکەی پایەی پۆزەتیڤی بوونی مرۆڤە، کە ناهێڵێ بنبەست و داخراوی دەرگای پرۆژەی بوون و کرانەوە بە ڕووی ئاییندەدا قەپات ببێ. بێردیایێڤ ڕۆحانییەتی مرۆیی بە بنچە و پێشمەرجی ئامادەیی ڕاستەقینەی ئەو لە جیهان دەبینێ، ئەو ململانێیەی لە جیهان و ژیاندا سەر ڕێی دەخا، بەبێ ڕۆحانیەت ناکەوێتە گەڕ. ململانێ وەک سەرەتا و کۆتایی ژیان ناواخنێکی ڕۆحییانەی هەیە، هەر ئەمەشە وزەی بەردەوامیتی هەمیشەیی پێ بەخشیوە. لەکوێدا ململانێ هەبوو ڕۆحانیەت لەوێدا ئامادەیە، تەنانەت ئەگەر نکۆڵی لە بوونیشی بکرێت هیچ لە حەقیقەتی ئامادەییەکەی کەم ناکاتەوە. ئەوەی دەگۆڕێ تەنها ئەو چوارچێوە و جیهانبینییانەیە کە ململانێ و کردەکانی مرۆڤیان لەژێر ناودا ئەنجام دەدرێن، نەک خودی ڕۆحانیەت.

مەبەستی بێردیایێڤ لە ڕۆحانیەت لە بۆتەی بیرێکی ئایینیدا کورت ناکرێتەوە، هەمەگیر و بڵاوە، تەواوی بوونی مەعنەوی مرۆڤ دەگرێتەوە. بۆیە قوربانیدان و خوڵقاندنەکان دەخاتە ئەو چوارچێوەیەوە، ڕاستە جەستە وەک دیوە فیزیکییەکەی بوون بنەڕەتییە و زەمینەی ئامادەبوونی

ڕۆح دەڕەخسێنێ، بەڵام هەموو پرۆسەکانی گەشەکردنی ناخەکییانە و گەوهەرییانەی مرۆڤ ڕۆحییانەن. بەبێ ناسین و دانپێدانانی ئەو بەشە باڵایەی بوون ناتوانرێ بیر و کاری مەزن دابهێنرێ. ئەم بیریارە لەو بڕوایەدایە، تەنانەت جەستە و ڕوخسار و فۆرمی مرۆڤ ڕۆحییانەن، ڕەنگە خودی تایبەتمەندییە جەستەییەکان و جەوهەرە بایۆلۆژییەکەی مرۆڤ مایەی تێڕامانی قووڵ بێ و ئەم ماشینە، کە هەندێ لە فەیلەسوفانی ماتێریالیست ناوی دەبەن، خاوەنی ڕەهەند و ڕەمز و ڕازی میتافیزیکییانە بێ.

بە بڕوای بێردیایڤ ڕۆح بەگشتی سوبستانسێ[1] یان جەوهەر نییە، ڕۆح نەک تەنها واقیعێکی دیکەیە لە بەراوردی واقیعی جیهانی سروشتی، بەڵکو واقیعێکە بە واتایەکی تر. ڕۆح ئازادی و ئێنێرژی ئازادانەیە، کە لە جیهانی مێژووییانە و سروشتییانەدا دەر دەکەوێت ٤١). ئەم تێگەیشتنە دەربارەی ڕۆح سەرەتایەکی گرینگە بۆ جیاوازتەماشاکردنی ڕۆح لە دەرەوەی تەنها باوەڕێکی دیاریکراوەوە، کە بە جەوهەری مرۆڤ و فاکتەری زیندوبوونی مرۆڤ لەقەڵەمی دەدا وەک هەر زیندەوەرێکی دیکەی جیهان. ڕۆح لێرەدا وزەی ئازاد و خودی ئازادییە، ئەمەش ئەو نواڕینە بوونەوییەیە کە مومکینیەتێکی بنەڕەتی لە بوونی مرۆڤدا دان پێدا دەنێ و لەوێوە شیاوێتیی خوڵقاندنی جەوهەری مرۆیی بە قابیلی ئەفراندن دێنێتە زمان. ڕۆح ئەو زەمینە بنەڕەتی

---

١ سوبستانسێ (substantiate): وشەیەکی لاتینییە بە واتای جەوهەر، ئەوەی کە لە بنەمادا ئامادەیە. ئەوەی خۆبەخۆ بوونی هەیە، بە جیاواز لە هەر ڕێکەوتێک، کە بوونی هەیە لە شتێکی تردا یان بە هۆی شتێکی دیکەوە.

و سەرەتاییەیە کە دەرفەتی کرانەوەی مرۆڤ بە ڕووی پرۆژەی بوونیدا ئاوەڵا دەکاتەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو زەمینەیەی هایدیگەر بە مومکینیەتی بوون ناوی دەبا و سارتەر[1] بە "هیچ" ناوی دەبا لەوە تێدەگەین، کە ڕۆح لەلای بێردیایڤ هەمان ئەو ڕۆڵە وازی دەکات. ڕۆح دۆخی مرۆڤە دوای هاتنە بوون، بەبێ ڕۆح هیچ وزەیەک بۆ جووڵە لەئاراد انابێت، هیچ کرانەوەیەک لە بووندا نابێت، هیچ دەرچەیەک ڕووەو ئاییندە دەرکەوتەی نابێت. کێشەی گەورەی تێگەیشتن لە ڕۆح بەستنەوەی ڕەهایەتیی بەیەک سەرچاوەوە و بەکارهێنانیەتی بۆ چڕکردنەوەی مرۆڤ تەنها لەسەر یەک سەرچاوە. ئەم کێشەیەش نابێتە کێشەی ئاستەنگکار تا ئەو کاتەی ڕۆح لە چوارچێوە باوە ئاساییە شەعبییەکەیدا نەخوێندرێتەوە. ئەم بیریارە سەرباری ئەوەی ڕۆح و ڕۆحانیەتی مرۆڤ بەسەر زەمینی نیزیکبوونەوەی مرۆڤ لە بوونی یەزدان دادەنێ، لەپاڵ ئەوەشدا پانتاییی ڕاستەقینەی ڕەسەنایەتی و وزەی ئازادانەی مرۆییە، هەر خودی ڕۆح ئازادییە. لێرەدا ئازادی لە بوونی یەزداندا چڕۆ دەکات و

---

١ ژان پۆل سارتەر: لە ساڵی ١٩٠٥ لە پاریس لەدایک بووە و ساڵی ١٩٨٠ مردووە. فەیلەسوفی بونگەراییی ئەتەیستی فەرەنسییە. فەلسەفەکەی لە ڕێگەی دەقە ئەدەبی و فەلسەفییەکانیەوە دەر بڕیوە. خاوەنی چەندین کتێبی فەلسەفی، شانۆنامە و ڕۆمانی گرینگە، کە هەموویان لە پەیوەندییەکی قووڵدان لەگەڵ یەکتر. تاقە منداڵی خێزانەکەی بووە. باوکی ئەفسەری سوپای دەریاییی وڵاتەکەی بوو. تەمەنی تەنیا پازدە مانگ دەبێت، کە باوکی دەمرێت. وەک ڕۆشنبیرێکی پشتیوانی جیهانی سێیەم بە شێوەیەکی ئەکتیڤ پاڵپشتی شۆرشی کوبای ١٩٥٩ی کردووە. سارتەر بەشداری چالاکانەی ئەو تەوژمەی بێرتران ڕاسڵ بوو دژی ئەو تاوانانەی لە جەنگی ڤێتنامدا ئەنجام دران.

ڕەگوڕیشەی لەو بوونەدایە، نێزیکبوونەوەی ڕۆحانییانەی قووڵتر لەو بوونە پایەی ئازادیی مرۆڤ مکومتر دەکات. بێردیایڤ ڕۆحانیەتی مرۆڤ بە شێوەیەک لێک دەداتەوە کە هەڵکشان و بڵندبوونەوە بەرەو ئەویکی تری بەرزتر لە مرۆڤ دەستەبەر دەکات. ئەم دۆخە تەنها گەڕانەوە بۆ ناو قوڵاییەکانی خودی مرۆڤ خۆی نییە، بەڵکو توانای درککردنی بەرزتر و توانای نزیکبوونەوە لە بوونێکی بەرزتر بەهێز دەکات. داهێنانەکانی مرۆڤ و پرۆژەی بوونی مرۆڤ بەگشتی پرۆژەگەلێکن لە ڕۆحانیەتی خودی مرۆڤ خۆیدان، نەک لە بوونە ماتێریاڵییەکەیدا، ئەمە سەرباری بناغەییبوونی ڕەهەندی ماتێریالییانەی بوونی ئەو.

ڕۆح ئازادییە، نەک سروشت. ڕۆح بەشێکی پێکهێنەری سروشتی مرۆیی نییە، بەڵکو بەهایەکی نەوعی باڵایە. نەوعیبوونی ڕۆحییانە و بەهای ڕۆحییانەی مرۆڤ وەک جۆرێکی سروشت پێناسە ناکرێ(٤٢). بێردیایڤ لێرەدا ڕۆح لە چوارچێوە باوەکەی دەر دەهێنێ و وەک ئازادی پێناسەی دەکات. ڕۆح لە دیدی گشتیدا فاکتەری زیندوێتییە، بەڵام لەم ڕوانینەدا ئازادی و بەهای باڵایە. ئەو ڕەهەندە مەعنەوییە دامەزرێنەرەیە، کە شوناسی مرۆڤ فۆرمولە و نەخش دەکات. سروشتی مرۆیی ئەگەر ببێ، ئەوە ناتوانین ڕۆح بخەینە چوارچێوەیەوە، ئەوەش لەبەر پاراستنی دینامیکییەتی ڕۆحە لە پرۆسێسی گەشەکردنی خۆیدا. ڕۆح پرۆژەی بوونی مرۆڤە و کۆتاییەکەی لە جیهان دەبێتە کۆتاییی بۆ پرۆژەی ئەو بوونە. سروشت ئاماژەیە بۆ ڕوویەکی سەقامگیر و کەمتر قابیلی تەشەنەسەندن، بەڵام ڕۆح کرانەوەیەکی



Scanned with CamScanner

تەواوە بە ئاڕاستەی ئاییندەدا. ئەم تێگەیشتنە ئاسۆی بوونی مرۆڤی بەرین کردووە، بەو پێیەی ڕۆح جگە لەوەی خودی ئازادییە، تەنها نمایندەی جیهانێکی دەرەوەیی و نامۆ بە مرۆڤ نییە. هەرچەندە سروشت نییە و ناشتوانێ چەشنێکی سروشت بێ، لەگەڵ ئەوەشدا سروشتی جەوهەرییانەی مرۆڤ پێناسە دەکات.

بێردیایڤ لە ڕوانینە فەلسەفییەکەیەوە ڕۆح بە شۆڕشگێڕانە دەبینێ لە پەیوەندیدا بە جیهانی سروشتییانە و مێژووییانەوە. ئەو شوناسەی بە ڕۆحی دەبەخشێ لە جەوهەردا گوزارشت لە دەرکەوتنی ڕۆح دەکات لە پرۆسەی گەشەکردنی جیهان. لەلای بێردیایڤ، بە ئەندازەیەکی بەرچاو دیدێکی هیگڵییانە لەبارەی گەشەکردنی ڕۆحەوە دەخوێنینەوە. ڕۆح سەرچاوەی گەشەکردن و گۆڕانی بەردەوامی جیهان و مرۆڤە. خەسڵەتی شۆڕشگێڕانەی ئەم ڕۆحە لە بوونی مرۆییدا بە شێوەیەکی پڕکارکرد خۆی دەنوێنێ لە ڕێگەی ڕەهەندی ڕۆحی مرۆڤەوە. هەرچەندە ڕۆح لێرەدا دەرکەوتن و تەقینەوەی جیهانێکی دیکەیە لەم جیهانەدا، بەڵام بۆ مرۆڤ ئاماژە نییە بە ڕۆح وەک فاکتەری زیندوێتی، بەڵکو گشت ڕەهەندە ئەخلاقی، بەهاکان و ئازادی و تەواوی بوونی مەعنەوی دەگرێتەوە.

پەیوەندیی مرۆڤ و جیهان پەیوەندییەکی ڕۆحییە. پەیوەندیی مرۆڤ و خودی خۆی پەیوەندییەکی ڕۆحییە، پەیوەندیی مرۆڤ و بوون و مرۆڤ خودا ڕۆحییە. لێرەدا لەوە تێدەگەین، ئەگەر بوونی ماتێریاڵیی مرۆڤ "جەستە" لە ئاستێکدا پێشمەرجی دەرکەوتنی ڕۆح بێ و ماڵی بنەڕەتی



Scanned with CamScanner

ئەو بوونە بێ، ئەوە لە ئاستێکی تردا، ڕۆح پێشمەرجە بۆ ئامادەیی ئەو بوونە ماتێریاڵییە لە فۆرم و جەوهەرێکی مرۆییدا. مرۆڤ وەک هەبوویەک لەناو هەموو هەبووەکاندا بەوە خۆی جیا دەکاتەوە و دەرکەوتنی خۆی وەک مرۆڤ پاساودەدا، کە ئاگامەندە لە ئاستی بوونی خۆیدا و بوونێکە لە ناوەوەی خۆیدا دەربارەی بوونی خۆی دەپرسێ. ڕۆح لەلای بێردیایڤ لە پەیوەند بە مرۆڤەوە، ئاگامەندبوونیەتی بە بوونی خۆی، کێشەکانی و نیگەرانییە بنەڕەتییە بوونەوییەکانی. ڕۆح بەم شێوەیە کۆی ئەو ڕەهەندە هۆشمەندی و مەعنەوییانەیە کە دەتوانێ جیاییەکی بناغەیی لەنێوان مرۆڤ و هەبووەکانی تردا دروست بکات. ڕۆح لە پەیوەندییەکی شۆڕشگێڕانەدایە بە خودی مرۆڤ خۆیەوە و بەردەوام ئاگامەندی مرۆڤ بە کێشە بوونەوییەکانی نۆژەن دەکاتەوە.

ڕۆح لە بیرکردنەوەی بێردیایڤدا، تەنها ئازادی نییە، بەڵکو ماناشە. مانای جیهان ڕۆحییە. کاتێک دەڵێن ژیان و جیهان بێواتان، بەمە دان بەبوونی مانادا دەنێن و لە سەروو جیهان و ژیانەوە دای دەنێن. ئەمەش داوەریکردنە دەربارەی ژیانی جیهانییانە لە ڕوانگەی ڕۆحەوە٤٣). هەڵبەتە کێشەی مانا کێشەی هەمیشەیی و بناغەییی مرۆڤە لە ئاست بوونی خۆی و بووندا بەگشتی. هەموو جووڵە و کردەیەکی ئەم بوونە بەگەڕخستنی پرۆسەی مانایە. مرۆڤ ناتوانێ بەردەوامی بە ژیان بدات بەبێ بیرکردنەوە و گەڕان بەدوای مانادا. مانا لە جەوهەری خۆیدا بوونێکی ڕۆحیی تەواوە، هیچ شت و ماتێریاڵێک، تەنانەت ئەگەر لە پرۆسێسی مانا بەخشینیشدا



Scanned with CamScanner

بەشداری بکەن، ناتوانن خۆیان وەک ماتێریاڵ و شت بپارێزن و دواجار لەو دیوە نامەعنەوییەیان دادەڕنێن و شوناس و ناوەڕۆکێکی بەتەواو ڕۆحییانە بەخۆوە دەگرن. مانا ڕۆحییە، ئەمە گوزارشتی ڕاستەقینەی بوونی مانایە. خوڵقاندنی مانا لە دیدی ئەم فەیلەسوفەوە هەوڵی بەرجەستەکردنیەتی لە جیهان، چونکە مانا لە سەروو جیهان و ژیانەوەیە، خوڵقاندنەوەی بە شێوەیەکی بناغەیی خوڵقاندنە لە نێزیکبوونەوەدا لە بوونی مانا و قووڵکردنەوەی گەڕانە بەدوای خودی مانادا. ڕەتکردنەوەی مانای ژیان و جیهان بەبڕوای بێردیایڤ دانپێدانانێکی ناخەکییانەیە بە بوونی مانا و بڵندکردنەوەیەتی بۆ سەروو جیهان و ژیان، بەم پێیە پێدانی پێگەیەکی ترانسدێنتاڵییە بە مانا.

بێردیایڤ وەک فەیلەسوفانی بوونیاری دژە لەتەک هەوڵی بەئەبێکتکردنی بوونی مرۆڤ، یان بە زمانێکی دیکە بڵێین، پێی وایە بەئەبێکتکردنی ئێکزیستێنسێی مرۆڤ خەتەرناک لەسەر چارەنووسی ڕەسەنایەتی و ئازادیی مرۆڤ کاریگەری دادەنێ. ڕۆح ئازادی و ڕەسەنایەتیی مرۆڤ پێک دەهێنێ. لەلای کارل یاسپێرس فەیلەسوفی ئەڵمان، بوونی مرۆڤ پێویستە دوور لە تەماشاکردنی وەک بابەت ڕابگیرێ، ئەم بوونە بە ئێکزیستێنسێ ناو دەبات، کە دەکەوێتە بەرزترین ئاستی گەشەکردنی مرۆڤەوە و لە پەیوەندیدایە بە جیهانی باڵاوە، واتە ترانسدێنتالەوە. ڕۆح لەلای بێردیایڤ، لەسەر ئاستی تاکەکەسی کۆی ڕەهەندی مەعنەوی و بەهاکانی مرۆڤ دەگرێتەوە و لە پەیوەندی و تێکەڵاوی فراواندایە لەتەک ڕۆحی باڵادا، یان ترانسدێنتاڵدا، وەک چۆن ئێکزیستێنسێی

یاسپێرس وەها پەیوەندییەک ئەزموون دەکات. جیاوازیی نێوان یاسپێرس و بێردیایڤ لە خاڵێکدا دەتوانم ئاماژەی پێ بکەم. بێردیایڤ ڕۆح وەک تەقینەوە و دەرکەوتنی جیهانێکی دیکە لەم جیهاندا باس دەکات، بەم پێیە ڕۆحی مرۆڤ وەک ڕۆحێکی تاکەکەسی گەشە و درێژەی ڕۆحە گشتی و ترانسدێنتاڵییەکەیە. بەڵام ئێکزیستێنسێی یاسپێرس وەک بوونێکی سەربەخۆتر دەبینرێ، کە لە خوارەوە گەشە دەکات و بڵند دەبێتەوە تا ئاستی گەیشتنە پەیوەندیی لەگەڵ باڵاییدا. بێردیایڤ سەرباری ئەو تێکەڵاوکردنەی ڕۆحی مرۆڤ و ڕۆح بەگشتی، لە هەمان کاتدا ویستوویەتی ئازادیی ئەو بوونە بپارێزێ و لە ڕوانگەی ڕۆحەوە مانای بوونی مرۆیی دەستنیشان و جێگیر بکات.

لە ڕوانینی بێردیایڤدا، گەیشتن بە دۆخی ڕۆحانیەت ڕزگاربوونە لە دەسەڵاتی ژینگەی کۆمەڵایەتی و جیهانی و تەقینەوەی نیومێنە لە فێنۆمێندا. گەشەی ڕۆحانیەت لە مرۆڤدا پرۆسەگەلی پەرەسەندنی لەقاڵبدراوی یاسابۆدارێژراو نییە. لەکوێدا ئازادی جێبەجێ دەبێت، لەوێدا پرۆسەی زەروری بوونی نییە، لەکوێدا داهێنان بەرجەستە دەبێت لەوێدا پەرەسەندن بە مانا سروشتییەکەی بوونی نییە٤٤).

بێردیایڤ بەم شێوەیە مرۆڤ لە چوارچێوەی پەرەسەندنی سروشتییانە دەر دەهێنێ و زیاتر بە جەوهەرە مەعنەوی و ڕۆحییەکەی نمایشی دەکات. گەشەکردنی ڕۆحانیەتی مرۆڤ لە خودی خۆیدا دەربازبوونی مرۆڤە لە کۆتی پەرەسەندنی سروشتی و دانانیەتی لە ڕەوشێکی بنەڕەتی تەواو ئازادانەدا، لە بۆشگەیەکی کراوەی سنووردیارینەکراوی



Scanned with CamScanner

بێکۆنترۆڵی ملکەچنەکردوو بۆ ئەو یاسا سروشتییانەی کە پرۆسەی پەرەسەندنی سروشتییانە بەسەر گەشەی مرۆڤدا دەسەپێنن، چونکە ڕۆح دیارینەکراو و پێناسەنەکراوە، سرک و پەنهانە و هەمان ئەو خەسڵەتانەی خۆی بە بوونی مرۆیی دەبەخشێ. بوونی مەعنەوی مرۆڤ و دونیای قووڵ و پڕ لە ڕەمز و نهێنی مرۆڤ لە هیچ دۆخێکدا ناچێتە ژێر باری ئاشکرابوونی تەواوەتی و وەک بابەتێکی ئاسایی بۆ لێکۆڵینەوە و ئاوەڵاکردنەوە دەستگیر نابێت. مرۆڤ بەڕەهەندە ڕۆحییەکەیەوە دەتوانێ وەک بوونێکی شایانی سەرسامبوون بمێنێتەوە. ڕۆح بە شێوەیەکی هەمیشەیی مرۆڤ لە بەردەم کرانەوەی ئازادانەدا دەهێڵێتەوە.

# ئەفسانەی ئازادی

مرۆڤـەکان ئـازادی لـە جەوهەرێکی بـاڵا و بەهایەکی نکۆڵیلێنەکراوی بنەڕەتیی بووندا جێگیر و قبوڵ دەکەن، ئەوەی لێرەدا دەبێتـە سـەرەتای کێشـەکەمان خـودی ئـەو قبوڵکردنـە دەستەجەمعییەیە. گرفتاربوونـی ئـازادی بـە پێناسـەی گەلـی و گشـتەوە بووەتـە ئاژاوەیەکی ناوەوەیـی ئـازادی و شـێواندنی نـاوەڕۆک و دیاریکردنـەکان سـەبارەت بـەو دۆخـە بوونەوییـە. لەبـەر ئـەوەی ئـەم چەمکە ڕەت ناکرێتـەوە، بۆیـە پێیان ناوەتـە دۆخێکـی ئاڵـۆزی ئەوتـۆوە کـە شوناسـێکی شـێواوی بـۆ دروست کردووە، بە ئەندازەیەکی زۆر ئـەو شوناسـە شـێواوە لـە سـەرچاوەی فرەخاوەنـی ئازادیـی خۆیـەوە بەرهـەم هاتـووە. تەنانـەت ئـەو کـەس و کۆمەڵانـەی نـە تێگەیشـتن و نـە مومارەسـە و پراکتیکی ئازادییـان هەیـە، وەک بوونـی ئـازاد و خـودان دەرفـەت و بژاردەی ئـازاد خۆیـان نماییش و وەسـف دەکـەن.

خاوەندارێتـی ئـازادی بـۆ کەسـێتی پێشـمەرجی بنەڕەتـی گەشـەکردنیەتی. بـە هـۆی ئازادییەوەیـە کەسـێتیی مـرۆڤ نـە بەتەنهـا توانـای گونجـان لەگـەڵ واقیعـی دەوروبـەردا

پێک ئەهێنێ، بەڵکو دەکرێ ئەو داکەوتەش بگۆڕێ و دای بڕێژێتەوە هاوئاهەنگ لەتەک ئامانجەکانیدا. بەڵام پێویستە ئەوە بێژین، ئازادیی ڕەهای کەسێتی بوونی نییە و ناشتوانێ ببێ لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا. ڕەوشی سروشتی و کۆمەڵایەتی بوونی کەسێتی گرێ دراوە بە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی ئەخلاق و ڕەفتار. ئەخلاق ئازادی سنووردار دەکات و ئازادییەکی پۆزەتیڤ فۆرموڵە دەکات وەک توانای خۆسەلماندنی حەقیقەت، چاکە و جوانی. ئەم ئازادییە پۆزەتیڤە لە ئازادیی ئاژاوەئامێز جودا دەبێتەوە کە وەک "هەموو شتێ ڕێگەپێدراوە" خۆی دەر دەخات. ئەوەی لە گەوهەری کەسێتیی ئازاددا سەقامگیرە جۆرێکە لە ناسەقامگیریی باوەڕ و ئامادەیی گومانە لەسەر خودی ئەو ناسەقامگیرییەش، لەپاڵیدا بوون و ئامادەیی داننانە بە پێویستی ملدانی ئازادانە بۆ ئەو پرەنسیپانەی کە ئەشێ لە زۆر باردا پایەی ئەخلاقی و بەهاییی کاریگەریی کەسێتی و خودی جەوهەری کەسێتی پێک بهێنن.

پاراستنی هاوسەنگیی نێوان ناسەقامگیریی بوونەوییانەی بەرهەمهێنراوی ئازادی و ئەو بنەڕەتانەی ئازادیی پۆزەتیڤ هەڵگریەتی پێشمەرجی بوونێکی ڕەسەن و ئازادیی مرۆییە. ئێمە لێرەدا لەبارەی ئازادییەوە دەدوێین بەڵام هەر خۆمان ئەو ئازادییە سنووربەند دەکەین، ئایا ئەم کارەمان واتای لێدان لە ئازادی دەگەیەنێ؟ ئەگەر لێدان لە ئازادی لە بەبنەڕەتگرتنی پرەنسیپ و بەها ئەخلاقییە گەردوونییەکانەوە سەرچاوە بگرێ و ئێمەش بیخەینە هەناوی ئازادی و بەشێ لە کۆنترۆڵی پێ بینا بکەین، چیی



Scanned with CamScanner

دی دەتوانین ئازادی تەحقیق بکەین؟ ڕەنگە تەحقیقکردنی ئازادی هەندێ جار بە ترازان و دەرچوونی مرۆڤ لە هەموو کۆنترۆڵ و بەهایەک هێمای پێکرابێ، بە جۆرێ کە زیاتر ناسنامەیەکی ڕەهای بە ئازادی داوە، ئەم دیدە نەیتوانیوە هیچێکی قووڵ و کاریگەر لەبارەی ئازادییەوە بخولقێنێ و بتوانێ لە جەوهەری دۆخی مرۆیی بگۆڕێ و پەرەی پێ بدات، زیاتر ڕوئیایەکی خاپورکاری دژە پرەنسیپ و مۆڕاڵە، کە دواجار و ناڕاستەوخۆ لە پەیوەند بە خودی ئازادییەوە وەکو پرەنسیپ و پێشمەرجێکی بنەڕەتی بوونی مرۆڤ هەمان ڕۆڵی خاپورکاری وازی کردووە، ئەمەش دەری دەخات، ئازادی بەبێ بەها و پرەنسیپ نامومکینە بۆ بوون و هەموو تەقەللایەکیش بۆ گۆڕینی ئەو نامومکینیەتە بۆ مومکین دەبێتە هۆی کارکردی خراپی بەتەواو مانا لەسەر شیاوێتی و مومکینیەتی هەر دەرکەوتە و خەسڵەتێکی بنچینەیی ئازادی. کێشەی گەورەی ئەم ڕوانینە کە خۆی لەسەر "هەموو شتێ ڕێگەپێدراوە" بینا کردووە، یەکەم شتێ دەیکاتە قوربانی و لێیدەدا خودی ئازادییە، نەک ئەو لەمپەرە بنەڕەتییانەی بەرقەراربوونی ئازادی پێش دەخەن و ڕێگەی پێ دەدەن. ئەگەر هەموو شتێ ڕێگەپێدراو بێ، هەموو شتێکیش خاپور دەبێت لە پێشەوە خودی ئازادی، تەنانەت ئەگەر ئەم "هەموو شتێ ڕێگەپێدراوە" سنووردار بکەین بەوەی کە هەموو شتێ ڕێگەپێدراوە تەنها تێپەڕاندنی سنووری ئازادیی ئەوانی تر نەبێ، هێشتا ئەو ئازادییەی باسی دەکەین لە جەوهەری خۆیدا ئازادییەکی بێئەخلاقە. پێویستە ئەوە ڕۆشن بکەینەوە، مەبەستمان لەوەی ئازادی



Scanned with CamScanner

لەوەش سنووردارترە ئاماژەمان پێ کرد، ئەوە نییە کەسگەلی دیکە دەرفەت و مافی ئەوەیان پێ بدرێ ئازادیی بەرامبەرەکانیان سنووردار بکەن، بەڵکو بەئاشکرایی ئاماژەیە بەسنووردارێتیی ناچارییانەی ئازادی بە هۆی بەها و پرەنسیپە نکۆڵیلێنەکراوە پێشمەرجکراوەکانەوە، هەم لە پەیوەندی بە بوونی ئازادییەکی پۆزەتیڤ و بە ڕەوشتەوە، هەم گرێدراو لەگەڵ بوونێکی مرۆیی ئازاد و ڕەسەنەوە.

کەسێتیی مرۆڤ تەنها لە توانای بەرهەمهێنانی ئازادییەکی ڕێژەییدایە، کاتێک ئەو دۆخی بوونی خۆی دەناسێ و خاوەنداریێتیی دەکات. هەوڵدان بۆ ناسین و یەکالاکردنەوەی سروشتی مرۆڤ و مانای ژیان و بوونی ئەو بە چەشنێکی سروشتییانە بەرەو چەمکی مرۆڤی کامڵ دەڕوات، کە لە خودی خۆیدا بەرجەستەی چاکە دەکات. ئازادیی ڕێژەیی لە ئاستێکدا گرێدراوی خەسڵەتە ئۆنتۆلۆژییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ خۆیەتی و لە ئاستێکی دیکە پەیوەستی ئەو ڕەوشە بەهایی و ئەخلاقییانە، یان کولتووری و شارستانییانەیە، کە ئەو بوونە فڕێدراوەتە ناوی وەک ئەوەی هایدیگەر پێی وایە بوونی مرۆڤ بوونێکی فڕێدراوە بۆ جیهان(٤٥). فڕێدان و کەوتنی مرۆڤ لە جیهان نەک هەر لە بەرپرسیارێتی و پابەندێتییە ئۆنتۆلۆژی و ئەخلاقییەکان دەربازی ناکات، تەواو بە پێچەوانەوە کۆمەڵێک پێشمەرجی بنەڕەتی بوونەوییانەی هەن، ئەگەر مومارەسەی پراکتیکییان نەکات بە هیچ شێوەیەک نە وەک بوونێکی ئازاد و نە وەک بوونێکی ڕەسەن دەکرێ ئاماژەی پێ بکەین. ئامادەبوونی پێشمەرجانەی مرۆڤ لە جیهان و لە شوێنێکی دیاریکراودا

ئەو ئیلتیزاماتە خولیلانەدراوانە بۆ مرۆڤ پێش ئەهێنێ، کە لە جەوهەردا پابەندێتی و سنووردارێتیی ئازادین. لەتەک ئەوەی ئامادەبوون لە شوێندا ناچارییە، بوونیش لەگەڵ ئەوانی تردا پێشمەرجە و ڕەسەنایێتیی مرۆڤ دادەڕێژن. هەموو ئەوە دەزانین "لەتەک ئەوانیتربوون" تەنها کاتێک دەستەبەر و تەندروست دەبێت کە لە بناغەیدا مۆڕاڵێکی بەهێز لەکاردا بێ و ئەو پەیوەندییانە ڕێک بخات و بەڕێوە بەرێ و چاکە و خراپەی مرۆڤ بنرخێنێ و دەرفەتیان بداتێ یان ئاستەنگییان بکات.

پەیوەندییەکان ئەو پانتاییەی مرۆڤ پێویستە تیایدا ئامادە بێت هەڵگری جەوهەرێکی ئەخلاقین، بەبێ ئەو جەوهەرە پرۆسەی خاڵیبوونەوە ڕوو دەدات، مانەوە وەک بوونێکی پووچ، بێناوەڕۆک و سەر بە ئاژاوەی ڕۆحی دەبێتە تەنها بژاردەی بەرئەنجامی پرۆسەی خاڵیبوونەوەکە. لێرەیا ڕەوشێکی قوتاربوو لە بەهاکان دێتە ئاراوە کە لە بناغەدا مایلی پووچی و بێواتاییی تەواوە. ئەگەر ئازادی ئەوە بێ کە هیچ مۆڕاڵێک و بەهایەکی دیاریکراو کۆنترۆڵ بەڕێوە نەبا، بەم شێوەیە بەهەڵەدا ناچین ئەگەر ئازادییەکی ئەوها ئاژاوەئامێز بە "بەرئاوەڵایی[1]" ناو ببەین، کە لە دەربڕینی

---

١ بەرئاوەڵایی: ئەم گوزارەیە بۆ یەکەم جار لەم نووسینەدا بەکارم هێناوە و لە وشەیەکی زۆر بەکارهێنراوی کوردییەوە وەرم گرتووە، کە وشەی "بەرەڵایی"یە. ئەمەش واتای بێبەندوباری، بێڕەوشتی، بێکۆنترۆلی و لەبەرچاونەگرتن و گوێنەدان بە هیچ بنەمایەکی ڕەوشتی بەرز. هێمایە بەو ئەخلاقە هاوچەرخەی مرۆڤی سەردەمی ئەمڕۆ بەتایبەت لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی بەگشتی و ئاستەکانی دیکەی ژیان هەیەتی.



Scanned with CamScanner

ئاسایی کۆمەڵگەدا بە بەرەڵایی ناو دەهێنرێ. "بەرئاوەڵایی" دۆخێکە مرۆڤ پابەندی هیچ پرەنسیپ و بەهایەک نابێت، یان دان نانێ بە هیچ کۆنترۆڵ و ئاستەنگێکی مۆڕاڵی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ڕۆحیدا؛ ئەزموونکردنی بەرئاوەڵایی بە ناوی ئازادبوونەوە ڕەنگە دیارترین دەرکەوتەی دونیای هاوچەرخی ژیانی مرۆڤایەتی بێ. ناوەڕۆکی ژیانی هاوچەرخ کاڵاخوازی و تەکنەلۆژیازاڵییە و چوارچێوەیەکی بۆ ژیان نەخش کردووە و لەپاڵیدا و لە ڕێگەی پەرەپێدانی ئایدیای نامومکینبوونی گۆڕینی دونیا و نەشیاو بۆ بوونی دونیایەکی جیاوازترەوە دەستبەسەرداگرتنی خۆی بۆ ئینسان سەر ڕێ خستووە، بەڵام لە هەناویدا هەموو ئەو هێز و کارکردانە ئامادەن کە توانیویانە ئایدۆلۆژیای نامومکینبوونی دونیایەکی تر پایەدار و پتەو بکەن. ئەم دونیایە جیا لە ئازادییە سیاسی و کولتوورییەکان، هەڵگری جۆرێ لەبەر ئاوەڵاکردنەوەی مرۆڤە لە ئاست بەها و پرنسیپە گەردوونییە ئەخلاقییەکاندا، جۆرێک لە "هەمو شتێ ڕێگەپێدراوە"ی هێناوەتە ژیانەوە و ئاژاوەی ڕۆحی، ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی فراوان کردووە، سەرباری ئاژاوە سیاسییە مەترسیدارەکان کە بوونەتە هەڕەشەی ڕۆژانەیی وێرانکار بەسەر بوونی مرۆڤ و کۆمەڵگەکانەوە. بەرئاوەڵایی یان بە دەربڕینە گشتییەکە "بەرەڵایی" چرکەساتی داڕنینی ئەخلاق و ئازادییە، بچڕان و هەوڵی لێکترازانی ئەخلاق و ئازادییە، کە دەرگای بەرئاوەڵابوونەوەی مرۆڤ دەکاتەوە. ئەوە تەنها بەهاکان و پەیوەندییە تەندروستە ئینسانییەکان نین کاول دەبن، بەڵکو خودی ئازادیش ڕیشەییانە کاول دەبێت. یەکێک لە فاکتەرە

بنچینەییەکانی دیلکردنی مرۆڤ بەرئاوەڵابوونە لە هەموو شتێ، ملکەچی و شۆڕبوونەوەی مرۆڤ لەبەرئاوەڵاییدا کارکرد و جێکەوتی کەمتر و تەنکترنییە لە خودی ئەو سیستمانەی بەڕۆشنی بەرەنگاری دەرکەوتەکانی ئازادی دەبنەوە. سیستمی تەکنەلۆژی کۆنترۆڵکاری ئەم سەردەمە بە ناوی ئاسانکاری و فەراهەمکردنی ئازادیی زیاترەوە سەرقاڵبوونی مرۆڤی بەتەواوی داگیر و ئاڕاستە کردووە بۆ سەر ئەو سەحنە شانۆییەی وێنە و ئایکۆنەکانی تیادا نماییش دەکات لە بەرگی حەقیقەتدا. لەم پنتەی گەردوون و لەم چرکەی مێژووی هەنووکەدا مرۆڤ لە دۆخێکی تا ئەندازەیەکی گەورە گەڕاوەدایە بۆ ئەشکەوتەکەی ئەفلاتون. ئێمە بووینەتە بارهەڵگری سێبەرە بەحەقیقەتکراوەکان، دەرکەوتەی وێنەیی و سێبەری حەقیقەتەکان لە شانۆیەکی جیهانییا دەبینین، کە ئێرنست دیبۆر لە پەرتوکێکیدا باسی کردووە(٤٦). ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چیرۆکی ئەشکەوتی ئەفلاتوون و لەو ڕوانگەیەوە تەماشای دۆخی بوونی مرۆڤ و ژیانی هاوچەرخی کۆمەڵگەی تەکنەلۆژیکراو بکەین، ئەشێ تێگەیشتنێکی ڕۆشنمان لەبارەی ماهیەت و شوێنی بوونی مرۆییی پێ ببەخشێت، چونکە ڕەوشی کەسانی نیشتەجێی ئەشکەوتەکە و دانیشتووانی ناو قووڵاییی دونیای شانۆییی ئەمڕۆ تا ئەندازەیەکی مەترسیدار وێک دەچن. لە ئەشکەوتدا مرۆڤگەلێک بە چەشنێک کۆتوبەند کراون، کە لە توانای ئاوڕدانەوەدانین و ئەمەش مومکینیەتی بینین و ئاشکراکردنی حەقیقەتی لێ بێبەری کردوون، بۆیە تەنها ئەو سێبەرانە



Scanned with CamScanner

دەبینن کە لەسەر دیواری ئەشکەوتەکە دەر کەوتوون، هەر ئەمەش بۆ ئەوان حەقیقەتە و مایەی نکوڵیلێکردن نییە. دیارە کۆتوبەندی ئەوان ئاماژەیەکی ڕەمزییە بۆ ئەو بیر و ئایدییایانەی ئاستەنگی بەردەم ئاوەڵابوونەوە و کرانەوەی هزری و گەشەکردنی بیرکردنەوەی ئەوانە، ئەو دۆخە وەستاو و جامدەیە کە لە سەردەمی هاوچەرخدا ئایدۆلۆژیای زاڵکراوی دوایەمین ژیان و شارستانێتی گوزارشتی لێ کردووە. ئەوەی لە ئەشکەوت دەچێتە دەرەوە تێدەگات حەقیقەتەکان لە جێگەی دیکەن و دونیای ناوەوەی ئەشکەوت هیچ نییە جگە لە شانۆی نمایشکردنی وێنە و سێبەرەکان. ئازادی بەیان نابێت ئەگەر ئەو کۆتوبەندانەی نیشتەجێبووانی ئەشکەوتی گیرداوە نەکرێنەوە و گومان نەخرێتە سەر ئەو ئایدییایانەی ڕەگوڕیشەی کۆتوبەندەکانیان پێک هێناوە. ئەگەر پێمان وا بێ دەرچوون لەژێر باری ئایدییاگەل و کۆتوبەندگەلی دیاریکراوی کات و شوێنێکی دیاریکراو ئیدی مسۆگەر و پایەداری ئازادی بەرقەرار دەکات، ئەوە دەکەوینە هەڵەیەکی بنچینەییەوە، لەبەر ئەوەی پرۆسەی ئازادی و ئازادبوون لە ڕەوشی ئاماژەپێدراو دەمانخاتە دونیایەکی دیکەی هەڵگری بیر و ئایدییای نوێ، بەم شێوەیە ئێمە دەبینەوە بارهەڵگری پرەنسیپ و ڕوانینێکی دیاریکراو. ئەوەی لێرەیا گرینگە سەرنجی بدەینێ فۆرمەکانی دەرکەوتنی ئازادییە، کە ئەشێ ئازادی ئیفلیج و کۆتکراو بەرهەم بهێنرێ بە هۆی زاڵبوونی ئایدۆلۆژیا و ڕەگەزە یارمەتیدەرەکانیەوە، یان بەرئاوەڵایی "بەرەڵایی" بێتە گۆڕێ بە هۆی تێپەڕاندن و شکاندنی هەموو کۆنترۆڵێکی

سەرچاوەگرتوو لە پرەنسیپە ئەخلاقی و بەها بالاکانی مرۆڤەوە. ئاماژەمان بە ڕێژەییبوونی ئازادی کرد و ئەمەش گەڕان و دۆزینەوەی بارێکی تایبەتی ئازادییە، کە نە ئازادییەکی بەتەواو مانا کۆتکراو بێ و نە ئازادییەکی بەرئاوەلا بێ. پێویستە ئازادی لەو مانا و شوناسە ئەفسانەییە دەر بهێنین و بە ڕوانینێکی ڕێژەییانە و ئەخلاقییانەی گەردوونی تێی بگەین و بوونیادی بنێین. لە ئاستێکی دیاریکراودا دەربارەی ئازادیی پۆزەتیڤ و ئازادیی ئاژاوەئامێز قسەمان کرد لە پەیوەند بە ژیانی کۆمەلایەتی و گیانی بەگشتی و ڕۆشنتریش هەلسەنگاندنی ئەم دۆخە بوو لە پەیوەندییەکانماندا بەتایبەت ڕەخنەکردنی بەرئاوەلایی وەک دەرکەوتە یان جێگرەوەی ئازادی لە هەناوی ژیانی هاوچەرخدا. تەنها هێماگەلێکی بچووکمان بۆ ئەو چەمکە لە بواری سیاسیدا کردووە، کە زیادترین گفتوگۆ و مشتومڕ، لە هەمان کاتدا کێشەی بۆ تاک و کۆمەلگە خولقاندووە. پانتاییی سیاسەت مەنزلگەی کوشندەبوونی کێشەکانی ئازادییە بە شێوەیەکی بەرچاوتر و کاریگەرتر بە بەراورد بە ڕەهەندەکانی دیکەی ژیانی گشتی، هەر بۆیە هانا ئارێنت[1]ی فەیلەسوف پێی وایە، ئەو هەرێمەی هەمیشە

١ هانا ئارێنت: سالی ١٩٠٦ لە ئیمپراتۆریەتی ئەلمانیدا لەدایک بووە و سالی ١٩٧٥ لە نیویۆرک مردووە. فەیلەسوفی ئەلمانی-ئەمریکییە بە ڕەگەز جوولەکەیە. تیۆرسێنی سیاسەت و مێژووە و دامەزرێنەری تیۆریی تۆتالیتاریزمە. نزیکەی چوار سەد و پەنجا بەرهەمی جیاوازی هەیە دەربارەی کێشەی جیاواز، بەلام ئایدییای سەرەکیی ئارێنت دەتوانین بەم شێوەیە کورت بکەینەوە: "بیرکردنەوە لەسەر ئەوەی، کە ئێمە دەیکەین." لە ڕوانینی ئارێنتدا لەسەر زەوی خەلک دەژین، نەک مرۆڤ. خەسلەتی جیاکەرەوەی مرۆڤ لەسەر زەوی بریتییە لەوەی

ئازادیی تیایدا ناسراو بووە، بێگومان وەک کێشە نا، بەڵکو وەک فاکتێکی ژیانی ڕۆژانەیی، دەسەڵاتی سیاسییە. تەنانەت ئەمڕۆ، بزانین یان نا، پرسی سیاسەت و ئەو فاکتەی، کە مرۆڤ بوونێکە کردەی پێ بەخشراوە، بەردەوام لە بیر و زیهنی ئێمەدا ئامادەییان هەیە لە هەموو ئەو کاتانەی دەربارەی ئازادی قسە دەکەین. کردە و سیاسەت لەنێو هەموو تواناییەکان و مومکینیەتەکانی ژیانی مرۆییدا، کرۆکی ڕاستییەکن، کە بە هیچ شێوەیەک توانای تێگەیشتنمان نابێت بەبێ ڕێگەدان بەوەی، کە ئازادی بوونی هەیە و زەحمەتیشە بتوانین لە هەر کێشەیەکی سیاسی نزیک ببینەوە بەبێ بەریەککەوتنی زمنی و ڕاشکاوانەمان لەتەک پرسی ئازادیی مرۆییدا. ئارێنت ڕوانینی بۆ باسی ئازادی ڕوانینێکی مەحکومکارانەیە و پرسی ئازادی بەم پێیە خۆلێلانەدراوە و ناکرێ فەرامۆشی لێ بکرێت.کردەی سیاسی بەبێ بیرکردنەوە لە ئازادی کردەیەکی بێئەرزش و بێناوەڕۆکە، هەرچەندە بە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەرگیری ئەم پرسە دەبین، بەڵام تەقەلالای خۆدزینەوە لە کێشە سیاسییەکان بە ناوی پۆخڵی سیاسەتەوە کەمنین. خۆدوورگرتن لە پرسی سیاسی و پرسی ئازادیی ئینسان لە دەسەڵاتی سیاسیدا پابەندنەبوونە بە پێشمەرج و تا ئەندازەیەکی گەورە بە دۆخێکی ئۆنتۆلۆژیی ژیانی کۆمەڵگەییەوە، کە ناکرێ هیچ کەسێکی بەرپرسیار نادیدەی بگرێت. خەسڵەتی کێشەی ئازادی ناکۆتابوون و دوایینەهاتنە،

---

پیشانی بدات لە کارەکانی و لە وشەکانیدا، کە ئەو خۆی دەبێتە چ کەسێک لە بێهاوتایی خۆیدا. هاوڕێ و نزیکی مارتین هایدیگەر بووە.

هەر ئەم تایبەتمەندییەی وای کردووە هەمیشە وەک پرۆسەیەکی تەواونەکراو بمێنێتەوە. چەمکێکە لە ناخیدا هەڵگری مەترسی و لە دەرەوەشیدا بەرکاری هەڕەشەی بەردەوامە. لە هەردوو باردا، چ مەترسیی ناخەکییانەی ئازادی و چ هەڕەشەی بەردەوامی دەرەوە لەسەری دەرهاویشتەی ئەخلاق و سیستەمە. مەترسیی ناخەکییانەی ئازادی لە فۆرمی بەرئاوەلاییی کاولکردنی بەها ئەخلاقییە گەردوونییەکاندا دەر دەکەوێت و هەڕەشەی سەر ئازادیش لە سایەی سیستەمە ئایدۆلۆژی، تەکنەلۆژیازاڵی و سیاسییەکاندا بەرجەستە دەبێت. پرسی ئازادی پرسێکی ناچارییانەیە و تەنها کۆیلەکراوەکان و ئەوانەی بە دۆخی کۆیلەتی ئاسوودەن لێیان زەوت کراوە یان فەرامۆشی دەکەن. ناچارییانەبوونی پرسی ئازادی واتای ناچارییانەی کامڵبوونی پرۆسەی ئازادبوون ناگەیەنێ، بەڵکو جەوهەری پرسی ئازادی بەردەوامێتی و نەگەیشتنەجێیە. بیری زاڵبووی سەر ئێمە ئەوەیە: ئازادی بەرجەستەبوونی کردەی ئیرادەگەرییانەی تاکەکەسە، مرۆڤە بەگشتی، بەڵام گرفتی کاریگەر لە پەیوەند بەم بابەتەوە ئاستەنگگەلی داکەوتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانە، کە ئەگەر لە هەندێ باردا ڕێگریکردنیان لەبەرجەستەبوونی ئازادی زیادەڕەوا نەبێ، ئەوا لە هەندێ ڕەوشی دیکەدا پێویستی و پێشمەرجی پاراستنی ناوەڕۆکی پۆزەتیڤانەی خودی ئازادین. پەیوەندیی ئازادی و سیاسەت پەیوەندییەکی پڕ لە هەڵچوون و داچوونە، ناجێگیر و گرفتاوییە. ئازادی و سیاسەت دووانەیەکن پێکەوە بن هەمیشە لەبەریەککەوتن



Scanned with CamScanner

و کێشەدان، جیابوونەوەشیان هەریەکەیان دەخاتە قەیران و ئاژاوەوە. بەڵام لەبارەی ئەو ئازادییەی لە سیاسەتدا ئامادەییی هەیە، هانا ئارێنت جودای دەکاتەوە و سەرچاوەکەی ناباتەوە بۆسەر ئیرادە، دەنووسێ، "ئەو ئازادییەی لە سیاسەتدا شوێنی هەیە، دیاردە و دەرکەوتەی ئیرادە نییە. ئێمە لێرەیا لەگەڵ ئازادیی هەڵبژاردندا بەریەک ناکەوین، بە واتای داوەریکردن و هەڵبژاردن لەنێوان دوو شتی دراودا، یەکێکی باش و یەکێکی خراپ، کە بڕیارلێدانیان پەیوەستی مۆتیڤ و ئەرگۆمێنتە." ئەوەی ئەم بیریارە باسی دەکات بەتەنها ئاماژە نییە بۆ ئەو سیستمانەی ڕاشکاوانە دژبەری ئازادین، دەرخەری جەوهەری ئەو سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەشە خۆیان بەنزیکی پرسی ئازادی لەقەڵەم دەدەن. لە هەموو دۆخێکدا ئازادیی ڕێژەیی و چوارچێوەدارە. هەڵبەت دوورونزیک ئەرگۆمێنتی سنووردارکردنی ئازادی ناخولقێنین و جووڵەی پرۆسێسی ئازادبوون ڕووبەڕووی نائومێدیی نێگەتیڤ ناکەینەوە، ئەوەندەی تێگەیشتن و هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەی ئامادەییی ئازادی بەگشتی و بەتایبەتی لە دونیای سیاسەتدا دەخولقێنین. لە سیاسەتدا، ئازادی دەرکەوتەی ئیرادەی مرۆڤ نییە، یان ئازادی ناتوانێ لە ڕێگەی کردەی بەتەواو ئیرادەگەرییانەوە مانفێست ببێ، چونکە جەوهەری سیاسەت و دەسەڵاتی سیاسی بە چەشنێکە پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، هەموو ڕێکخستنیش لە حەقیقەتی خۆیا سنووردارکردنە.

شوناسی ئەفسانەییی ئازادی واتای نامومکینبوونی

ڕەهای ئازادی ناگەیەنێ، نە بەتەنها ئازادی، ژیانیش ئەفسانەییە بەبێ ئەوەی وای لێ کردبین لە ئەزموونکردنی ڕابکەین. ئەفسانەی ئازادی جیهانێکی بەرز و تایبەتە بۆ ئامادەبوون، هەمیشە بە فۆرمێ لە فۆرمەکان لەناویداین و بەرپرسیارانەترین و ئەخلاقیترین ئامادەبوون لە ئەفسانەی ئازادیدا ئەوەیە نە ئازادییەکی کۆتکراو و نە بەرەڵایی قبوڵ بکەین.



Scanned with CamScanner

## سەرچاوەکان

1. Э.Блох: Принцип надежды, Утопия и утопическое мышление. 1991, (фрагмент из одноименной книги Э.Блоха . Перевод осуществлен по изданию Bloch H. Das Prinzip Hoffnung. In funf Teilen. Zweiter Teil (Grundlegung). Das anfizipierende Bewußtsein, S. 224-258.

2. Так же.

3. В.С.Евгеньевич: Философия надежды Эрнста Блоха, Екатеринбург, 2001.

4. Э.Блох: Принцип надежды, Утопия и утопическое мышление. 1991, (фрагмент из одноименной книги Э.Блоха . Перевод осуществлен по изданию Bloch H. Das Prinzip Hoffnung. In funf Teilen. Zweiter Teil (Grundlegung). Das anfizipierende Bewußtsein, S. 224-258.

5. Так же.

6. В.С.Евгеньевич: Философия надежды Эрнста Блоха, Екатеринбург, 2001.

7. Э.Блох: Принцип надежды, Утопия и утопическое мышление. 1991, (фрагмент из одноименной книги Э.Блоха . Перевод осуществлен по изданию Bloch H. Das Prinzip Hoffnung. In funf Teilen. Zweiter Teil



Scanned with CamScanner

(Grundlegung). Das anfizipierende Bewußtsein, S. 224-258.
8. О.С.Разумовский: Надежда, http://www.chronos.msu.ru.
9. С. Л. ФРАНК: СМЫСЛ ЖИЗНИ,издательства АСТ,2004,стра 5 http://www.vehi.net.
10. Так же, стра 5, 6.
11. Камю Альбер: Миф о Сизифе, пере,С.ВЕЛИКОВСКИЙ,АСТ,2011,стра 12 http://www.nietzsche.ru.
12. Г. А. Виленская, Ю. В. Ковалева, Н. Е. Максимова, Е. А. Никитина,К. Б. Зуев, И. И. Ветрова, И. Я. Лялина:Психология человека в современном мире, Институт психологии Российской академии наук, 2009,стра 286.
13. Так же, стра 286.
14. Так же, стра 287,
15. Ирвин Ялом: ЭКЗИСТЕНЦИАЛЬНАЯ ПСИХОТЕРАПИЯ, Перевод Т.С.Драбкиной, http://www.psylib.ukrweb.net.
16. Так же.
17. Ж.П. Сартр: Экзистенциализм — это гуманизм,перевод, Грецкий М, http://www.e-reading.org.ua.
18. Мужество и трусость, http://www.easyschool.ru.
19. Пауль Тиллих: МУЖЕСТВО БЫТЬ, Перевод Т.И.Вевюрко, Избранное. М.: "Юрист", 1995, http://www.psylib.org.ua.
20. Хайдеггер М. Бытие и время , Пер. с нем. В.В. Бибихина. Харьков: «Фолио», 2003, http://yanko.lib.ru.
21. Пауль Тиллих: МУЖЕСТВО БЫТЬ, Перевод Т.И.Вевюрко, Избранное. М.: "Юрист", 1995, http://www.psylib.org.ua.
22. Так же.
23. Лифинцева Т.П. Категория «мужество быть» П.Тил-



Scanned with CamScanner

лиха: онтология, теология, этика, http://iph.ras.ru.
24. Мужество и трусость, http://www.easyschool.ru.
25. Так же.
26. Пауль Тиллих: МУЖЕСТВО БЫТЬ, Перевод Т.И.Вевюрко, Избранное. М.: "Юрист", 1995, http://www.psylib.org.ua.
27. Мужество и трусость, http://www.easyschool.ru.
28. Так же.
29. Ницше Фридрих: Воля к власти. Опыт переоценки всех ценностей,перевод, Герцык Е , http://www.e-reading.club.
30. Н.А.Бердяев: ТРАГЕДИЯ И ОБЫДЕННОСТЬ, http://www.vehi.net.
31. Хайдеггер М. Бытие и время , Пер. с нем. В.В. Бибихина. Харьков: «Фолио», 2003, http://yanko.lib.ru.
32. Фридрих Ницше: ТАК ГОВОРИЛ ЗАРАТУСТРА, Перевод В.В.Рынкевича под редакцией И.В.Розовой,М.: "Интербук", 1990, http://www.psylib.org.ua.
33. Хайдеггер М. Бытие и время , Пер. с нем. В.В. Бибихина. Харьков: «Фолио», 2003, http://yanko.lib.ru.
34. Muhamad kamal: haidigar u shorsheki falsafi,chap u pakhshi sardam2007, Lapara291.
35. Н.А.Бердяев: ФИЛОСОФИЯ СВОБОДЫ, http://www.vehi.net.
36. Н.А.Бердяев: САМОПОЗНАНИЕ, http://krotov.info.
37. Н.А.Бердяев: ФИЛОСОФИЯ НЕРАВЕНСТВА, http://www.vehi.net.
38. Ницше Фридрих: Воля к власти. Опыт переоценки всех ценностей,перевод, Герцык Е , http://www.e-reading.club.
39. Н.А.Бердяев: САМОПОЗНАНИЕ, http://krotov.info.
40. Н.А.Бердяев : Экзистенциальная диалектика



Scanned with CamScanner

божественного и человеческого, http://www.magister.msk.ru.

41. Так же.

42. Так же.

43. Так же.

44. Так же.

45. М.Хайдеггер: Письмо о гуманизме, Перевод В. В. Бибихина, Москва1993, http://www.philosophy.ru.

46. Дебор Ги: Общество Спектакля,перевод с французского с.офермаса и м. якубович , москва 2000, http://royallib.com.



Scanned with CamScanner

# کتێبە چاپکراوەکانی ئەندێشە

١. بنەڕەتەکانی فەلسەفە-حەمید عەزیز
٢. کورد لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسەکانەوە (چ٢)-فەرهاد پیربال
٣. ڕێبازە ئەدەبییەکان (چ٢)-فەرهاد پیربال
٤. مۆزەخانەی پاکیزەیی (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٥. نەتەوەی ژێرابەکان-جەبار جەمال غەریب
٦. ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کورد(چ٢)-جەعفەر عەلی
٧. سۆفیزم و کاریگەریی لەسەر بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی..-جەعفەر عەلی
٨. مەحوی لەنێوان زاهیریەت و باتینیەت و..-ئەحمەدی مەلا
٩. نهێنییەکانی ژیان (چ٢)-ئۆشۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٠. کورتیلەیەک لە مێژووی کات-ستیڤن هۆوکینگ و لیۆنارد ملۆدیتۆ-و. حوسێن حوسێنی و هیوا عومەر
١١. کۆشک-فرانتس کافکا-و. عەتا نەهایی
١٢. فەصلول مەقال-ئیبن ڕوشد-و. مەریوان عەبدول
١٣. شۆڕشی ئەیلوول لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی ئەمەریکادا-وریا ڕەحمانی
١٤. دەسەڵات و جیاوازی-مەریوان وریا قانع
١٥. لە چ ئێستایەکدا دەژین-مەریوان وریا قانع
١٦. شووناس و ئاڵۆزی-مەریوان وریا قانع
١٧. سیاسەت و دونیا-مەریوان وریا قانع
١٨. جەمشید خانی مامم-بەختیار عەلی
١٩. کەشتیی فریشتەکان (کتێبی ١)-بەختیار عەلی
٢٠. کەشتیی فریشتەکان (کتێبی ٢)-بەختیار عەلی
٢١. لە دیارەوە بۆ نادیار (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٢. وەک باڵندەی ناو جەنگەڵە ترسناکەکان-بەختیار عەلی
٢٣. چێژی مەرگدۆستی (چ٢)-بەختیار عەلی
٢٤. مەعریفە و ئیمان-بەختیار عەلی و هێمن قەرەداغی
٢٥. دۆزی کورد لە بازنەی پەیوەندییەکانی ئەمەریکا و,,,-گۆران ئیبراهیم سالح
٢٦. سەمەرقەند (چ٢)-ئەمین مەعلوف-و. ئەحمەدی مەلا
٢٧. وێستگەیەک لە گەشتێکی فەلسەفی-فاروق ڕەفیق
٢٨. ئەخلاقناسی-تەحسین حەمەغەریب
٢٩.گەشەسەندنی ڕامیاری..-د. ک. پێسچانی-و. د. ئارام عەلی
٣٠. مێژووی کۆنی کورد (چ٣)-جەمال ڕەشید و فەوزیە ڕەشید-و. ملکۆ کەلاری
٣١. منداڵانی گەڕەک-هیوا قادر
٣٢. مرۆڤی یاخی (چ٢)-ئەلبێر کامۆ-و. ئازاد بەرزنجی
٣٣. پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتانی..-هێرش جەوهەر مەجید
٣٤. مێژووی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسی... (چ٢)-فریشتە نورائی-و. هەورامان فەریق کەریم
٣٥. سلێمانی لەنێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٥٨)-توانا ڕەشید کەریم
٣٦. کتێبی پەراوێزنووسان-عەتا محەمەد



Scanned with CamScanner

٣٧. شاری سلێمانی (١٤ی تەممووزی ١٩٥٨-١٧ی تەممووزی ١٩٦٨)-هەورامان جەوهەر مەجید
٣٨. فیک و دونیا (بەرگی ١)-مەریوان وریا قانع
٣٩. فیکر و دونیا (بەرگی ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٠. دین و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤١. کتێب و دونیا (چ٢)-مەریوان وریا قانع
٤٢. کۆمەڵگەی ڕەش-د. عادل باخەوان
٤٣. زستانێکی درێژ-کولم توبین-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٤. فرانسیسکۆس قەدیسی من (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
٤٥. ئاهەنگی تەگەکە-ماریۆ بارگاس یۆسا-و. جەلیل کاکەوەیس
٤٦. شەوی لیشبۆنە-ئێریش ماریا ڕیمارک-و. کەریم پەرەنگ
٤٧. من و ئەو-ئەلبێرتۆ مۆرافیا-و. کارزان عەلی
٤٨. میرنامە (چ٢)-جان دۆست-و. سەباح ئیسماعیل
٤٩. ڕوخسارە بەندکراوەکەم-لەتیفە-و. ڕووناک شوانی
٥٠. قەپێلک-مستەفا خەلیفە-و. هەورامان وریا قانع
٥١. خەونی پیاوە ئێرانییەکان و کەوتنی بۆرە قەلا (چ٢)-ماردین ئیبراهیم
٥٢. گرگن-پێتر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٣. ١٩٨٤ (چ٢)-جۆرج ئۆروێل-و. حەکیم کاکەوەیس
٥٤. سوور و ڕەش-ستاندال-و. سیامەند شاسواری
٥٥. دەستنووسە دۆزراوەکەی ئەکرا (چ٢)-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمەد
٥٦. جادەی مێخەک (١)-دلاوەر قەرەداغی
٥٧. جادەی مێخەک (٢)-دلاوەر قەرەداغی
٥٨. ئێوارستان-پێتر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
٥٩. دارستانی نەرویجی-هاروکی مۆراکامی-و. تارا شێخ عوسمان
٦٠. ئێوارەی پەروانە (چ٨)-بەختیار عەلی
٦١. شاری مۆسیقارە سپییەکان(چ٤)-بەختیار عەلی
٦٢. مەرگی تاقانەی دووەم (چ٥)-بەختیار عەلی
٦٣. کۆشکی باڵندە غەمگینەکان (چ٤)-بەختیار عەلی
٦٤. تا ماتەمی گوڵ... تا خوێنی فریشتە (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٥. سێوی سێهەم (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٦. ئاورەکەی ئۆرفیۆس-بەختیار عەلی
٦٧. غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ (چ٢)-بەختیار عەلی
٦٨. ئەی بەندەری دۆست، ئەی کەشتیی دوژمن (چ٣)-بەختیار عەلی
٦٩. دواهەمین هەناری دونیا (چ٨)-بەختیار عەلی
٧٠. ئێمەی پەنابەر-کۆمەڵێک نووسەر
٧١. گرەوی بەختە هەڵاڵە (چ٢)-عەتا نەهایی
٧٢. عێراقییەک لە پاریس-ساموئێل شەمعون-و. سەباح ئیسماعیل
٧٣. جیهانی سۆفیا و فەرهەنگی سۆفیا (چ٦)-یۆستاین گاردەر و ئۆتە بیوهمە-و. بەهرۆز حەسەن
٧٤. کچەی پرتەقاڵ (چ٨)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٥. لە ئاوێنەیەکدا، لە نهێنییەکدا (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٦. کچی بەڕێوەبەری سێرک (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن



Scanned with CamScanner

٧٧. نهێنیی یاریی کاغەز (چ٣)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٨. مایا (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. بەهرۆز حەسەن
٧٩. ئینسایکلۆپیدیایەکی مێژوویی وێنەدار-کۆمەڵێ نووسەر-و. هەورامان وریا قانع
٨٠. فەلسەفەی بوون-د. محەمەد کەمال
٨١. وەک ڕووبارە بەخوڕەکە-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٨٢. دیارییە مەزنەکە-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمەد
٨٣. سێشەممان لەگەڵ مۆری (چ٥)-میچ ئەلبوم-و. جوتیار ژاژڵەیی
٨٤. دوالیزمی دژیەک لە هۆنراوە لیریکییەکانی مەولانای ڕۆمی و..-لهۆن قادر عەبدولڕەحمان
٨٥. ڕووناک وەک ئەوین، تاریک وەک مردن-مەمەد ئۆزون-و. وریا غەفووری
٨٦. کاندید-ڤۆلتێر-و. بەیان سەلمان
٨٧. باوکە گۆریۆ-بەلزاک-و. ئەحمەدی مەلا
٨٨. زێبرا-جەبار جەمال غەریب
٨٩. منداڵی سووتاو-ستیگ داگەرمان-و. دلاوەر قەرەداغی
٩٠. وڕێنە-ئەنتۆنیۆ تابوکی-و. عەتا محەمەد
٩١. مردن لە ڕوانگەی ئایینەکانەوە (چ٢)-بوساحە ئەحمەد-و. دانا مەلا حەسەن
٩٢. گوێ بگرە، پیاوی بچووک (چ٤)-ویلهێلم ڕایش-و. خەبات عارف
٩٣. ڕێبەری کتێبسازە کوژراوەکان-عەتا محەمەد
٩٤. کچە فیلم گێڕەرەوەکە-هێرنان ڕیڤێرا لیتێلیێر-و. عەتا محەمەد
٩٥. باوکی ئەو (چ٢) پەرینووش سەنیعی-و. ڕووناک شوانی
٩٦. داوێنپیسی-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
٩٧. کیمیاگەر (چ٤)-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمەد
٩٨. ڕۆژهەڵاتی عەدەن، ڕۆژئاوای خودا-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
٩٩. خۆشی پیشەی من نییە (چ٢)-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠٠. خیانەت لە نیشتمانەکەم دەکەم-محەمەد ماغوت-و. حسەین لەتیف و کارزان عەلی
١٠١. ڕۆژژمێری کیژۆلەیەک-ئان فرانک-و. عەلی عوسمان یاقووب
١٠٢. جیهانی ڕۆمان-د. هاشم ئەحمەدزادە
١٠٣. ئەفرەت لە دۆستۆیڤسکی (چ٢)-عەتیق ڕەحیمی-و. ئازاد بەرزنجی
١٠٤. فایدۆن (چ٢)-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٥. گورگیاس (چ٢)-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٦. سیاتیتوس-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٠٧. مەسیح لەخاچ دەدەنەوە (چ٢)-نیکۆس کازانتزاکیس-و. دلاوەر قەرەداغی
١٠٨. تۆ مەچۆ بۆ شەڕ (چ٢)-ماردین ئیبراهیم
١٠٩. سەگوەڕ (چ٧)-محەمەد موکری
١١٠. چاوەکانی (چ١٣)-بوزورگ عەلەوی-و. ئازاد بەرزنجی
١١١. A-6171 من لە ئاوشفیتز دەرباز بووم-فێرێنک گوێندوێر-و. عەتا محەمەد
١١٢. باراباس-پێر لاگەرکڤیست-و. خەبات عارف
١١٣. تولە (چ٥)-محەمەد موکری
١١٤. سلاو؟ کەس لەوێیە؟ (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمەد
١١٥. هیچ (چ٢)-کۆچەر ئەبوبەکر
١١٦. هەورەکانی دانیال (چ٢)-بەختیار عەلی
١١٧. ئێمە زەریامان بەزاند-جولی ئوتوسکا-و. دلاوەر قەرەداغی

١١٨. به ناوی ژیانەوە (چ٥)-ئەریک فرۆم-و. ئازاد بەرزنجی
١١٩. لەودیو هەستەکانەوە-ڤینسینت رایان رۆگیرۆ-و. هەرێم هادی
١٢٠. کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعشدا-د. بورهان أ. یاسین
١٢١. دڵڕەقی و بێماڵی-مەریوان وریا قانع
١٢٢. دزێکی ڕاستگۆ-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. کاروان مەحمود
١٢٣. تیمساح-فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی-و. کاروان مەحمود
١٢٤. سۆفیست-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٥. نهێنیی کریسمس (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمەد
١٢٦. چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی-د. کەساس جەباری
١٢٧. دوایین ڕۆژەکانی سۆکرات-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٢٨. یەکەمین مەکتووب-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
١٢٩. ئاگرەکەم مەسڕنەوە-ئازاد سوبحی
١٣٠. تامیتامی-ئەنتوان چیخۆف-و. دلاوەر قەرەداغی
١٣١. کۆلۆنێل-مەحموود دەوڵەت ئابادی-و. ئازاد بەرزنجی
١٣٢. کێشەی بوونی مرۆڤ-ئومێد حەمەعەلی
١٣٣. شەوانی ئادەم-بەیان سەلمان
١٣٤. قەموورەکەی نۆتر دام-ڤیکتۆر هیگۆ-و. جەوهەر مەحمود داراغا
١٣٥. بەدوای عەشقا (چ٢)-بەهجەت یەحیا
١٣٦. دەربارەی باوکە گۆریۆ-و. حەمەکەریم عارف
١٣٧. دەربارەی برایانی کارامازۆف-و. حەمەکەریم عارف
١٣٨. دەربارەی بێنەوایان-و. حەمەکەریم عارف
١٣٩. دەربارەی داستانی ئیلیادە-و. حەمەکەریم عارف
١٤٠. دەربارەی دۆن کیشۆت-و. حەمەکەریم عارف
١٤١. دەربارەی شەڕ و ئاشتی-و. حەمەکەریم عارف
١٤٢. دەربارەی دیکامیرۆن-و. حەمەکەریم عارف
١٤٣. دەربارەی فاوست-و. حەمەکەریم عارف
١٤٤. دەربارەی کاندید-و. حەمەکەریم عارف
١٤٥. دەربارەی کۆمیدیای یەزدانی-و. حەمەکەریم عارف
١٤٦. دەربارەی هاملێت-و. حەمەکەریم عارف
١٤٧. هەتا چاو بڕ بکات... تاریکی-فەرهاد مستەفا
١٤٨. جوانییەکانی تارێکی-بەختیار عەلی
١٤٩. ڕەخنە لە ئەقڵی فاشیستی-بەختیار عەلی
١٥٠. نەرسیسی کوژراو-بەختیار عەلی
١٥١. یادەوەری و زەمەن-بەختیار عەلی
١٥٢. ئیمان و جەنگاوەرانی (چ٢)-بەختیار عەلی
١٥٣. قەڵەندەر و قەڵا-یەحیا یەسریبی-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٤. ئاوریشم (چ٣)-ئەلێساندرۆ باریکۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٥. ئەفسانەی ١٩٠٠ یان نۆڤێچێنتۆی پیانۆژەن (چ٢)-ئەلێساندرۆ باریکۆ-و. ئازاد بەرزنجی
١٥٦. کوشتنی باڵندەی لاساییکەرەوە-هارپەر لی-و. لۆنا دڵشاد مەریوانی
١٥٧. شەوگەرەکان-میران ئەبراهام
١٥٨. دەبێت شتێک بگێڕمەوە-باران

Scanned with CamScanner

١٥٩. نامەکانی فێرناندۆ-ئەژین عەبدولخالق
١٦٠. پرۆتاگۆراس-ئەفلاتوون-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٦١. ڕۆژانێک من ئۆکۆردیۆنم دەژەند-دلاوەر قەرەداغی
١٦٢. لەبارەی ئیسلام و جیهانگیری و خۆرئاواوە-د. شاکر نابلوسی-و. شوان ئەحمەد
١٦٣. مارتن لوتەر-د. هاشم سالح-و. شوان ئەحمەد
١٦٤. هەزار و یەک شەوە (چ٣)-و. جەوهەر مەحمود داراغا
١٦٥. کاتێک ماسییەکان تینوو دەبن-حەلیم یوسف-و. سەلاحەدین بایەزیدی
١٦٦. هانی سالح، ئەوە چاوم و پێی بروانە-یاشار کەمال-و. ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل
١٦٧. ئەسپێک لە پەڕەی گوڵاڵە (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٦٨. دەربەندی پەپوولە (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٦٩. خێراکە... مردن خەریکە بگات! (چ٢)-شێرکۆ بێکەس
١٧٠. خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێ (چ٣)-شێرکۆ بێکەس
١٧١. یادەوەریی پاسکیلێکی کەرکوکی-شێرکۆ بێکەس
١٧٢. ژیان و ئەزموونی شیعریم-ئەدۆنیس-و. شوان ئەحمەد
١٧٣. پارادۆکسی نووسین (چ٢)-ڕەبیع جابر-و. شوان ئەحمەد
١٧٤. پیاوێکی تێکشکاو (چ٢)-تاهیر بن جەللون-و. ئازاد بەرزنجی
١٧٥. نامۆ-ئەلبێر کامۆ-و. سەلاحەدین بایەزیدی
١٧٦. لەبارەی ئازادییەوە-جۆن ستیوارت میل-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٧٧. گوزەرێک بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو (چ٢)-نیکۆلاس سپارکس-و. بەرزان عوسمان
١٧٨. دابڕانی ئیپستمۆلۆژی لە فیکر و ژیاندا (چ٢)-د. هاشم سالح-و. شوان ئەحمەد
١٧٩. لە قووڵاییی سیاسەتدا-د. بورهان أ. یاسین
١٨٠. شیعر بۆ ترسنۆکەکان نییە!-نیلس هاو-و. ئالان پەری
١٨١. حەللاج-عەباس ئەرنائوت-و. ئازاد بەرزنجی
١٨٢. پاسە شینەکە-هیوا قادر
١٨٣. وەهمێک-ڕیچارد داوکینز-و. نوری کەریم
١٨٤. ڕێگە-نەجیب مەحفوز-و. کارزان عەلی
١٨٥. نوختەی نوونەکەی ژیان-فەرهاد شاکەلی
١٨٦. کۆشکی بۆق (چ٢)-یۆستاین گاردەر-و. سیروان مەحمود
١٨٧. زۆر تایبەت-عەباس مەعروفی-و. ڤیدا قادری
١٨٨. ئافاتەکانی بنەماڵەی مێخەک (چ٢)-عەتا محەمەد
١٨٩. گێلاسی خوێن (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٠. گەشتە تیوارەکانی میر بە تەنیاییدا (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩١. فەهرەست (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٢. خواجە نەسرەدین، کە لەپێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت (چ٢)-عەتا محەمەد
١٩٣. تیۆریی ئەدەبی-تێری ئیگڵتن-و. عەتا قەرەداغی
١٩٤. ماڵی بێدەنگ-ئۆرهان پاموک-و. سامان کەریم
١٩٥. چیرۆکەکانی کریسمس-پاولۆ کۆیلۆ-و. سیروان مەحمود
١٩٦. بەکولتوورکردنی خوێندنەوە-محەمەد فەریق حەسەن
١٩٧. کەوتنی ئاسمانەکان-جەبار جەمال غەریب
١٩٨. پەیمانی کۆمەڵایەتی-جان جاک ڕۆسۆ-و. ئاوات ئەحمەد سوڵتان
١٩٩. سەد ساڵ تەنیایی (چ٢)-گابرێل گارسیا مارکێز-و. ئەحمەدی مەلا

Scanned with CamScanner

٢٠٠. شەقامی دوکانە تاریکەکان-پاتریک مۆدیانۆ-و. بەیان سەلمان
٢٠١. مرۆڤ و کەرامەت-مەریوان وریا قانع
٢٠٢. ژیان و بەرهەمەکانی سادق هیدایەت-حەسەن قائمیان-و. فەرشید شەریفی
٢٠٣. ئایین و مەعنەوییەت-موستەفا مەلەکیان-و. موسعەب ئەدهەم (ئەندیشەی ئایین)
٢٠٤. کەشتیی فیکر و دەریای مەعنەوییەت-تەحسین حەمەغەریب (ئەندیشەی ئایین)
٢٠٥. پێپ گواردیۆلا (چ٢)-گایلۆم بالاگێ-و. ئەحمەد سەنگاوی (ئەندیشەی وەرزش)
٢٠٦. پەرەسەندنی فیزیا-ئالبێرت ئاینیشتایین و لیۆپۆلد ئینفلد-و. حوسێن حوسێنی (ئەندیشەی زانست)
٢٠٧. تیۆریی ڕێژەیی چییە؟-لانداو، ڕومەر-و. حوسێن حوسێنی (ئەندیشەی زانست)
٢٠٨. ئالبێرت ئاینیشتایین-جینیفێر جولیەن ئاندرسن-و. حوسێن حوسێنی (ئەندیشەی زانست)
٢٠٩. عەلائەدین-کارین کرێیدەر-و. شەن شیروان (مندالانی ئەندیشە)
٢١٠. دەمبۆ-والت دیزنی ستودیۆ-و. شەن شیروان (مندالانی ئەندیشە)
٢١١. سێ ورچەکە-ڕۆب هێفێران-و. شەن شیروان (مندالانی ئەندیشە)
٢١٢. سیمبا-جەستین کۆرمان-و. شەن شیروان (مندالانی ئەندیشە)
٢١٣. سێ بەرازە بچکۆلەکە-والت دیزنی ستودیۆ-و. شەن شیروان (مندالانی ئەندیشە)
٢١٤. تەنز-سلاڤۆمێر مرۆژێک-و. خەبات عارف
٢١٥. پاپالانگی: پیاوە سپییەکە-ئێریش شێورمان-و. خەبات عارف
٢١٦. ئەو پێنج کەسەی لە بەهەشت دەیانبینیت (چ٢)-میچ ئەلبوم-و. جوتیار ژاژلەیی
٢١٧. تەنیا یەک ڕۆژی تر (چ٢)-میچ ئەلبوم-و. لۆنا دلشاد مەریوانی
٢١٨. نایادەوەری-ئەندرێ مالرۆ-و. دلاوەر قەرەداغی
٢١٩. گەشتێک بە ڕۆحی شاری مۆسیقارە سپییەکاندا-هەورامان ئەنوەر
٢٢٠. کلیلەکەی سارا-تاتیانا دی ڕۆزنێ-و. هەوار جەوهەر و جەوهەر مەحمود داراغا
٢٢١. لێکۆڵینەوەیەک لە سۆسیۆلۆژیای ئیسلام-د. عەلی شەریعەتی-و. دانا مەلا حەسەن
٢٢٢. هێزی ئەدەب-ڕەبیع جابر-و. شوان ئەحمەد
٢٢٣. عیرفان، باغێک لە حەقیقەت-موسعەب ئەدهەم (ئەندیشەی ئایین)
٢٢٤. عیشق گەورەتر لە عیشق-موسعەب ئەدهەم (ئەندیشەی ئایین)
٢٢٥. مرۆڤی خودا ڕەنگ-سەلمان نادر (ئەندیشەی ئایین)
٢٢٦. ستیڤن هۆوکینگ-کارین لاتچانا کینی-و. حوسێن حوسێنی (ئەندیشەی زانست)
٢٢٧. دەروازەیەک بۆ زانستی نانۆ و تەکنەلۆجیای نانۆ-د. خالید محەمەدعومەر (ئەندیشەی زانست)
٢٢٨. تیۆرییەک بۆ هەموو شت-ستیڤن هۆوکینگ-و. حوسێن حوسێنی (ئەندیشەی زانست)
٢٢٩. زەویناسی و کۆمەڵ-د. ئیبراهیم محەمەد جەزا محیدین (ئەندیشەی زانست)
٢٣٠. گەشتەکات بە زمانی سادە-ماری و جۆن گریبین-و. زەردەشت نورەدین (ئەندیشەی زانست)
٢٣١. من زلاتانم-دەیڤد لاگێر کرانتز-و. مەسعوود حەسەن (ئەندیشەی وەرزش)
٢٣٢. زمان و شیعریەت-ئارام سدیق
٢٣٣. خۆرخێ مێندیس-میگێل کۆستا و جۆناسان سانچێز-و. ئەحمەد سەنگاوی (ئەندیشەی وەرزش)
٢٣٤. من ترس ڕۆحی سمیوم-محەمەد ماغوت-و. شوان ئەحمەد
٢٣٥. ئەفسوونی ئەدەب-نزار ئاگری-و. شوان ئەحمەد
٢٣٦. میرۆکە-ئەنتوان دو سانت ئێگزیوپێری-و. لیۆن کارین

Scanned with CamScanner

٢٣٧. ژنێ لە بەردەم وەرزێکی سارددا (چ٤)-فروغ فەرەخزاد-و. ئازاد بەرزنجی
٢٣٨. عاشق هەمیشە تەنیایە (چ٤)-سوهراب سپهری-و. ئازاد بەرزنجی
٢٣٩. مێردی هەمیشەیی-فیۆدۆر دۆستۆیفسکی-و. کاروان مەحمود
٢٤٠. قومارچی (چ٢)-فیۆدۆر دۆستۆیفسکی-و. جەوهەر مەحمود داراغا
٢٤١. مەرگی مەیموون-ماردین ئیبراهیم
٢٤٢. تاڤگەی وشە و هەڵوێست (نامەکانی شێرکۆ بێکەس)-ئا. کامەران سوبحان
٢٤٣. دیوانی موفتی پێنجوێنی-مەلا عەبدوڵڵای تووتنچی-ئا. ئومێد ئاشنا و کامیل عەبدوڵلا کەریم
٢٤٤. دەروازەیەک بۆ ناساندنی فەلسەفەی دین-تەحسین حەمەغەریب (ئەندێشەی ئایین)
٢٤٥. ڕۆژ و شەوی یوسف-مەحموود دەوڵەت ئابادی-و. بەرزان محەمەد
٢٤٦. بومەلەرزەکان-جانیس ڤانکلیف-و. هێمن حوسێن (ئەندێشەی زانست)
٢٤٧. ڕەنگی ئەرخەوانی-ئالیس واکر-و. عەلی عوسمان یاقووب
٢٤٨. نامەی منالان بۆ خوا-ئا. ستوارت هامپل و ئێریک مارشال-و. ئازاد بەرزنجی
٢٤٩. فریو و خۆحەشاردان (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٠. تارژەنی ڕەنگ (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥١. زارەکانی خەون (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٢. پاشماوەی خێڵەکان (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٥٣. ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٥٤. قەڵای سپی (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٥٥. ژیانی من-سێر ئالێکس فێرگسۆن-و. ڕێبوار محەمەد (ئەندێشەی وەرزش)
٢٥٦. ئایینناسیی مەولانا-د. عەبدولکەریم سرووش-و. موسعەب ئەدهەم (ئەندێشەی ئایین)
٢٥٧. ئەژدیهاکانی عەدەن-کارل ساگان-و. ڕۆژگار حەمید (ئەندێشەی زانست)
٢٥٨. نامە بۆ کچەکەم-تیۆدۆر کالیفاتیدێس-و. دلاوەر قەرەداغی
٢٥٩. خەونی مشکەکان و پیاوەکان-جۆن شتاینبێک-و. شێنێ بۆسکانی
٢٦٠. لۆلیتا (چ٢)-فلادیمێر نابۆکوف-و. توانا حەمەنووری
٢٦١. من ناوم سوورە (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٢. ڕابەرانی هزری کۆمەڵایەتی-د. ئیحسان محەمەد ئەلحەسەن-و. دانا مەلا حەسەن
٢٦٣. جۆناسانی نەورەس (چ٣)-ڕیچارد باخ-و. ئازاد بەرزنجی
٢٦٤. پیاوێکی بێچارەنووس-ئیمرە کیرتێز-و. رووناک شوانی
٢٦٥. بەفر (چ٣)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٦. ژنە قژسوورەکە (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. سامان کەریم
٢٦٧. ژنێک بۆ خۆشویستن (چ٢)-تیۆدۆر کالیفاتیدێس-و. دلاوەر قەرەداغی
٢٦٨. مۆزەخانەی پاکیزەیی (چ٢)-ئۆرهان پاموک-و. بەکر شوانی
٢٦٩. گەڕانەوەی زەردەشت-ئەحمەدی مەلا
٢٧٠. پاسەوانانی خودا (چ٢)-عەتا محەمەد
٢٧١. تاکسی (چ٢)-خالد ئەلخەمیسی-و. سەباح ئیسماعیل
٢٧٢. هەرەسی ژێرخانێک-نەوزەت شەمدین-و. سەباح ئیسماعیل
٢٧٣. فەلسەفەی ئومێد-ئومێد حەمەعەلی

Scanned with CamScanner

فەلسەفەی ئومێد هێزی خۆی لە نائومێدییە گەورەکانەوە دەست خستووە. ئەو ئاسۆ و شەبەقە بچووکانەیە کە بینین و تەبەنیکردنیان ئەشێ گۆڕانکاریی بنچینەیی لە ژیانی مرۆڤدا پێک بهێنێت. نائومێدترینمان ئەوانەن خودکوژی ئەنجام دەدەن، بێئاگا لەوەی جەوهەری ئەم کردەیە چاوەڕاوانیکردنی جۆرێکی جیاوازی ئارامییە، ئەم کردەیە لە بناغەدا فۆرمێکی دیکەی ئومێدە. لێرەبوون بە هەموو نیگەرانی و نائومێدییەکانیەوە بەرزترین ئاستی ئەزموونکردنی بوون و ژیانە لە دۆخێکی ئاگامەندانەی شایاندا. لێرەبوون بەو ناوەرۆکە بەرزەوە ئومێدی هەمیشەییی ناو نائومێدییە گەورەکانی دونیایە. چەمکەکانی ئازادی، ئەخلاق، جوامێری و دادپەروەری و هەموو ئەو چەمک و بنەمایانەی ئەتوانن بونیادی دۆخێکی باشتری بوون و ژیانی مرۆیی بن لە هەناوی فەلسەفەی ئومێدەوە ڕسکاون و بەردەوام وزە بە ڕەگەزە سستەکانی ژیان دەدەنەوە.



ENDESE

٥٠٠٠ دینار

Scanned with CamScanner